رووداو
RÛDAW
ژمارە (498) دووشەممە 2018/3/26 - 6ی نەورۆزی 2718 (750) دینار

# "عەبادی بەڵێنی داوە مانگانە 317 ملیار دینارەکە بنێرێ"

**رووداو– سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا دەستکاریی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران بکات، بەڵام بەو مەرجەی بەغدا بەردەوام بێ لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی نارد، پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێت "سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی داوە مانگانە مووچە بنێرێ".

ڕۆژی 2018/3/25 لە هەرچوار پارێزگاکەی باشووری کوردستان خۆپیشاندانی نارەزایەتی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و بەڕێوەچوو. خۆپیشاندانەکان لە کاتێکدابوون کە ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەدا بوو. دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە، حکومەت راگەیەنراوێکی دەرکرد و رایگەیاند "ئەگەر بەغدا مانگانە بەردەوام بێت لە ناردنی ئەو بڕە پارەیەی کە 317 ملیار و 540 ملیۆن و 465 هەزار دینارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ دەستکاریی پاشەکەوتی مووچە دەکات".

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ حەیدەر عەبادی و گفتوگۆکردنمان لەگەڵی، بەپێی ئەو لێدوانانەی رۆژانە دەیدات بەغدا مانگانە ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە دەکات".

2»



**کورد لە سەردەمی پرۆتێکشینیزمدا..**
**گەڕان بۆ هاوبەشی ئابووری نەک سیاسی**
هێمن لهۆنی
14

**تورکیا 30 گوندی باشووری کوردستان داگیر دەکات**
4

**مەکتەبی سیاسییەکەی کۆدەبێتەوە**
**یەکێتی دەیەوێ نیگەرانییەکانی تورکیا بڕەوێنێتەوە**
3

## لە بەرامبەر کشانەوەی گەریلا لە شنگال

# حکومەتی عێراق 3000 چەکدار بۆ پەکەکە دادەمەزرێنێ

وێنەکانی ئۆجەلان و ئاڵای یەبەشە لە شنگال هەر دەمێنن

4



وزە 9

**داهاتووی وزەی عێراق لە هەرێمی کوردستانە**



تاراوگە 11

**کچێکی کورد لەڕێی کۆچ عاشقی کوڕە ئەفغانێک دەبێت**

کۆمەڵایەتی 13

**باندێکی نێربازی دەستگیر دەکرێن و گەنجێکیش لەناو زیندان دەخنکێت**



ڕاپۆرت 6

**10 ملیۆن تۆن پاشماوەی باڵەخانە وێرانبووەکان لە مووسڵدان**



## وەزارەتی ئەوقاف ژمارەی حاجییانی ئەمساڵ ئاشکرادەکات

**ڕووداو - هەولێر**

شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عومرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بۆ ئەمساڵ 4867 کەس بە مەبەستی ئەنجامدانی فەریزەی حەج سەردانی سعودیە دەکەن. شێخ قاسم بەرزنجی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند، ئەوە ژمارەی هەموو شاندەکەیە، چونکە لەو ژمارەیان بەشێکیان سەرپەرشتیار، تیمی پزیشکی، تیمی میدیایی، رێنیشاندەری ئایینی و ئیدارین. بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە ئاماژەی بەوەشکرد، نووسراویان بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان کردووە، کە ناوی 100 کەس لە کەسوکاری شەهیدانیان بۆ رەوانە بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەمساڵ فەریزەی حەج ئەنجامبدەن.





# "عەبادی بەڵێنی داوە مانگانە 317 ملیار دینارەکە بنێرێ"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دواجار بڕیاری دا دەستکاریی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران بکات، بەڵام ئەو بەڵێنەی گرێداوە بەئومێدێکەوە کە لە بەغداوە دێت "ئەگەر بەغدا مانگانە بەردەوام بێت لە ناردنی ئەو بڕە پارەیە کە 317 ملیار و 540 ملیۆن و 465 هەزار دینارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ داهاتی نەوت و ناوخۆ، دەستکاریی پاشەکەوتی مووچە دەکات". ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی داوە ئەو بڕە پارەیە مانگانە بنێرێ".

ڕۆژی 2018/3/25 لە هەرچوار پارێزگاکەی باشووری کوردستان خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و بەشێک لە فەرمانبەران بەڕێوەچوو. خۆپیشاندەران داوایانکرد پاشەکەوت لەسەر مووچەکانیان هەڵبگیرێ، هەر ئەوەشیان کردە مەرجی دەوامکردن. خۆپیشاندانەکان لە کاتێکدابوون کە ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەدا بوو بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی چاوخشاندنەوە بە پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران تاوتوێ بکەن.

د.فرسەت سۆفی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، باسی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گاز دەکات و پێیوایە دۆخەکە لەوە زیاتر هەڵناگرێ و دەبێ حکومەت هەرچی زووە بژێویی فەرمانبەران باشتر بکات "بەڵام بڕیاری ئاشکراکردنی هەموو سەرچاوەکانی داهات لەلایەن حکومەتەوە، بڕیارێکی زۆر گرنگە و ئیدی دەبێ خەڵک تێبگەن کە حکومەت چەندی دەستدەکەوێ و چۆن خەرجی دەکات".



دوو ڕۆژی دیکە حکومەت داهاتەکانی ئاشکرا دەکات

دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە، حکومەت راگەیەنراوێکی دەرکرد و رایگەیاند "وەک بەر لە جەژنی نەورۆز بڕیارمان دابوو کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر پاشەکەوتی مووچە بکرێ، ئەمڕۆ 2018/3/25 کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا..... ئەگەر بەغدا مانگانە بەردەوام بێت لە ناردنی ئەو بڕە پارەیەی کە 317 ملیار و 540 ملیۆن و 465 هەزار دینارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ دەستکاریی پاشەکەوتی مووچە دەکات بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندیی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بێت".

بەپێی راگەیەنراوەکە، وەزارەتی دارایی راسپێردراوە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەپێی داهات خشتەی نوێی مووچە ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت تاوەکو مووچەی داهاتوو بەو خشتە نوێیە دابەش بکرێ.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ، بەپێی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ حەیدەر عەبادی و گفتوگۆکردنمان لەگەڵی، بەپێی ئەو لێدوانانەی ڕۆژانە دەیدات "بەغدا مانگانە ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە دەکات". ناوبراو هەروەها دەڵێ "317 ملیار دینارەکە، بەلای بەغداوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە و لە کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەش حەیدەر عەبادی گوتی، ئەگەر دەست بە ناردنی پارەی مووچە بکەم بۆ هەرێمی کوردستان، بەردەوام دەبم لەسەری". ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق، رەتیدەکاتەوە ئەوەی بەغدا نادرووییەتی بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان بێت "ئەوە تەنیا مووچەی فەرمانبەرانە و ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە مانگانە ئەو پارەیە رەوانە بکات".

بەڵام عوسمان گوڵپی ئەندامی ئەنجوومەنی مامۆستایانی ناڕازی، دەڵێ ئەوان کێشەیان لەگەڵ بەڵێنەکان هەیە و ئەزموونەکانی رابردوو لەبارەی زۆر بەڵێندانەوە متمانەی بۆ نەهێشتوون "ئەوەی حکومەت رایگەیاندووە هێشتا لای ئێمە وەک بەڵێن سەیر دەکرێ و کێشەکە ئەوەیە ئێمەش متمانەمان بە بەڵێن و بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەماوە".

خۆپیشاندان و بایکۆتی مامۆستایانی ناڕازی، وەک ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی مامۆستایانی ناڕازی باسیدەکات بەردەوام دەبێ تاوەکو ئەوکاتەی بەڵێنەکەی حکومەت دەبێتە کردار. گوڵپی گوتی "ئەگەر شێوازی گۆڕانکارییەکان لە پاشەکەوتی مووچە بە جۆرێک بێت لە بەرژەوەندی خەڵک بێت، بێگومان کاریگەریی لەسەر مامۆستایان و فەرمانبەران دەبێ بایکۆت بشکێنن، بەمەرجێک لە کاتی خۆیدا مانگانە دابەش بکرێ".

ڕەسول رازی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند، " خەرجکردنی مووچە، مافێکی رەوای فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە، ئەرکێکی ئەخلاقیی حکومەتی ئیتیحادییە، پێویستە لەسەری خەرجی بکات، ئەم بابەتە نابێت تێکەڵ بە پرسی سیاسی بکرێت".

بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارەی دەوڵەتی یاسا :"بەهۆی پەسەند نەکردنی بودجە بەتەواوی، حکومەتی عێراقی کاری بە خەرجکردنی یەک لەسەر دوازدەی بودجەی کردووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبێت لە خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و وردبینیکردن".

## رایان دیلن، گوتەبێژی هێزی هاوپەیمانان لە شەڕی دژی داعش:

# ئۆپەراسیۆنی عەفرین کاریگەریی لەسەر شەڕی دژی داعش هەبووە

**عەلی زەڵمی**
**ڕووداو - هەولێر**

رایان دیلن، گوتەبێژی هێزی هاوپەیمانان لە شەڕی دژی داعش رایگەیاند کە ئۆپەراسیۆنی عەفرین کاریگەریی لەسەر شەڕی دژی داعش هەبووە.

دیلن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان بەردەوامن لە دابینکردنی راهێنانی ئەمنی و راوێژ لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و "هێزە لۆکاڵییە کوردییەکان" بە ئامانجی ئەوەی کە "بتوانن ڕێ لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرن لەو ناوچانەی کە ئازاد کراون".

ئەو گوتی کە هەموو ناوچەکانی عێراق لە داعش پاککراونەتەوە، بەڵام هێشتا هەڕەشە ماون و ئەوان لەگەڵ هەموو هێزە ئەمنییەکانی عێراق کار دەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە داعش نەتوانێت بگەڕێتەوە، بە تایبەتیش کە هەڵبژاردن لەپێشە.

گوتەبێژی هێزی هاوپەیمانان لە شەڕی دژی داعش لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ڕەوشی سووریا تا چەند لەبارە بۆ بەهێزبوونەوەی داعش، گوتی کە ئەو ڕێکخراوە ئێستا لە بەشی ڕۆژئاوای فورات توانیویەتی خۆی ڕێکبخاتەوە و هەندێ ناوچەیان لە باشووری دیمەشق کۆنترۆڵ کردووە. بەڵام تەئکیدی کردەوە کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات بەردەوام دەبن لە کاری هاوبەش بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داعش نەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە.

ئەو ئاماژەی بە ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیاش کرد بۆ سەر عەفرین کە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر هەوڵەکانی بنەبڕکردنی داعش لەناو سووریا هەبووە و گوتی "گومان لەوەدا نییە ئەوەی لە عەفرین ڕوویدا کە بەشێکی دیکەی خوێناوییە لە مێژووی نوێی سووریا. ئەوە تراژیدیایەکی مرۆییە. گومان لەوەدا نییە چوونی هەندێک لە چەکدارانی هێزەکانی سووریای دیموکرات پێشڕەویی ئێمەی هێواش کردووەتەوە دژی ئەو چەکدارانەی داعش کە لە سووریا ماونەتەوە".

گوتیشی: "ئێمە توانایەکی بەرگریی سنووردارمان هەیە بۆ چوونە ئەو شوێنانەی داعش، بەڵام بەردەوامین لە بۆردومانکردنی ورد و هەڵەکانی داعش دەقۆزینەوە..".

ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس لە عەفرین و بڵاوبوونەوەی گرووپە توندڕەوە چەکدارەکان لە عەفرین دۆخێکی نائاسایی دروستکردووە لە ناوچەکەدا، ئاخۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی چ کارێک دەکات بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو دۆخە؟

رایان دیلن گوتی: "ئێمە لەو ناوچانە کاردەکەین کە لە دەستی داعش رزگارکراون، بەتایبەتی لە دۆڵی ڕووباری فورات و لە رەققە و منبج و کۆبانێ و تەبقە.. کاتێک ناوچەکان لە داعش رزگار دەکرێن، لەوێ هێزی ئەمنی ناوچەیی هەن کە دادەمەزرێن، راهێنانیان پێدەکرێت، پرچەک دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگا بە داعش نەدەن بگەڕێتەوە".

دیلن سەبارەت بەوەش کە ئایا هیچ ڕێککەوتنێک هەیە لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی داعش بۆ کشانەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە منبج لە بەرامبەر رازیکردنی تورکیا بۆ هێرشنەکردنە سەر کۆبانێ و قامشلۆ؟ گوتی: "پێموایە گفتوگۆیەکی دیپلۆماسی هەیە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە هەوڵە سەربازییەکانەوە هەیە، ئێمە پابەند دەبین بە راهێنان و پێدانی راوێژ و پاڵپشتیکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات. ئەنجوومەنی سەربازیی منبجیش وەک نموونە، ئێمە هێزمان لەوێ هەبووە و لە ماوەی 16 مانگی رابردووشدا لەوێ بووین بۆ ئەوەی داعش نەتوانێت بگەڕێتەوە".

دیلن گوتی کە ئەوان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پلانە بەردەوام دەبن.

## شەڕڤانانی بیانیی یەپەگە:

# بۆ ئەم جۆرە شەڕەی عەفرین ئامادە نەبووین

**ڕووداو - هەولێر**

دوو مانگ لەمەوبەر ئۆلیڤەر لو کلاینش، شەڕڤانێکی فەرەنسیی یەکینەکانی پاراستنی گەل، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا رایگەیاند: "لە رەققە شەڕی داعشمان کرد، ئێستاش لە عەفرین لە دژی تورکیای فاشیست شەڕ دەکەین". مانگێک دوای بڵاوکردنەوەی پەیامە ڤیدیۆییەکە، کلاینش لە عەفرین گیانی سپارد و بووە سێیەم شەڕڤانی ڕۆژئاوایی کە لە شەڕی بەرگریی عەفریندا گیانیان لەدەستدا.

لە ساڵی 2015ەوە، سەتان بیانی چوونەتە ریزەکانی (یەپەگە) بەشێک لەو شەڕڤانانە هاووڵاتی ئەو وڵاتانەن کە وەکوو تورکیا ئەندامی ناتۆن. بە گوێرەی راپۆرتێکی ماڵپەڕی (دەیلی بیست)، لە ماوەی دوو مانگی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین حەوت شەڕڤانی بیانی گیانیان لەدەستداوە.

هێرشەکانی سەر عەفرین لە کاتێکدا دەستیان پێکرد کە تەنیا سێ مانگ بەسەر رزگارکردنی رەققەدا تێپەڕیبوو، ئەو کات شەڕڤانە بیانییەکان چاوەڕێیان دەکرد بە نەمانی داعش، ئیدی کاتی ئەوە بێت بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، بەڵام هێرشەکانی سەر عەفرین پلانەکەیانی گۆڕی.

لە شەڕی رزگارکردنی رەققەدا، فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان یارمەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و هێزەکانی یەپەگەیان دەدا، بەڵام لە هێرشی عەفریندا هێزە کوردییەکان کرابوونە ئامانجی هێرشی ئاسمانی.

ئالبێرتۆ گارسیا بالێسترۆس، شەڕڤانێکی ئیسپانیی یەپەگە، سەبارەت بە هێرشەکانی عەفرین بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکە دەڵێت "هێرشەکان زۆر خێرا و چاوەڕواننەکراو بوون".

بالێسترۆس پێش شەڕی عەفرین لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققەدا بەشدار ببوو، بەڵام شەڕی عەفرین بەهۆی قەبارەی سوپای تورکیا و قەبارەی پشتگیرییەکانی بۆ هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا جیاواز بوو. شەڕڤانە ئیسپانییەکە ژمارەیەکی زۆر خۆبەخشی نێودەوڵەتیی دیکەشی لە عەفرین بینیبوو "کە لە دۆخێکی خراپدا بوون، چونکە هیچکامیان بۆ ئەم جۆرە شەڕە ئامادە نەبوون".

مانگی شوباتی ئەمساڵ پێنج خۆبەخشی نێودەوڵەتی لە عەفرین کوژران، لە کاتێکدا لە شوباتی 2015 تاوەکو شوباتی 2018 تەنیا 27 شەڕڤانی بیانی لە شەڕی دژی چەکدارانی داعشدا گیانیان لەدەست دابوو.

بەپێی راپۆرتەکەی (دەیلی بیست)، شەڕڤانە کوژراوەکانی شەڕی عەفرین بریتین لە: سامۆئێل پرادا لیۆن (ئیسپانی)،

هاوکەر هیلمارسۆن (ئایسلەندی)، جەیک کلیپش (ئەمریکی)، ئۆلیڤەر لو کلاینش (فەرەنسی)، ئانا کەمبێل (بەریتانی)

جگە لەم پێنج شەڕڤانە ئەورووپی و ئەمریکییە، هێزی ئاسمانیی تورکیا لە تشرینی دووەمی 2017 دوو شەڕڤانی بیانی دیکەشی لە نزیک مەنبج کوشت کە یەکێکیان مایکڵ ئیسرائیل، خەڵکی کالیفۆرنیای ئەمریکا و ئەوەی دیکەیان ئانتۆن لێسشێک (ئەڵمانی) بوو. جیا لەمانە ڕۆژی 17ی ئاداریش، ئالینا سانچێز، کە پزیشکێکی ئەرجەنتینی بوو، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە پارێزگای حەسەکە گیانی لەدەستدا.

### هەمان تەکتیکی داعش

رووکەن رێناس، تەمەن 26 ساڵ و خەڵکی لەندەن، هاوڕێی نزیکی ئانا کەمبڵ بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان. رووکەن ئەو ڕۆژەی بیرە کە ئانا لەگەڵ تیمێک لە شەڕڤانە ئافرەتەکان بەرەو عەفرین دەکەوتەڕێ.

رووکەن لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانیدا باسی دوایین ڕۆژ دەکات کە چاوی بە ئانا کەوت و دەڵێت: "بۆ پشوویەک وەستاین، ئانا گوڵەبەڕۆژەی دەخوارد، کاتێک لێم پرسی بە نیازی چییە، لە وەڵامدا گوتی دەیەوێت شەڕ بکات". رووکەن بیستبووی فەرماندەکانی یەپەگە بە نیازن شەڕڤانە ئافرەتەکان لە شەڕی عەفرین بکشێننەوە، لەبەر ترسیان لە ئەشکەنجە و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان لەلایەن هێزەکانی سەر بە تورکیا.

رووکەن کە خۆی مانگێک لە شەڕی عەفرین بووە، ئەوەی بۆ ئانا باس کردبوو، بەڵام ئانا بە پێکەنینەوە گوتبووی "جارێ با بگەینە ئەوێ، بۆمان دەردەکەوێت مەسەلە چییە"، پاشان دوایین باوەشی گەرمی بە رووکەندا کردبوو، هەفتەیەک دواتریش لە هێرشێکی ئاسمانیی تورکیادا گیانی لەدەستدا. رووکەن دەڵێت "ئانا یەکێک لە ئازاترین ئەو ئافرەتانە بوو کە لە هەموو ژیانمدا بینیبێتم".

رووکەن کە لە خێزانێکی کۆمۆنیست گەورە بووە و ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە هەموو ژیانیدا لەگەڵی بووە، لە مانگی ئەیلولی 2017 رووی لە بەتالیۆنی ئازادیی نێونەتەوەیی ڕۆژئاڤای کوردستان کردبوو. بە گوتەی رووکەن چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا هەمان تەکتیکی داعشیان بەکاردەهێنا، واتە سەنگەرەکانی یەپەگەیان پشتگوێ دەخست و یەکسەر روویان لە بنکەکانی یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) دەکرد.

شەڕڤانەکەی یەپەژە دەڵێت "ئەگەر شەڕڤانێکی یەپەگە (لەلایەن سوپای ئازادەوە) گیرابایە، ئەشکەنجەیان دەدا و دواتر دەیانکوشت، بەڵام بۆ شەڕڤانە ئافرەتەکان ڕەوشەکە زۆر لەوە خراپتر بوو، ئەوەندە قێزەونە کە تەنانەت بێزم نایەت باسی بکەم، چونکە مەسەلەکە تەنیا بەکارهێنانی توندوتیژی نەبوو، بەڵکو دەستدرێژیشی تێدابوو".

رووکەن کە ئێستا لە قامشلۆیە، حەز دەکات لە ڕۆژئاڤا بمێنێتەوە و ئەگەر پێویستی کرد لە شەڕی دیکەدا بەشداری بکات.



لە پەلاماری تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین هەشت شەڕڤانی بیانی بوونەتە قوربانی



## دوو مەرجی بەغدا ڕێگرن لە کردنەوەی ڕێگای هەولێر – کەرکووک

**ڕووداو – هەولێر**

محەممەد عوسمان، پەرلەمانتاری عێراق و نوێنەری کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە بەدواداچوونەکانیان بۆ هۆکاری نەکردنەوەی ڕێگای هەولێر– کەرکووک بەردەوامن و هەموو هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوە حکومەتی عێراقیش بڕیاری کردنەوەی ڕێگاکە بدات .محەممەد عوسمان گوتی "بۆ کردنەوەی ئەو ڕێگایە حکومەتی عێراق دوو داواکاری هەیە یەکەم، چاککردنەوەی لایەکی پردەکەی پردێ. دووەم، بازگەی هەولێر کە لە نزیک شارۆچکەی پردێیە بەبۆچوونی ئەوان زۆر هاتووەتە پێشەوە، بۆیە داوای چوونەدواوەی دەکەن (بە ئاراستەی هەولێر). بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارە، لەسەر ئەو دوو خاڵە تاوەکو ئێستا هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن و بەوجۆرەش کردنەوەی ڕێگاکە دواکەوتووە .

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا تاوتوێ دەکات

# یەکێتی دەیەوێ نیگەرانییەکانی تورکیا بڕەوێنێتەوە

**نەوزاد مەحموود و جەمال ئەحمەد**
**ڕووداو – سلێمانی**

مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، حکومەتەکەی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان تووڕەیە کە ئەو بە "پارتەکەی تاڵەبانی"، نێوی برد، بەڵام ئەوە وەبیرهێنانەوەی برینی کۆن بوو، نەک هۆشداری، چونکە تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مانگی ئابی 2017 کاتێک دوو کارمەندی دەزگای هەواڵگریی تورکیا ناسراو بە (میت) لە قەزای دووکان لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕفێنران، پاشان تورکیا نوێنەری یەکێتی لە وڵاتەکەی دەرکرد. بڕیارە ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی تاوتوێکردنی ئەو پێشهاتە نوێیە کۆببێتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕوونی کردەوە کە لە دوای دەرکردنی نوێنەری حیزبەکەیان لە ئەنقەرە لەلایەن تورکیاوە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا تێکچووە "هەرچەندە شاندێکی ئێمە هەر دوای ڕووداوەکە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لەبارەی دۆخەکە و ڕووداوەکەی دووکانیش کرد، بەڵام وا دیارە هێشتا تورکیا باوەڕ بەوە ناکات کە یەکێتی ئاگای لەو ڕووداوە نییە و دەستی لەوەدا نەبووە".

ئەو سەرکردەیەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ: "ئێمە بە تورکیامان گوتووە پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکانە، وەک چۆن لە ناوچە سنوورییەکانی دەسەڵاتی یەکێتییە، ئاواش لە ناوچە سنوورییەکانی پارتی هەیە و تەنانەت لە نێو خاکی تورکیاش هەن و ڕۆژانە چالاکییان هەیە".

### گۆڕان: مەترسییەکی گەورەیە

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو هەڵوێستە نوێیەی تورکیا بە "مەترسییەکی گەورە" ناودەبات بۆ دابەشکردنی هەرێمی کوردستان و دەشڵێت: "پێویستە عێراق وەڵامی ئەوە بداتەوە".

ڕێبوار بازیانی کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕانیشە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێویستی دەزانێ بە زووترین کات ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کۆببێتەوە و هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە بکات "تورکیا ئەم پارێزگایەی بەوە تۆمەتبار کردووە کە هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکە هەیە، بەڵام پەکەکە لە هەموو جێگایەک چالاکی ئەنجام دەدات و هەیە، لە ناوخۆی تورکیاش هەن. خەڵک لە سلێمانی پشتیوانیی عەفرینیان کردووە خۆ پەکەکە نین، خۆ کوردی ئەورووپا کە هەموو ڕۆژێ خۆپیشاندان دەکەن، هەموویان پەکەکە نین".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە دوای ڕووداوەکەی مانگی ئابی ساڵی ڕابردووەوە، بەرپرسانی یەکێتی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی پەکەکە قسەیان کردووە و داوایان کردووە بیانوو نەدەنە دەست تورکیا تاوەکو تۆپبارانی ناوچەکانیان نەکرێ. لەناو بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشێک لە بەرپرسانی ئەو بزووتنەوەیە هەمان بۆچوونی ئەو سەرکردانەی یەکێتییان هەبووە، بەڵام بەشێک لە سەرکردە و هەڵسوڕاوانی گۆڕان و سەرکردایەتی یەکێتی، ڕایەکی دیکەیان هەیە و پێیانوایە پێویستە لە پشتیوانیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکە بەردەوام بن.

### یەکێتی: تورکیا ڕێگای قەندیلی دەوێ

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان بۆ سلێمانی و هەڕەشەکردن لەم پارێزگایە لەلایەن تورکیاوە "کۆنە قینی ڕووداوەکەی دووکانە" و دەڵێ: "تورکیا لە گێژاودایە، هەر ڕۆژە لایەنێک و حکومەتێک تۆمەتبار دەکات و ئێستاش کە بەرۆکی یەکێتی گرتووە و بڕیاری داوە گەشتە ئاسمانییەکان بەڕووی سلێمانیدا نەکاتەوە، لەلایەک هەوڵی ئەوە دەدات نێوماڵی کورد تێکبدات و هەرێمی کوردستان دابەش بکات و دوو ئیدارەیی دروستببێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕێگا خۆشدەکات بۆ هێرشکردنە سەر قەندیل".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ ئێستا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە تێڕوانینی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و سلێمانی بگۆڕێ. گوتیشی "تورکیا لەو ڕێگایەوە دەیەوێ یەکێتی دوو کاری بۆ ئەنجام بدات، یان شەڕی پەکەکەی بۆ بکات، یان ڕێگای بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر قەندیل، بەڵام بە دڵنیاییەوە یەکێتی هیچکام لەو داوایانە جێبەجێ ناکات".



خۆپیشاندانێک لە سلێمانی بۆ پشتیوانی عەفرین

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

هەر لەو چوارچێوەیەدا بڵێسە جەبار فەرمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕایگەیاند کە بڕیارە ڕۆژی دووشەممە 2018/3/26 مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی لەسەر پرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ تورکیا کۆببێتەوە.

**تورکیا دوو داواکاری هەیە، بەڵام ئێمە جێبەجێی ناکەین**
بەرپرسێکی یەکێتی

لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەو کۆبوونەوەیەدا تاوتوێی ئەو لێدوانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکات، چونکە ئەوە بە پرسێکی سیاسی دەزانین. یەکێتی هەوڵ دەدات لەڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێ یان پەیوەندییەکانی خۆی، چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە و پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە". گوتیشی: "ئێمە ناتوانین ڕێگری لە چالاکیی خەڵک بکەین بۆ پشتیوانی لە عەفرین و ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەم کێشانە دەبێ بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن".

### قەندیل.. چەقی دەسەڵات و بڕیار

قەندیل کە ناوچەیەکی ستراتیژیی کوردستانە، بەشێکی زۆری لەژێر دەستی پەکەکەدایە. پەکەکە شارەوانییەکی تایبەت بەو ناوچەیەی دامەزراندووە کە 49 گوند لەخۆدەگرێت. گوندی بۆکریسکانی ڕواندز ناوەندی شارەوانییەکەیە.

قەندیل ئاوەدانترین ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پەکەکەیە لە باشووری کوردستان. بە نەوت و ئاژەڵداری و بەرهەمی کشتوکاڵی دەوڵەمەندە. جگە لە بەرزاییەکانی قەندیل و گوندەکانی، چوار بەرزایی دیکەش لە سنووری قەزای چۆمان بە دەست پەکەکەوەن، ئەوانیش بەرزایی کۆدۆ: لە نێوان حاجی ئۆمەران و چۆمان. بەرزایی گرمەندیل لە قەزای چۆمان. شاخی بەراسکان و بەرزایی کونەڕێ لە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەروەها بەرزایی گەڕوەزین لە نێوان سیدەکان و باڵەکایەتی. بەڵام حیزبە سیاسییەکانی کوردستان سزادانی سلێمانی بەبیانووی بوونی پەکەکە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن، لە زۆر شوێنی دیکەی باشووری کوردستان ئەوان هەن و چالاکن. وەک ئەوان دەڵێن، 30%ی سنووری قەزای زاخۆ و 70%ی قەزای ئامێدی لەدەستی پەکەکەیە، جگە لە کەمپی مەخموور کە ژمارەی دانیشتووانەکەی 10 هەزار کەسە. بەگشتی لە سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) 650 گوند لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان: لە هەولێر 240 گوند، لە دهۆک 361 گوند و لە سلێمانی 49 گوند. لەگەڵ 8 گوندی سەر بە قەزای شنگال کە ناوچەیەکی کێشەلەسەری هەرێمی کوردستانە.

هێشتا دوو کارمەندەکەی میت لای پەکەکەن، ئەوەش هێندەی دیکە تورکیای تووڕە کردووە. هەر بۆیە لەدوای کۆنترۆڵکردنی عەفرینەوە، بەرپرسانی باڵای تورکیا بەردەوام باسی لەشکرکێشی دەکەن بۆ قەندیل و ئەو ناوچانەی پەکەکەی لێیە.

### کۆمەڵ: نابێ پەیوەندی لەگەڵ تورکیا تێکبدرێ

بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 24ی ئابی 2017، بەهرۆز گەلالی نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەنقەرەوە گەڕایەوە فڕۆکەخانەی سلێمانی و لەوێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لەو 17 ساڵەی من نوێنەری یەکێتیم لە ئەنقەرە، چەندینجار قەیرانی سیاسی زۆر گەورە هاتووەتە پێشەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بەڵام هیچ کاتێک ڕێکاری لەو شێوەیە بەرامبەر نوێنەری یەکێتی یان لایەنێکی دیکە نەگیراوەتە بەر.

لەبارەی هۆکاری دەرکردنی لە ئەنقەرە، بەهرۆز گەلالی گوتی "لە ماوەی ڕابردوو ئەزمەیەکی سیاسی لە سلێمانی دروستبوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە یەکێتییەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر هەڵەی خۆیان بوو. ئەوە بوو پێش چەند ڕۆژێک لەلایەن وەزارەتی دەرەوە ئاگادارکرامەوە لە ڕووداوێک لە سنووری ناوچەی یەکێتی، نیگەرانیی خۆیان لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە پیشاندا کە لە دامودەزگا ئەمنییەکاندا هەیە، ئەوەش گەیشتە ئەو ئاستەی ئۆفیسەکەی یەکێتی لە ئەنقەرە دابخرێت و داواشیان لێکردم لە ماوەی سێ ڕۆژدا نووسینگەی یەکێتی دابخەین. هەرچەندە ڕۆژی پێشتر، 23ی ئابی 2017 بەرپرسانی یەکێتی لە هەولێر لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا گفتوگۆیان هەبووە، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو".

**نابێ پەیوەندی لەگەڵ تورکیا تێکبدرێ**
بەرپرسێکی کۆمەڵ

**سزاکەی تورکیا کاتییە**
محەممەدئەمین پێنجوێنی

بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی بە نیگەرانییەوە لەو کێشە نوێیانە دەڕوانێ کە هاتوونەتە پێشەوە و دەڵێ: "لێدوانی هەندێ لە بەرپرسانی تورکیا و یەکێتی ئەو دۆخەی دروستکردووە، بارودۆخی ناوچەکەمان ئەوە هەڵناگرێ لەگەڵ تورکیا کێشەمان هەبێ، هەرچی زووە پێویستە پەیوەندییەکان توندوتۆڵ بکرێنەوە".

شوان ڕابەر، باسی سەردەمی تاڵەبانی دەکات کە هەرگیز نەیهێشتووە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا بەو جۆرەی ئێستای لێبێت و دەڵێ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا گرنگن و دەبێ باشبکرێنەوە، پێویستە بەرپرسانی یەکێتی لەگەڵ تورکیا دەست بە گفتوگۆی ئاشتی بکەن.

سێ ڕۆژ لەوەوبەر، حکومەتی تورکیا بڕیاری دا، بە کردنەوەی ئاسمانی وڵاتەکەی بۆ گەشتی فڕۆکە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، بەڵام بڕیارەکە فڕۆکەخانەی سلێمانی ناگرێتەوە، بەرپرسانی تورکیا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە یەکێتی نیشتیمانی پشتگیری پەکەکە دەکات..

ڕۆژی پێنجشەممە، واتا ڕۆژێک پێش ئەو بڕیارەی تورکیا، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکێتی گرت. مەولود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند "لە بنەڕەتدا ئەمانە زۆرترین زیان بە کوردی باکووری عێراق دەگەیێنن. بەشێکیان هەن لە ناوچەی سلێمانی هاوئاهەنگییان لەگەڵ پەکەکەدا کردووە، بۆ نموونە حیزبەکەی تاڵەبانی، هەروەها چەند حیزبێکی بچووکی ئەم ناوچەیەش، بەڵام لە بنەڕەتدا پەکەکە هەڕەشەیە بۆ کوردی عێراق و هەڕەشەیە بۆ کوردی تورکیا. هەروەها بینیشمان چۆن هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەشن بۆ کوردی سووریا".

هەر دوای قسەکانی چاوشئۆغلۆ لەبارەی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەهرۆز گەلالی، لە نامەیەکدا بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەخنە لەو سیاسەتەی یەکێتی دەگرێت و بە ئاماژەدان بە قسەکانی چاوشئۆغلۆ، دەڵێ "ئەو لێدوانە زۆر ترسناکە، ئەمەش ئەنجامی لێدوانی هەندێ کەسی ناو یەکێتییە کە کامێرای تەلەڤیزیۆن دەبینن، خۆیان و بەرژەوەندیی یەکێتی و ئەو ناوچەیەی یەکێتی لەبیر دەکەن و باسی ناردنی هێز بۆ عەفرین دەکەن".

هەروەها دەڵێ "فەرموو ئەگەر هێزتان هەیە بۆ نایننێرن بۆ عەفرین؟ هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە! بۆ ماڵی کورد و یەکێتی بەس بە قسە وێران دەکەن؟ تکایە با موزایەداتی سیاسی و هەڵوێستفرۆشتن لەسەر حیسابی فەقیر و هەژار بەس بێت". لە درێژەی نامەکەیدا گەلالی دەشڵێت: "تکایە سنوورێک دابنێن بۆ ئەو سیاسیانەی کە ناتوانن دواڕۆژ، لەبەرچاوی خۆیان تەنانەت بۆ هەفتەیەکیش ببینن. دەزانن ئەو لێدوانەی چاوشئۆغلۆ چی لێ دەخوێنرێتەوە؟ بە بیروڕای من تورکیا لای خۆیەوە یەکێتی داخیلی لیستی تیرۆر دەکات، مانای وایە دەتوانێ بێت بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی".

لەبارەی ئەو نامەیەی بەهرۆز گەلالی، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامەکە و ڕەوشەکە تاوتوێ دەکەن و هەر ئەوانیش دەبێ بڕیار لەبارەی ئەوە بدەن کە یەکێتی چی دەکات، بەڵام یەکێتی هەوڵدەدات نیگەرانییەکانی تورکیا بڕەوێنێتەوە".

### کاریگەریی بڕیارەکەی تورکیا لەسەر سلێمانی

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی لەبارەی ڕەهەندەکانی نەکردنەوەی ئاسمانی تورکیا بەڕووی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانیدا بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی ئەوەی گەورەترین گوندی کارگۆ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانییە، نەکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان بۆ سلێمانی کاریگەریی خراپی دەبێ لە ڕووی بازرگانییەوە".

ئەو سەرچاوەیەی فڕۆکەخانەکە هەروەها دەڵێ: "لەبەر ئەوەی گەشتی زۆربەی وڵاتانی دیکە لە ڕێگای ئاسمانی تورکیاوە دێنە سلێمانی، بەوهۆیەوە نەک تەنیا بۆ تورکیا، بەڵکو سلێمانی کێشەی بۆ دروستدەبێ لە گەشتەکانی دیکەش، چارەسەرەکەی ئەوەیە کۆمپانیاکانی گەشتیاری بە ئاسمانی وڵاتانی دیکەدا بێنە سلێمانی، ئەوەش کاتێکی زۆرتری پێدەچێت و نرخی گەشتکردن و بلیت گرانتر دەکات".

### "سزاکەی تورکیا کاتییە"

محەممەد ئەمین پێنجوێنی، کەسایەتی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەڵێ پەیوەندییەکانی یەکێتی و تورکیا لە دەستگیرکردنی دوو کارمەندەکەی میتەوە تێکچووە "ئەوە تۆڵە کردنەوەیە لەو ڕووداوە، بەڵام بەبڕوای من ئەو هەڵوێستەی تورکیا زۆر درێژە ناکێشێ و یەکێتی دەتوانێ دۆستایەتییەکەی لەگەڵ تورکیا چاک بکاتەوە".

پێنجوێنی هەروەها دەڵێ: "پەکەکە ئەو هەڵوێستەی تورکیایان پێناخۆشە، بەڵام ڕێگری لە گەشتەکان تەنیا یەکێتی زیانی لێناکات، بەڵکو هەموو خەڵک زیانمەندن و دەبێ ئەو ڕەوشە ئاسایی بکرێتەوە".

هەر لەوبارەوە هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "هەموو تیرۆرێک ڕەتدەکەینەوە و تیرۆر لە سلێمانی تێکشکێنراوە. لە سلێمانی هیچ بۆشاییەکی ئەمنی نییە، لەوبارەیەوەش تێڕوانینی خۆمان بە کونسوڵی تورکیا ڕاگەیاندووە. داواش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکەین هەڵوێستی خۆیان لەمبارەیەوە ڕابگەیێنن. سلێمانی دوورە لەوەی کە دەگوترێت".

وەکو کاردانەوە بەرامبەر گشتپرسیی باشووری

**650**
**گوندی باشووری کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان**

کوردستان، حکومەتی عێراق کۆمەڵێک سزای بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند، یەکێک لە سزاکان ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی هەردوو فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی هەلێر و سلێمانی بوو لە 29ی ئەیلولی 2017، دوای تێپەڕبوونی 5 مانگ و نیویش بەسەر داخستنیان، بە فەرمانی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕۆژی 15ی ئادار هەردوو فڕۆکەخانەکە کرانەوە. تورکیاش ڕۆژێک دواتر، واتە 30ی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو تەواوی گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگرت.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پێیوایە لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا "نامەیەکە بۆ بەرپرسانی یەکێتی تاوەکو دۆخەکە باشتر بکەن لەگەڵ تورکیا". مستەفا عەبدوڵڵا، گوتیشی تورکیا خۆشی دەزانێ پەکەکە لە هەموو ناوچە سنوورییەکانی کوردستان هەیە "بەڵام تورکیا دیاری نەکرد ئەو حزبانەی دیکە کێن کە هاوکاریی پەکەکە دەکەن، ئێمە وا تێدەگەین مەبەستی تەڤگەری ئازادی و ئەو هێزانە بێت".



## هێزێکی گەورەی سوپای عێراق گەیشتە شنگال

**رووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری شارۆچکەی سنوونێ بەوەکالەت رایدەگەیێنێت، گەریلاکانی پەکەکە لە شنگال کشاونەتەوە و سوپای عێراق و یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە) جێگەیان گرتوونەتەوە. خودێدا جوکێ، بەڕێوەبەری شارۆچکەی سنوونێ بەوەکالەت بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی رایگەیاند، لەو کاتەوەی کەجەکە لە رۆژی 23ی ئەم مانگەوە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە شنگال داوە. بەڕێوەبەری شارۆچکەی سنوونێ ئاماژەی بەوەشکرد، ئێستا هێزێکی زۆری سوپای عێراق گەیشتوونەتە قەزای شنگال و لەگەڵ یەکینەکانی بەرخودانی شنگال لە شوێن و پێگەکانی پەکەکە تاوەکو سەر سنووری عێراق-سووریا جێگیربوون، هاتنی هێزی سوپای عێراقیش بەردەوامە.

**لە بەرامبەر کشانەوەی گەریلا لە شنگال**

# حکومەتی عێراق 3000 چەکدار بۆ پەکەکە دادەمەزرێنێ

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

پارتی کرێکارانی کوردستان رازی بووە گەریلاکانی لە شنگال بکێشێتەوە بەو مەرجەی ئەو هێزانەی لە دانیشتووانی ناوچەکە دروستی کردوون، بخرێنە سەر وەزارەتی بەرگریی عێراق، بەڵام وێنەکانی ئۆجەلان و ئاڵای ئەو هێزانە لە شنگال و ناوچەکانی دیکەی ژێر کۆنترۆڵیان هەر بمێنن.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014 ، لە سنووری رۆژئاوای کوردستانەوە هاتە ناوچەی شنگال، سەرەتا تەنیا 50 گەریلا بوون، بەڵام دواتر ژمارەی هێزەکانیان زیاد کرد، پاشان چەند هێزێکیان لە خەڵکی شنگال دروستکرد، لەوانەش یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و یەکینەکانی بەرخودانی ژنانی شنگال، ئاسایشی پاراستنی ئێزیدخان و هێزی دژە تیرۆر کە بە سەرجەمیان 3000 چەکدار دەبن. هەر یەک لەو هێزانەش ئاڵای تایبەت بە خۆیان هەیە.

لەدوای هاتنی پەکەکە بۆ شنگال، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەندین کەناڵی جیاجیا داوای لە پەکەکە کرد لەو ناوچانە بکشێنەوە، بەڵام پەکەکە نەک هەر نەکشایەوە، بەڵکو بەهێز وەڵامی پێشمەرگەی دایەوە، کاتێک لە هاوینی 2016 ویستیان بچنە چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی پەکەکە. ئێستا پەکەکە لەگەڵ حکومەتی عێراق رێککەوتووە، شنگال جێبهێڵێ.

قاسم شنگالی، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریی شنگال باسی ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنە دەکات کە لە نێوان پەکەکە و حکومەتی بەغدا کراوە بۆ کشانەی پەکەکە لە شنکال. شنگالی بە (رووداو)ی گوت: "رێککەوتنەکە لە نێوان بەرپرسی پەکەکە لە شنگال و بەرپرسانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق کراوە، بەپێی رێککەوتنەکە گەریلاکانی پەکەکە کە ژمارەیان 100 بۆ 300 کەس دەبێ، لە شنگال دەکشێنەوە، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراق سەرجەم چەکدارانی هێزەکانی دیکە، لەوانەش ئاسایشی ئێزیدخان، یەکینەکانی بەرخودانی شنگال، یەکنیەکانی بەرخودانی ژنانی شنگال و هێزی دژە تیرۆر کە ژمارەیان نزیکەی 3000 کەس دەبێ، بە ناوو لۆگۆی خۆیانەوە دەخاتە سەر وەزارەتی بەرگریی عێراق و مووچەیان دەداتێ".

ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگال کە لەلایەن پەکەکەوە دامەزراوە، 15 ئەندامی هەیە، قاسم شنگالی، خۆشحاڵە بە کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە لە شنگال و دەڵێت: "پەکەکە لە کاتێکی پێویستدا بەرگری لە خەڵکی ئێزدی کرد، ئێستاش هەروەکو 2014 خەڵکی ئێزدی لەبەردەم هەڕەشەی تورکیادایە، بۆیە پەکەکە بڕیاری دا لە شنگال بکشێتەوە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر هێرشی تورکیا". قسەی ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنەکەی شنگال لە کاتێکدایە کە رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا رۆژی 2018/3/25 رایگەیاند ئۆپەراسیۆن بۆ سەر شنگال دەستی پێکردووە.

سەبارەت بە چارەنووسی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگال، قاسم شنگالی دەڵێت: "لە ماوەی رابردوودا پرۆژەیەکمان دایە حکومەتی عێراق بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ شنگال، چاوەڕێی وەڵامین، ئەگەر حکومەتی عێراق رازیبوو ئەوە شنگال دەکەینە ئیدارەیەکی سەربەخۆ".

سەبارەت بە کاتی کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە، قاسم شنگالی گوتی: "لەبەر رەوشی ئەمنی و بۆ ئەوەی نەبنە ئامانجی هێرشەکانی تورکیا، بەشێک لەو هێزانە بە نهێنی چوونەتە رۆژئاوای کوردستان، بەشێکیشی بڕیارە لە دوو رۆژی داهاتوودا خواحافیزی لە خەڵکی شنگال بکەن و بڕۆن".



عەگید جڤیان، فەرماندەری هەپەگە لە شنگال

(فۆتۆ: رووداو)

لە چەندین شوێنی چیای شنگال و نێو سەنتەری شنگال وێنەی گەورەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری دەستگیرکراوی پەکەکە هەڵواسراون، شنگالی دەڵێت "وێنەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە".

خەبات شنگالی، بەرپرسی ئاسایشی ئێزیدخان لە ناحیەی سنوونێ کە یەکێکە لەو هێزانەی پەکەکە دروستی کردووە، بە (رووداو)ی گوت، ئەوان تاوەکو ئێستا هیچ مووچەیەکیان لە حکومەتی عێراق وەرنەگرتووە، بەڵام چاوەڕێن دوای ئەو رێککەوتنە بخرێنە سەر وەزارەتی بەرگریی عێراق و لە بەغداوە مووچەیان بۆ بێت.

لەدوای ئابی 2014 سێ جار ئیدارەی قەزای شنگال گۆڕاوە، رۆژی 17ی ئۆکتۆبەر پێشمەرگە لە شنگال و دەوروبەری کشانەوە، حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هاتنە نێو قەزاکە، پاشان ئیدارەیەکی تازەیان دروستکرد.

فەهد حامد، کە پێشتر بەرپرسێکی دیاری پەکەکە بووە و ئێستا لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بە وەکالەت کراوەتە قائیمقامی قەزای شنگال، بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە پێشوازی لە بڕیارەکەی پەکەکە دەکەین و پێیاندەڵێین ماڵتان ئاوا، چونکە هاتنیان لە کاتێکدابوو کە خەڵکی ئێزدی پێویستی پێیانبوو. ئێستاش کە دەڕۆن هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو ناوچەیە بەهۆی هەڕەشەکانی تورکیاوە رووبەڕووی کارەساتێکی دیکە نەبێتەوە".

قائیمقامی شنگال بە وەکالەت ئاماژەی بە رێککەوتنەکەی نێوان پەکەکە و بەغدا کرد و گوتی: "لەبەرامبەر مانەوەی هێزەکانی یەبەشە و دژە تیرۆری پەکەکە کە حکومەتی عێراق بەنیازە نزیکەی 3000 ئەندامی ئەو هێزانە بکاتە فەرمی، ئەوان شنگال چۆڵ دەکەن".

بە گوتەی فەهد حامد رۆژی 2018/3/25 چەند بەرپرسێکی حەشدی شەعبی لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکە سەردانی ئەو شوێنانەیان کردووە کە پەکەکە لێی دەکشێتەوە، بۆ ئەوەی هێزی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی پەکەکە لە شنگال دروستی کردوون، لەو شوێنانە دابنرێن.

ئیدارەی پارێزگای نەینەوا کە شنگال سەر بەو پارێزگایەیە، دەڵێن ئەوان ئاگاداری رێککەوتنەکەی پەکەکە و حکومەت نین. عەبدولقادر شنگالی، جێگری پارێزگاری نەینەوا بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە ئاگاداری رێککەوتنی کشانەوەی پەکەکە لە شنگال نین، بەڵام هەر لە سەرەتاوە چەندینجار داوای کشانەوەی پەکەکەمان لە شنگال کردووە. ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین تەنیا شتێکی پروپاگەندەییە، چونکە سەرجەم ئەو هێزانەی پەکەکە لەوێ دروستی کردوون، دەمێننەوە. ئەوە راست نییە بڵێین بە رۆیشتنی 100 گەریلا، پەکەکە لە شنگال نەما".

رۆژی 2018/3/23 کۆنسەی سەرۆکایەتیی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە رایگەیاند کە گەریلاکانی پەکەکە لە شنگال ئەرکی خۆیان بەتەواوی بەجێهێناوە، بۆیە دەکشێنەوە.

> **وێنەکانی رێبەر ئاپۆ و ئاڵاکانی یەبەشە هەر دەمێنن**
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگال

> **ئەوەی پەکەکە لە شنگال دەیکات شتێکی پروپاگەندەییە**
> جێگری پارێزگاری نەینەوا

**بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر سنووری بەزاندووە**

# تورکیا 30 گوندی باشووری کوردستان داگیر دەکات

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

لە چەند رۆژی رابردوودا هێزی پیادەی تورکیا لە هەردوو ناوچەی نێروە و رێکانی سەر بە قەزای ئامێدی و دەڤەری سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران دەستیان بە ئۆپەراسیۆن لە دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کردووە. بەو هۆیەوە هێزەکانی تورکیا بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر سنووری باشووری کوردستانیان بەزاندووە و 30 گوند کەوتوونەتە ژێر دەستی تورکیا. بەرپرسی پاسەوانی سنوور لە پارێزگای دهۆک دەڵێت ئەو ناوچانەی سوپای تورکیایان تێدایە، پێشتر بەدەست پەکەکەوە بوون.

پارتی کرێکارانی کوردستان کە ساڵی 1978 دامەزراوە و ساڵی 1984 دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە، لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی باشووری کوردستانەوە لە چەند ناوچەیەک جێگیر بوون، لەوانەش ناوچەی نێروە و رێکان و هەروەها بناری قەندیل. بەپێی بەدواداچوونێکی پێشتری (رووداو) نزیکەی 34%ی خاکی سنووری پارێزگای دهۆک لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدایە، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردووەوە تورکیا لەنێو خاکی باشووری کوردستان دەستی بە جموجۆڵ کردووە و چەند ناوچەیەک کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی پەکەکە بوون، ئێستا سوپای تورکیایان تێدایە.

لەدوای پەلاماردانی عەفرین، تورکیا کەوتووەتە هەڕەشەکردن لە پەکەکە لە ناوچەکانی شنگال و قەندیل. لە رێوڕەسمێکی تایبەت بە دادوەر و داواکارانی گشتی لە ئەنقەرە، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا رایگەیاند "بە عەفرینەوە ناوەستین و بەرەو منبج، کۆبانێ و قامشلۆ دەچین. ئەگەر پێویست بکات دەچینە باکووری عێراقیش، شەوێک لەناکاو دەچینە شنگال و پەکەکە لەوێ دەردەکەین".

دوای ئەو هەڕەشانەی تورکیا، پەکەکە رایگەیاند کە لە شنگال دەکشێنەوە، بەڵام ماوەیەکە هێزی پیادەی تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی لەنێو خاکی باشووری کوردستان لە دژی پەکەکە دەستپێکردووە، بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای دهۆک.

موحسین زێری، موختاری گوندی زێری سەر بە ناوچەی نێروە و رێکان لە قەزای ئامێدی باسی پێشڕەویی تورکیا لە سنوورەکەیان دەکات و دەڵێت: "لە سەرەتای نەوەتەکانەوە گوندەکانی ئێمە لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدان، پێشتر بۆ کۆکردنەوەی بەری دارەکانمان دەچووینەوە گوندەکان، بەڵام چەند رۆژێک لەمەوبەر کاتێک ویستمان بچینە گوندەکەمان بینیمان سوپای تورکیا لە نێو گوندەکەن".

موحسین کە شارەزای جوگرافیای ناوچەکەیە، ئاماژەی بەو شوێنانە دا کە کەوتوونەتە دەست سوپای تورکیا و گوتی "ئێستا سوپای تورکیا قەرەقوولێکی گەورەی لەسەر چیای کۆکە دروستکردووە کە نزیکە لە گوندی ئێمە. تەنیا لە چەند رۆژی رابردوودا نزیکەی 20 گوندی سنووری ناوچەی نێروە و رێکان کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی سوپای تورکیا، لەوانەش گوندی زێر، زێوەسەر، ساریکا، سەرنی، سپێر، بێدفە، بێبو، رێشمە، بێبو، هوس، ئەرتش، بانسرا و هێر و چەند گوندێکی دیکە".

بە گوتەی موختاری گوندی زێر، سوپای تورکیا لە سنووری قەزای ئامێدی بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر هاتووەتە نێو خاکی باشووری کوردستان. هەروەها گوتی: "ئێستا رووبەری 30 کیلۆمەتر لە ناوچەی ئامێدی لەژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکیادایە و کەس ناوێرێ بچێتە ئەو شوێنانە".

هەرچەندە ئەو گوندانەی ئێستا سوپای تورکیای تێدایە، ساڵانێکە بەهۆی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیاوە چۆڵکراون، بەڵام خەڵکەکەی لەکاتی پێگەیشتنی بەروبوومی رەز و باخەکانیان دەچوونەوە و بەروبوومەکەیان دەڕنی. موحسین گوتی "ئەمساڵ بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە زەحمەتە بتوانین بچین بەرهەمی کێڵگەکانمان هەڵبگرینەوە، ئەمەش باری دارایی ئێمە گران دەکات".

ساڵانێکی زۆرە سنوورەکانی باکوور و باشووری کوردستان بەدەست پەکەکە و سوپای تورکیاوەن، هێزە سنوورپارێزەکانی عێراق هیچ رۆڵێکیان لە پاراستنی سنوورەکاندا نەبووە.



هێزەکانی تورکیا لە ناو خاکی باشووری کوردستان

عەقید دلێر زێباری، فەرماندەی هێزی پاسەوانی سنوور لە پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی گوت: "لەبەر هێزەکانی پەکەکە و نائارامیی ئەو ناوچانە، هێزەکانی ئێمە نەیانتوانی بچنە سنوور، بەڵام ئێمە بەردەوام چاودێریی ناوچە سنوورییەکان دەکەین".

سەبارەت بە جموجۆڵی سوپای تورکیا لە ناوچەکەدا، عەقید دلێر زێباری گوتی: "راستییەکەی سوپای تورکیا لە مانگی 11ی ساڵی رابردوو، هاتووەتە پێش و چەند بارەگایەکی لە ناوچە سنوورییەکانی قەزای ئامێدی داناوە".

دەربارەی ئۆپەراسیۆنی چەند رۆژی رابردووی سوپای تورکیا، عەقید دلێر گوتی: "هەتا ئێستا نەمانزانیوە لەو چەند رۆژەدا پێشڕەوییان کردبێ، بەڵام بۆردومان و تۆپبارانیان بەردەوامە. ئەوان بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر لە سنووری قەزای ئامێدی هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان".

جگە لە ناوچەکانی سنووری قەزای ئامێدی، لە چەند رۆژی رابردوودا سوپای ترکیا لە ناوچەکانی سنووری قەزای سۆرانیش سنووریان بەزاندووە و لەچەند شوێنێکی سەر بە ناحیەی سیدەکان جێگیربوون.

ئیحسان چەلەبی، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند، لە چەند رۆژی رابردوودا سوپای تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو لە سنوورەکانی دەشتی بەرازگر و بەرمیزە هاتوونەتە پێش، بەوهۆیەوە خەڵکی ناوچەکەیان تووشی دڵەڕاوکێ کردووە".

ئیحسان چەلەبی باسی لە ئۆپەراسیۆنی ئەمجارەی سوپای تورکیا کرد لە سنووری ئەوان و گوتی: "لە 11ی ئەم مانگە سوپای تورکیا دەستی بە ئۆپەراسیۆن لە رێگەی زەمینەوە کردووە، هەتا ئێستا نزیکەی هەشت گوندی ناحیەکەمان کەوتوونەتە دەستی سوپای ترکیا، لەوانەش گوندی کانیە رەش، دەریا سۆر، نیەوانوک، هسمێ، کەلی رەش، دولی شێخ و چەند ناوچەیەکی دیکە".

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان، ئەو گوندانە پێشتر چۆڵ بوون، ئیحسان چەلەبی دەڵێت "راستە ئەو گوندانەی کەوتوونە ژێر دەستی سوپای تورکیا پێشتر چۆڵ بوون، بەڵام خەڵک بەردەوام هاتوچۆی ئەو گوندانەی دەکرد، ئێستا سوپای تورکیا زۆر نزیکبووەتەوە لەو گوندانەی ئاوەدانن، ئەمەش دڵەڕاوکێی لە نێو ئەو گوندنشینانە دروستکردووە".

> **بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان**
> **هەشت گوندی ناحیەی سیدەکان کەوتوونەتە دەست سوپای تورکیا**

> **بەرپرسی هێزی پاسەوانی سنووری پارێزگای دهۆک**
> **هێزەکانی تورکیا سێ مانگە هاتوونەتە ناوچەی نێروە و رێکان**

ئەو گوندەی ناویان لێنا کۆبانی تەنیا یەک ماڵە کوردی تێدا ماوە

# کوردی داقووق لە ترسی تەراتێنی داعش گوندەکانیان چۆڵ دەکەن

هەردی محەممەد
ڕووداو - کەرکووک

لەماوەی کەمتر لەیەک هەفتەدا داعش وێنەی زیاتر لە 10 چالاکیی گروپەکانی لە سنووری هەردوو قەزای داقوق و خورماتوو بڵاو کردووەتەوە. بەهۆی مەترسییەکانی داعشەوە ئێستا زۆربەی گوندەکانی خوارووی داقوق یان چۆڵکراون یان چەند ماڵێکی کەمیان تێدا ماون. بە جۆرێک ئێستا هێزە عێراقییەکان لە باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک تەنیا کۆنترۆڵیان بەسەر سەنتەری شار و شارۆچکەکاندا هەیە.

هاووڵاتییەکی گوندی کۆبانێ لە باشووری قەزای داقوق، کە بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانی نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گوندی کۆبانی کە پێشتر زیاتر لە 30 ماڵە کوردی لێ بوون، ئێستا تەنیا یەک ماڵی تێدا ماوە. جگە لە گوندی کۆبانی، گوندەکانی سەید وەڵە، حوسامەدین، زەنقر، هیچ ماڵێکی کوردیان تێدا نەماوە".

مەترسییەکانی داعش و جموجوڵە لەناکاوەکانیان هەروا زۆرتر دەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ هێزێکی ئەمنی و سەربازی لەو ناوچانە نین بەرگرییان لێبکەن، دانیشتوانی ناوچەکە لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆردا ژیان بەسەر دەبەن.

دانیشتوویەکی گوندی حەفتەغار، دەڵێ لە گوندی حەفتەغار کە هاوسنوورن لەگەڵ ئەو سەنگەرانەی پێشتر پێشمەرگە لێیەوە شەڕی داعشی دەکرد، ئێستا چۆڵە و هیچ هێزێکی ئەمنی و سەربازی لێ جێگیر نییە. ئەو هاووڵاتییە کە لە ترسی داعش و هێزە ئەمنییەکانی عێراق نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "چەکدارەکانی داعش بە ئاشکرا و بە تایبەت شەوان دێنە نێو گوندەکەمانەوە، لە بازاڕ و دوکانەکان ئەوەی پێویستیان بێت دەیکڕن".

گوتیشی "لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانیش داعش بوونەتە مەترسی بۆ سەر هێزە ئەمنییەکان".

ڕۆژی 2018/3/24 چەکدارانی داعش وێنەی 8 پۆلیسی فیدراڵییان بە دەستبەسەرکراوی بڵاوکردەوە. پۆلیسەکانیان لە ڕێگای نێوان کەرکووک - بەغدا ڕفاندبوون و دواتر سەرجەمیان گوللەباران کردن. هەروەها لە وێنەیەکی دیکەدا داعش دوو کەسی دیکەی وەکو سەرکردەی سەرایا سەلامی سەر بە ڕەوتی سەدر ناساندن، پاشان هەردووکی گوللەبارانکردن. هەر چەکدارانی داعش ڤیدیۆی تەقاندنەوەی مەزارگەیەکی کاکەییەکانیان لە سنووری داقوق بڵاوکردەوە.

ڕۆژی 16 ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، سوپای عێراق بە هاوکاریی هێزەکانی حەشدی شەعبی و بەچەکی قورسەوە هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر پێشمەرگە و کەرکووکیان داگیرکرد. دواتریش بەهۆی نەمانی پێشمەرگە لەو پارێزگایە و دەوروبەری، بۆشایی ئەمنی لە بەردەم چەکدارانی داعشدا دروستبوو بۆ ئەوەی دەست بە جموجوڵەکانیان بکەنەوە. پێشتریش ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "ئەوانەی ئێستا هاتوون، بەشێکیان سەربازین و بەشەکەی دیکەش حەشدی شەعبین. لەڕووی پاراستنی ئاسایشەوە کۆڵەوارن و هیچ نازانن".

ئێستا داعش دەستی بە جموجوڵ کردووەتەوە لەو ناوچەیە. زۆرتر وەک هێزی دەستوەشێنێ پارتیزانی لە هێزە عێراقییەکان دەدەن و دەگەڕێنەوە. ئازاد جەباری دەڵێ "داعش دوو شەڕیان بە بەهێزی کردووە و لە کەرکووکیش چوونەتە نەخۆشخانەی کۆماریی بۆ ئەوەی بریندارێکیان دەربکەن و نیوکاژێر شەڕیان کردووە".

لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە زوو زوو دەنگی تەقینەوە لە نێو کەرکووک دەبیسترێ، دوایین تەقینەوەش لەو شارە شەوی 2018/3/24، لە شەقامی پارێزگا و لەبەردەم پلازا مۆڵ بوو کە بۆمبێکی لکێندراو بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقیەوە و بەهۆیەوە چوار کەس بریندار بوون.

جەباری ڕەخنەی لەو هێزانە هەیە کە ئێستا کەرکووک دەپارێزن و دەڵێت "هێزە عێراقییەکان لەڕووی سەربازی و ئەمنیش کەم ئەزموونن، هەموو چەک و کەرەستەیەکیان جێهێشتووە و هەڵاتوون". هەروەها دەڵێ "داعش لەو سنوورە خەڵکی هەیە و خەڵک ڕێپیشاندەریان بووە لە شەڕەکانیان و هەوڵدەدەن خۆیان بەهێز بکەنەوە، خۆیان ئامادە دەکەنەوە بۆ شەڕ و ئەوکات عێراق ناتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا دووجار بەرەی شەڕ بکاتەوە".

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکووک دەڵێت "ئێستا بە ئاشکرا هەندێک لەو کەسانەی پەیوەندییان بەداعشەوە هەبووە و ئەوان دەستگیریان کردووبوون ئازادکراون، لەنێو سەنتەری شارەکان دەسوڕێنەوە، تەنانەت هەندێکیان پەیوەندییان بە حەشدی شەعبییەوە کردووە".

عەمید سەرحەد قادر ئاشکرای کرد "لە ماوەی شەڕی داعشدا ئێمە 235 چەکداری سەر بە داعشمان دەستگیرکردبوو و دادگایی کرابوون، لەدوای 16ی ئۆکتۆبەریش 25 چەکداری دیکە کە پێشتر دەستگیریان کردوون، دادگایی کراون. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەداعشەوە هەبووە و لەماوەی ئۆپەراسیۆنی حەویجە خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە و ڕاستی هێزە عێراقییەکان کرانەوە، ئێستا ئازادکراون و شانەی نووستوویان پێکهێناوە".

هەرلەبارەی زیادبونی جموجۆڵی داعشەوە عەمید سەرحەد قادر گوتی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە سەنتەری شارەکان بەدەست هێزە ئەمنییەکان و سوپای عێراقەوەیە "بەڵام دەرەوەی شارەکان و گوندەکان لە باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک بەدەست مەفرەزەکانی داعشەوەیە، جموجۆڵەکانی داعش لەناوچەکانی داقوق، هێزە سەربازییەکانی عێراقی خستووەتە ئامادەباشییەوە".

هەڕەشەکانی داعش و ئەو چالاکییانەی ڕۆژانە دەیکەن، وای لە هەندێک لە سەرۆک هۆزە عەرەبەکانیش کردووە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکەیان بە پێویست بزانن. چونکە پێیانوایە بە چالاکبوونەوەی تەواوەتی چەکدارانی داعش سەرلەنوێ ژیان لەوان دەشێوێتەوە و ئاوارە دەبنەوە.

عەلی حوسێنی، گوتەبێژی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە باکووری عێراق، دڵنیایی دەدات لەوەی ئامادەکاریی بۆ هەر ئەگەرێک دەکەن و دەڵێ کۆبوونەوەیەکی سەربازییان ئەنجامداوە و بڕیاریانداوە بەپەلە هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و بەرپەرچدانەوەی خێرا لەناوچەکانی داقوق و خورماتوو بڵاو ببنەوە و هێزی زیاتریان ڕەوانەی ئەو ناوچانەکردووە و کەلێنەکانیان پڕ کردوونەتەوە. هەروەها گوتی "لە سەنتەری خورماتوو سلێمان بەگەوە تا بازگەی سەفرا و ناحیەکانی شیمال و عوزێم لیوای 52 دووی حەشدی شەعبی بڵاوەیان پێ کراوە و هێزی زیاترمان ڕەوانە کردووە. لەگەڵ فیرقەی دیجلە لە سەڵاحەدین و لەو دیو زنجیرە چیای حەمرینەوە سەنگەری هاوبەشمان لێداوە و هەماهەنگی تەواومان کردووە تا ئەو مەترسییانەی داعش بنەبڕ بکەین".



هێزە عێراقییەکان لە باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک تەنیا کۆنترۆڵیان بەسەر سەنتەری شار و شارۆچکەکاندا هەیە

بیر لە حکومەتی زۆرینە دەکاتەوە

# عەبادی دوای خەونەکەی مالیکی دەکەوێ

پۆڵ ئیدن
ڕووداو - هەولێر

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، دەکرێت عێراق لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرەو دامەزراندنی کۆماری سێیەم هەنگاو بنێت کە تێیدا حکومەتێکی زۆرینە کاروباری دەوڵەت بەڕێوەببات. ئەگەر ئەم پلانە سەربگرێت، نەزمی سیاسی عێراق کە لە 15 ساڵی ڕابردوودا باو بووە، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت.

سەرۆکوەزیرانی عێراق لە گوتاری "ڕۆژی شەهیدانی عێراق" لە ناوەڕاستی مانگی ئاداردا گوتی: "ئێمە لەگەڵ سیاسەتی زۆرینەین، ئەگەر ئامانجی سیاسەتی زۆرینە دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز بێت، واتە دەوڵەتێکی بەهێز کە دەتوانێت پێشبکەوێت و چاوەڕوانییەکانی هاووڵاتییان وەدی بهێنێت". عەبادی جەختی لەوەش کردەوە کە ئەمە بە مانای پەراوێزخستنی پارت و دامەزراوە سیاسییەکانی دیکە نییە.

مایکڵ نایتس، پسپۆڕی کاروباری عێراق لە پەیمانگای واشنتن، لەبارەی ئەو قسانەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "عەبادی چەندین مانگ و بگرە زیاتر لە ساڵێکە کار بۆ شێوەگیرکردنی ئەو ڕوئیایە دەکات، ئەم ڕوئیایە تموحێکی گەورەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە عێراق هێشتا لە قۆناغێکدا نییە لەسەر بنەمای پرس و کێشە هەڵبژاردن بەڕێوەبەرێت، چونکە سیاسەت لەسەر بنەمای شوناس (واتە شوناسی قەومی یان تایفی) گیری کردووە".

نایتس پێیوایە عەبادی دوو ڕێگەی لەپێشە "یان کەمپینەکانی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەڵێنی زەق (وەکو دابینکردنی هەلی کار و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی) بەڕێوەببات، یان لە پشتی پەردە خەریکی ڕێککەوتن بێت لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە، وەکو چۆن حکومەتەکانی پێشووی عێراق هەر بەو شێوەیە دامەزراون".

ناکۆکییە قەومی و تایفییەکان سیمای زاڵی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بووە، ئەم ناکۆکییانەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر کاروباری سیاسی و ئیداریی عێراق هەبووە. نایتس پێیوایە "هەڵبژاردن ڕوونی دەکاتەوە ئایا عێراق بۆ ڕوئیایەکی نیشتمانیی نوێ ئامادەیە و نوخبەکان ڕێگە دەدەن دەنگی خەڵک، نەک خواستی سیاسییەکان، ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران و کابینەی داهاتووی حکومەتی عێراقدا هەبێت؟".



عەبادی: حکوومەتی زۆرینە بە مانای پەراوێزخستنی پارت و دامەزراوە سیاسییەکانی دیکە نییە

پسپۆڕێکی کاروباری عێراق

## ئەو پرۆژەیە بەم نەوە سیاسییەی ئێستای عێراق جێبەجێ ناکرێ

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ڕۆژی 12ی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت کە زیاتر لە 6900 کاندید لەسەر بەدەستهێنانی 328 کورسی ڕکابەری دەکەن.

سەرەتای ئەم مانگە لایەنە کوردستانیەکان دانیشتنی پەرلەمانیان لەسەرپڕۆژە بودجەی عێراق بایکۆت کرد، لەبەر ئەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە 17%ەوە بۆ 12.6% کەمکرایەوە. ساڵانێکە هیچ سەرژمێرییەکی گشتی لە کوردستان و عێراق نەکراوە، بەو حاڵەشەوە حکومەتی عێراق پێیوایە 17% ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نییە.

لایەنە شیعە و سوننەکانی پەرلەمانی عێراق گوێیان بە بایکۆتی کوتلە کوردییەکان نەدا و لە دانیشتنەکەی چواری ئاداردا پرۆژەکەیان تێپەڕاند. ئەم هەنگاوە دابڕانێکی بێ وێنە بوو لە سیاسەتی کارکردن بە تەوافوق کە لە دەیەونیوی ڕابردوودا لە عێراق زاڵ بووە. مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەو هەنگاوەی بە "پێشێلکردنێکی ئاشکرای بنەمای تەوافوق" وەسفکرد.

ئەگەر لایەنە شیعەکان بتوانن یەکبگرن، ئەوە حکومەتی زۆرینە دەسەڵاتێکی زۆریان پێدەدات، عەرەبی سوننە و کوردیش دەبنە کەمینە. سوننەکان یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسیان بایکۆت کرد، بەلایەنی کەم یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو بایکۆتە ئەوە بوو کاتی دەویست عەرەبە سوننەکان بڕوا بەوە بکەن کە ئەوان کەمینەن لە عێراقدا. وەکو فواد عەجەمی، شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عێراق، سەردەمانێک دەیگوت "عەرەبە سوننەکانی عێراق کەمینەن، بەڵام بە عەقڵییەتی زۆرینە بیردەکەنەوە".

لەسەردەمی دەسەڵاتی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقدا، ناکۆکیی نێوان حکومەتی زۆرینە شیعە لەگەڵ کورد و عەرەبی سوننە گەیشتە لوتکەی خۆی. لەسەرەتای دەستبەکاربوونی عەبادی لە 2014، زۆربەی لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان عەبادییان وەکو کەسێکی لایەنگری ئاشتەوایی نیشتمانی دەبینی.

جۆڵ وینگ، شارەزا و نووسەری ئەمریکی لەبارەی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت: "چەندین ساڵ لەمەوبەر مالیکی بۆ یەکەمجار بیرۆکەی حکومەتی زۆرینەی خستەڕوو، ئەو تاوەکو ئێستاش باسی هەمان شت دەکات، لە کاتێکدا لە ساڵی 2005ەوە حکومەتەکانی عێراق حکومەتی یەکێتی و هاوپەیمانیی نیشتمانی بوونە کە تێیدا هەموو پارتە خاوەن کورسییەکان لە پەرلەمان پشکیان هەبووە. ئەمجۆرە حکومەتە هەرچەندە بەمانای لە خۆگرتنی لایەنەکان دێت، بەڵام نە ئاشتەوایی و نە دامەزراندنی حکومەتێکی کارامەی لێ نەکەوتووەتەوە".

بە بۆچوونی شارەزا ئەمریکییەکە، بیرۆکەی دامەزراندنی حکومەتی زۆرینە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ئەو لایەنانەی وەکو یەکدی بیر دەکەنەوە لە دەوری یەک کۆببنەوە و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان بدەن"، جەختیش دەکاتەوە لەوەی "ئەمە هەنگاوێکی گرنگ دەبوو ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستگۆ لە عێراق پێکهاتبا، بەڵام بەداخەوە عێراق هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغە کە تێیدا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز دامەزرابێت".

وینگ کە لە ساڵی 2003 وە چاودێری گۆڕانکارییە سیاسییەکان و شەڕ و کوشتاری نێوخۆی عێراق دەکات، دەڵێت: "سیستەمی سیاسی و ئیداری عێراق لە دوای 2003 وە بە جۆرێک بووە هەرکام لە لایەنەکان پارچەیەکیان لە کێکی حکومەت هەڵگرتووە و لەوێشەوە بەشی گروپ و تۆڕی لایەنگرانی خۆیان داوە، بۆ ئەوەی هەم لایەنگر کۆبکەنەوە و هەمیش بنکەی جەماوەریی خۆیان بپارێزن".

حکومەتی زۆرینە بە پێچەوانەی ئەو سیستەمەی لە 2003 وە لە عێراق پەیڕەو دەکرێت، دەسەڵات لە دەستی گروپێکی بچووکدا چڕدەکاتەوە، بەبۆچوونی وینگ "ئەمە دەسەڵات و نفوزی ئۆپۆزیسیۆن (لە حکومەتدا) کەم دەکاتەوە، چونکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەستیان لە دامەزراوە حکومییەکان کورت دەبێتەوە".

حکومەتی عێراق تازە لە شەڕێکی سێ ساڵە ڕزگاری بووە کە لێکەوتەی ناکۆکیی تایفی بوو، بۆیە ئاکامی گۆڕانێکی لەو جۆرە لە سیستەمی سیاسی و ئیداریی عێراقدا دەکرێت ناڕەزایی و تەنانەت کارەساتی بەدواوە بێت. جۆڵ وینگ پێشبینی دەکات پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە "لە کورتخایەندا ناسەقامگیری زیاتری عێراقی لێبکەوێتەوە، بەڵام لە درێژخایەندا ئەو فۆرمە لە حوکمڕانی لایەنگری زۆری دەبێت"، بەڵام بە دووریشی دەزانێت "ئەم نەوەیەی ئێستای سیاسییەکانی عێراق، ئەم پرۆژەیەیان پێ جێبەجێ بکرێت".



## پەرلەمانتارێکی کورد سکاڵای دژی پەرلەمانتارێکی تورکمان تۆماردەکات

**ڕووداو – هەولێر**

پەرلەمانتارێکی کورد لە کەرکووک سکاڵای یاسایی دژی پەرلەمانتاری تورکمان نیازی مەعمار ئۆغڵو، بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق تۆمارکرد، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ناوبراو لەڕێگەی لێدوانەکانییەوە دەیەوێت دەمارگیری نەتەوەیی و مەزهەبی بڵاوبکاتەوە. ڕێبوار تەها، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی (نیازی مەعمار ئۆغڵو) لە ڕۆژی نەورۆزدا ئاراستەی کوردی کردوون و بەوە تۆمەتباری کردوون کە هێرشێکی تیرۆریستییان لە ڕێگای داقوق ـ خورماتوو ئەنجامداوە و بووە هۆی کوژرانی پێنج کەس و برینداربوونی 12 کەس کە سەرجەمیان تورکمان بوون، سکاڵای یاسایی لە دژی تۆمارکردووە.

## بنیاتنانەوەی شارەکە گەورەترین تەحەدای بەردەم عێراقە

# وێرانەی مووسڵ داعشێکی نوێ دەخاتەوە؟

**10**
**ملیۆن تۆن خۆڵ و چیمەنتۆی باڵەخانە وێرانبووەکان لە مووسڵدان**



**ڕووداو – هەولێر**

عەبدولستار ئەلحەببۆ لەسەر تەپۆڵکەیەک لە خۆڵ و بەرد و چیمەنتۆ وەستاوە و سەیری باڵەخانە وێرانبووەکەی خۆی دەکات. پێش هاتنی داعش، ئۆفیسی عەبدولستار لە نهۆمی دووەمی ئەو باڵەخانەیە بوو کە ئێستا جگە لە وێرانەیەک شتێکی ئەوتۆی لێ نەماوەتەوە. شەڕی نۆ مانگەی ڕزگارکردنی مووسڵ دەیان هەزار خانووبەرە و باڵەخانەی لە مووسڵ وێران کرد.

عەبدولستار ئەلحەببۆ، سەرۆکی شارەوانیی مووسڵە، بۆیەش دەزانێت ئەرکی سەرشانی تەنیا بنیاتنانەوەی ئەو باڵەخانەیە نییە کە سەردەمانێک پەنجەرەکانی بەسەر ڕووباری دیجلەدا دەیانڕوانی. بەڵکو دەبێ دووەم گەورەترین شاری عێراق ئاوەدان بکەنەوە کە چەندین ساڵ کار و دەیان ملیار دۆلار سەرمایەی دەوێت، بەڵام حاڵی حازر سندوقەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەتاڵن. ئەلحەببۆ بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی گوت: "دەیانەوێت ئێمە چی بکەین؟ پارە لە زەوی دەربێنین؟".

هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیی مووسڵ بەشێکن لەو هەوڵە سەرتاسەرییەی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ عێراق دەدرێن. مووسڵ سەردەمانێک دوو ملیۆن دانیشتووی هەبوو، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی (ڕۆیتەرز) 700 هەزار کەس لە دانیشتووەکانی ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی عێراق بوون. بەپێی مەزندەی حکومەتی فیدراڵی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیار دۆلارە.

پێش سەرهەڵدانی داعش، بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەلحەببۆ ساڵانە 80 ملیۆن دۆلار بودجەی لە بەغداوە بۆ دەهات، لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵیش ئەلحەببۆ بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندبوو کە هێشتا بودجەی 2018ی بەدەست نەگەیشتووە و بەردەوامبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پێویستی بە 75 ملیۆن دۆلارە. حەببۆ چاوەڕێی دەکرد 10 ملیۆن دۆلاری لە وەزارەتی شارەوانیی عێراقەوە بەدەست بگات، بەڵام ناتوانێت چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە ئیدارەی پارێزگای مووسڵ هەبێت کە سەردەمانێک ساڵانە 60 ملیۆن دۆلاری بە شارەوانی شارەکە دەدا.

### ● ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش

مووسڵاوییەکان ساڵانێکە گازندەی ئەوەیانە کە حکومەتی زۆرینە شیعەی بەغدا ئەوانی پشتگوێ خستووە و خەڵکی شارەکە وەکوو هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەبەر ئەوەی لە پۆستە سەربازی، ئەمنی و ئیدارییە گەورەکان بێبەشکراون. هەر ئەم ناڕەزایەتییانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی مووسڵاوییەکان لە 2014 پێشوازی لە داعش بکەن.

ئەلحەببۆ هاوشێوەی بەرپرسانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیگەرانە لەوەی وێرانبوونی شارەکە و نەبوونی یارمەتییەکان ببێتە هۆی زیندووبوونەوەی کێشە تایفییە کۆنەکان، بۆیەش وەکو سوننەیەک دەیەوێت ڕێگە لە سازبوونەوەی ئەو هەلومەرجە بگرێت کە دەشێت داعشێکی دیکە بخولقێنێ.

سەرۆکی شارەوانیی مووسڵ دەڵێت: "ئەگەر بەغدا وەکوو پێویست وەبەرهێنان لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ نەکات، ڕەنگە خراپتر لە داعشمان تووش ببێت. نەبوونی ڕوئیا ئاکامی زۆر نێگەتیڤی بۆ شارەکە دەبێت".

لیزا گراند، تاوەکو ئەم دواییەش هاوئاهەنگیکاری یارمەتییە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق بوو، ئەویش وەکو ئەلحەببۆ پێیوایە "ئەگەر بە خێرایی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانە نەگەڕێنەوە، توندڕەوەکان دەکرێت سەرهەڵبدەنەوە و بەو جۆرەش دەستکەوتەکان لەدژی داعش لەدەست دەچن".

### هەمووان چاویان لە شارەوانییە

ئاساییکردنەوەی دۆخی مووسڵ تەحەدایەکی گەورەیە. خەڵک ڕۆژانە و لە هەموو کاتەکانی دەوامدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی دەکەن. فەرمانبەرانی حکومەت لە شارەکە چەندین مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، کرێکارانی پاککردنەوەی شارەکە پێویستیان بە ئۆتۆمبێلی زیاترە بۆ ئەوەی خۆڵ و خاشاکی کەڵەکەبوو کۆبکەنەوە، کارگەکان پێویستیان بە سووتەمەنییە و تەنانەت ئاژەڵدار و شوانەکانی شارەکەش داوای هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانیان بۆ ناوەندی شار بگوازنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، خەڵکانێکی زۆری مووسڵ خەریکە هەست بەوە دەکەن کە حکومەت پشتگوێی خستوون. لە هەندێک لە بەشەکانی شارەکە ئافرەت و منداڵ لەنێو زبڵدا بەدوای پارچە کانزادا دەگەڕێن بۆ ئەوەی دواتر بیفرۆشن. ئافرەتێکی پیر بەدەم گەڕان بە نێو زبڵدا دەڵێت: "لە سەردەمی دەسەڵاتی داعشدا مامەڵەیەکی باشترمان لەگەڵ دەکرا، چونکە هەر هیچ نەبێت وەها سووک نەکرابووین کە بەناو زبڵدا بگەڕێین".

ئەلحەببۆ لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە لە شارەوانیی مووسڵ پۆستی باڵای هەبووە، بۆیەش 17 ساڵ کارکردن لەو بوارەدا فێری زۆر تەکتیک و شارەزایی کردووە. لە سەردەمی سەرهەڵدانی قاعیدەی عێراق، سەرۆکی شارەوانیی مووسڵ و بەرپرسانی دیکەی شارەکە چەندینجار کرابوونە ئامانجی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوە. ئەلحەببۆ لە سێ هەوڵی تیرۆر ڕزگاری بووە و ئێستاش دوو گوللە لەناو لەشیدا ماوە. ئێستاش ڕۆژانە 18 کاژێر کاردەکات، بۆیە هەندێ جار ناچارە لە ئۆفیسەکەی خۆی سەرخەوێک بشکێنێ.

> **باشترین چارەسەر بۆ دۆخی مووسڵ ئۆتۆنۆمییە**

### ● 40 هەزار خانوو ڕووخاون

ڕووباری دیجلە کە بەناو مووسڵدا تێدەپەڕێت، نەک هەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مووسڵ لە یەکدی جیادەکاتەوە، بەڵکو پلاندانەرانی ئاوەدانکردنەوەی شارەکەش ناچار دەکات بە دوو ڕوئیای جیاوازەوە بیر لە پێویستییەکانی بنیاتنانەوەی شارەکە بکەنەوە. دیوی ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە ئاسەواری شەڕی داعشی زۆر پێوە دیار نییە و خەریکە ژیان تێیدا تەواو ئاسایی دەبێتەوە، بازاڕەکان جمەیان دێت، پۆلەکانی قوتابخانەکان پڕن لە خوێندکار و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەو بەشەدا ئاساییە.

بەڵام چارەنووسی ڕۆژئاوای دیجلە لەکاتی ڕزگارکردنی شارەکەدا جیاواز بوو، هۆکاری ئەمەش بۆ تەسکیی شەقام و کۆڵانەکانی ئەو بەشەی مووسڵ دەگەڕێتەوە. لە شەڕی ڕۆژئاوای مووسڵ کە بە مووسڵی کۆنیش ناسراوە، داعش پەنای بۆ شەڕی کۆڵان بە کۆڵان برد، سوپای عێراق و هاوپەیمانانیش بۆ کەمکردنەوەی قوربانیانی هێزی پیادەی عێراق، پشتیان بە بۆردومان و تۆپبارانی خەستی ئەو بەشەی شارەکە بەست.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان 40 هەزار خانووبەرە لە مووسڵی کۆن وێران بوون. پێش دەستپێکی شەڕی مووسڵ 200 هەزار کەس لەو بەشەی مووسڵ نیشتەجێ بوون، بەڵام بەپێی لێدوانی ئەلحەببۆ تەنیا 1000 بۆ 5000 کەس گەڕاونەتەوە کۆنەشاری مووسڵ، بەشی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە تاوەکو ئێستاش لە کەمپەکان دەژین. نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نزیکەی 10 ملیۆن تەن خۆڵ و چیمەنتۆی باڵەخانە وێرانبووەکان لە مووسڵ هەن.

سەبارەت بە هەڵمەتی پاککردنەوەی شارەکە لە خۆڵ و پاشماوەکانی شەڕ، ئەلحەببۆ بە (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاندووە "ئێمە مانگانە نزیک 100 مەتر لە مووسڵی کۆن پاک دەکەینەوە، دەزانین پرۆسەکە خاو دەڕوات، بەڵام بەو شتانەی لەبەردەستمانە هەر ئەوەندەمان پێدەکرێ".

حکومەتی عێراق بۆ یارمەتیدانی ناوچە وێرانبووەکانی وەکوو مووسڵ سندوقێکی بەناوی "سندوقی ئاوادانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە شەڕی تیرۆریستان زیانیان بەرکەوتووە" پێکهێناوە. فازڵ عەبدولئەمیر، ڕاوێژکاری وەزارەتی شارەوانی، ئەندامێکی ئەو سندوقەیە و لە دیمانەیەکی (ڕۆیتەرز)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ساڵی ڕابردوو 400 ملیۆن دۆلار لە بودجەی فیدراڵی بۆ ئەو سندوقە دانرابوو، بەڵام تەنیا 120 ملیۆن دۆلاری بۆ سندوقەکە گوازرایەوە، لە کاتێکدا ئەو بڕە پارەیەش بۆ هەموو ناوچە ڕزگارکراوەکانی عێراق بوو، نەک بە تەنیا مووسڵ.

بە گوتەی ئەلحەببۆ مووسڵ لە 2017دا تەنیا 252 هەزار دۆلاری لەو سندوقە بەدەست گەیشتبوو، لە کاتێکدا ئەمە "تەنیا پێویستی خەرجییەکانی یەک کاژێری مووسڵە. سەرۆکی شارەوانیی مووسڵ پێیوایە "خەڵکی مووسڵ شایانی لەمە باشترن".

عەبدولستار ئەلحەببۆ بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە ئێستا شارەوانیی مووسڵ تەنیا 1500 فەرمانبەری هەیە، لەکاتێکدا پێویستی بە 10 هەزار فەرمانبەرە، بەشی زۆری کەرستە و مەکینە و ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانییەکەش لەلایەن داعشەوە دزراون یان تێکدراون، 970 ئامێر بە بەهای 350 ملیۆن دۆلار برداون یان تێکشکێنراون، تەنیا دوو بۆلدۆزەری تایبەتیان بۆ پاککردنەوەی گەڕەکەکان هەیە.

### ● شارەوانییەکی قەرزدار

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسە بەریتانییەکە ئیدارەی مووسڵ بۆ ڕزگارکردنی شارەکە لەو دۆخە پشتیان بە قەرز بەستووە. ئەلحەببۆ دەڵێت "شارەوانیی مووسڵ حەوت ملیۆن دۆلار بەو کرێکار و بەڵێندەرانە قەرزدارە کە لە 2017 گرێبەستی لەگەڵ کردوون، جیا لەمە مووچەی کرێکارەکانیشمان چوار مانگ دواکەوتووە".

کەمیی سووتەمەنی کێشەیەکی دیکەی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵە. لە نزیک مووسڵ کارگەیەکی بەرهەمهێنانی قیر هەیە کە بە حوکمی تێکچوونی ڕێگاوبانی مووسڵ ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەدا دەبێت. وەفار یونس، خاوەنی کارگەکە، بە (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاندووە ئەوان ڕۆژانە پێویستیان بە 5000 لیتر سووتەمەنییە، کەچی هەفتەی دوو جار تەنیا 3000 لیتر سووتەمەنیان بۆ دابین دەکرێت، بۆیەش "ناچارین هەفتەی سێ ڕۆژ کارەکانمان ڕاگرین".

ئەلحەببۆ دەیەوێت خەڵکی ڕۆژئاوای مووسڵ دڵنیا بکاتەوە کە هەوڵەکانی شارەوانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆنەشار بەردەوامن. یەکێک لەو خەڵکەش ئوم ڕوسیلە کە دایکی دوو منداڵە و لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە گەڕاوەتەوە گەڕەکی باب ئەلجەدید لە مووسڵی کۆن. سەرۆکی شارەوانیی مووسڵ سوورە لەسەر ئەوەی بە ئوم ڕوسیلی بسەلمێنێت کە شەقامە و کۆڵانەکانیان لە خۆڵ و خاشاک و پاشماوەی شەڕ پاککراوەتەوە، بەڵام کێشەی ئوم ڕوسیل ئەوەیە لە هیچ شوێنێکی گەڕەکەکە ئاوی پاک و کارەبا نییە.

ئوم ڕوسیل لەگەڵ سێ خێزانی دیکە گەڕاونەتەوە ئەو گەڕەکە. ئێستاش تاکە داوایان ئەوەیە هەوڵەکانی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان خێراتر بکرێن. ئوم ڕوسیل دەڵێ "شەرم دەکەم داوای هیچ شتێک لە بەڕێزت (واتە سەرۆکی شارەوانی) بکەم، بەڵام چی بکەین، داعش ژیانمانی تێکدا و ئێستاش تاکە شتێک کە دەمانەوێت ئاوی خواردنەوەیە".

مووسڵی پاش داعش، بەتایبەتیش ڕۆژئاواکەی، بە دەگمەن سەرچاوەی داهاتی تێدا ماوە، بۆیەش ئەو خەڵکەی گەڕاونەتەوە ناو خانووە وێرانەکانیان بە سەختی سەرچاوەی بژێویان دەست دەکەوێت. موئەیەد کە ئامادە نەبووە ناوی تەواوی بۆ (ڕۆیتەرز) ئاشکرا بکات، یەکێکە لەو کەسانەی پێش دەستپێکردنی شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ ڕۆژانە 10 دۆلاری لە فرۆشتنی کاوبۆی لەنگە دەستدەکەوت، بەڵام ئێستا بە زەحمەت یەک دۆلاری لە هەفتەیەکدا دەست دەکەوێت.

موئەیەد کە کوڕە گەورەکەی لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژراوە، ئێستا ناچارە چاوی بەسەر بووکەکەی و پێنج نەوەکەیەوە بێت. ئەو دەڵێت "بەم پارەیە چۆن بتوانم خانووبەرەکەم چاک بکەمەوە؟" وەکو خۆیشی دەڵێت 25 دۆلاری لە خوشکەکەی قەرز کردووە بۆ ئەوەی نایلۆن و هەندێک بلۆک بکرێت بۆ دروستکردنی پەناگەیەک بۆ 13 کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی.

### ● یارمەتییەکان بە مووسڵاوییەکان دەگەن؟

حکومەتی عێراق ساڵانێکە بەدەست گەندەڵیی دارایی و ئیدارییەوە دەناڵێنێ و ئەو کێشەیە یەکێک لە هۆکارە بنچینەییەکانی شکستی ئیداریی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی 15 ساڵی ڕابردووی عێراق بووە. ئێستاش یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکان ئەوەیە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان جارێکی دیکە لەناو سیستەمی گەندەڵی ئیداری عێراقدا شوێنبزر بێت.

موئەیەد دەترسێت ئەگەر یارمەتیش بۆ مووسڵ ڕەوانە بکرێت، دوور نییە هاریکارییەکان لەناو سیستەمی گەندەڵی عێراقدا هەڵووشرێت. ئەو پێیوایە "باشترین چارەسەر ئەوەیە سپۆنسەر و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان ڕاستەوخۆ پارەکە بە خۆمان بدەن، واتە بە دانیشتووانی شارەکە. ئاوها خەڵک دەتوانێت خۆی خانووبەرەی خۆی و شارەکەی بنیات بنێتەوە. چونکە ئەگەر پارەکە بکەوێتە دەست حکومەت، ئێمە یەک دیناری نابینین".

### ● ئۆتۆنۆمیی بۆ مووسڵ

هەموو پلانێکی ئاوەدانکردنەوە پێویستی بە جێگیرکردنی ڕەوشی ئەمنی هەیە، بەڵام پاش نزیکەی نۆ مانگ ڕەوشی ئەمنی و نێوخۆیی مووسڵ هێشتا ئەوەندە سەقامگیر نەبووە کە وەکو بناغەیەک بۆ دەستپێکردنی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە سەیر بکرێت. بەشێک لەو کێشەیەش بۆ ناکارامەیی و بێدەسەڵاتی و سیاسەتی تایفی حکومەتی بەغدا دەگەڕێتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، حکومەتی بەغدا و کاربەدەستانی مووسڵ لەسەر پلانێک بۆ سەقامگیرکردنەوەی ڕەوشی ئەمنیی شارەکە ڕێککەوتن. لەچوارچێوەی ئەو پلانەدا بڕیار وابوو ئاسایشی شارەکە لەلایەن پۆلیسی فیدراڵی و هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە ڕادەستی یەکەیەکی سوپای عێراق بە فەرماندەیی نەجم ئەلجبووری بکرێت. بەرپرسانی ڕۆژئاوایی و عێراق کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەم پلانە متمانە و هەستی ئەمان بۆ خەڵکی شارەکە دەگەڕێنێتەوە. بەڵام وەکو بەرپرسانی سەربازی و حکومی عێراق بۆ ئاژانسە بەریتانییەکەیان ئاشکرا کردووە "پلانەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە، لەبەر ئەوەی توندوتیژی لە ناوچە ئازادکراوەکان زیادیکردووە".

سەرەتای ئەمساڵ ژمارەیەک لە میلیشیاکانی حەشد و پۆلیسی فیدراڵی کۆمەڵێک پۆستەری عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیان لە مەیدانێکی سەرەکیی مووسڵ هەڵواسی. ئەلحەببۆ پێیوایە "ئەمە کارێکی ژیرانە نەبوو، چونکە ئێمە زۆر کەسمان لە شەڕی عێراق و ئێراندا لێ شەهید بووە، چۆن دەکرێ ئێستا وێنەی خامنەیی هەڵواسن؟".

> **ئەگەر مووسڵ ئاوەدان نەکرێتەوە، ڕەنگە خراپتر لە داعشمان تووش ببێت**
>
> سەرۆکی شارەوانیی مووسڵ

بەڵام کێشەی گەڕاندنەوەی ئاسایشی درێژخایەن بۆ مووسڵ تەنیا پەیوەندی بە سەرهەڵدانەوەی گروپە جیهادییەکان و هەوڵەکانی تۆڵەسەندنەوەی خەڵکی شارەکە لە یەکدی نییە، بەڵکو ئەو میلیشیا شیعانەشن کە چەند مانگ لەمەوبەر بە مەبەستی ڕزگارکردنی شارەکە ڕوویان لەو ناوچەیە کرد و ئێستاش ئامادەنین چۆڵی بکەن. جەمیل خزر، میلیشیایەکی حەشد، بە (ڕۆیتەرز)ی گوتووە "من تەنیا نیگەرانی ئاسایشم، چەک و کەرستەی سەربازیی پێویستیشمان پێیە".

عەبدولستار ئەلحەببۆ ئاگای لەو درزە کۆمەڵایەتی، سیاسی و تایفییە هەیە و دەشزانێت چەندان بەربەستی گەورە بۆ ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیرکردنەوەی شارەکە دروست دەکەن، دڵنیاشە لەوەی سەرکەوتن بەسەر ئەو کێشانە کارێکی ئاسان نییە. سەرۆکی شارەوانی لە ئۆفیسەکەی خۆیەوە بۆ ئاژانسە بەریتانییەکە دەدوێت و دەڵێت "هەرچەندە بە شێوەی فەرمی پارچەپارچە نین، بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوێ عێراق وڵاتێکی دابەشبووە و خەڵکەکەشی دابەشبوونە".

تەنانەت بیری لەوەش کردووەتەوە کە ڕەنگە پێویست بکات مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لە بەغدا جیا ببنەوە و بکرێنە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم.



بەهۆی نەمانی پارە و کەمبوونەوەی گەشتیارە

# گەلەری زاموا بە دوو ساڵ 10 تابلۆی فرۆشتووە

جەمال ئەحمەد جەمیل
ڕووداو – سلێمانی

شێوەکارانی کوردستان، کوشتەی دەستی ئەو قەیرانە داراییەن کە ماوەی چوار ساڵە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە. چونکە وەک ساڵانی ڕابردوو ناتوانن بەری ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان بخۆن. شێوەکارێک دەڵێت ئێستا لە ساڵێکدا بایی 7000 دۆلار تابلۆ نافرۆشرێ، لەکاتێکدا پێشتر لە ساڵێکدا بایی 20 هەزار دۆلار تابلۆی فرۆشتووە.

گەلەری زاموا لە سلێمانی لە ساڵی 1995ەوە دامەزراوە، زۆربەی شێوەکارانی کورد لەوێن. ساڵانە پێشانگا بۆ شێوەکاران دەکاتەوە. هەروەها جێگایەکی ناسراو و کاریگەریشە بۆ بەبازاڕکردنی تابلۆکانیان. بەڕێوەبەری گەلەرییەکە دەڵێ، لەوەتای دەرگای گەلەرییەکەیان بەڕووی شێوەکاراندا کردووتەوە، هیچ کات هێندەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوو بێبازاڕی ڕووی لە تابلۆی شێوەکاران نەکردووە.

دڵشاد بەهائەدین، بەڕێوەبەری گەلەری زاموا لە سلێمانی نیگەرانە لەوەی ئێستا خەڵک وەک جاران هێندەیان پارە بەدەستەوە نییە تابلۆی پێ بکڕن "لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا تەنیا 10 تابلۆ فرۆشراوە، بەرزترین نرخی تابلۆش گەیشتووەتە 1500 دۆلار، ئەوەش نرخێکی کەمە لەچاو ساڵانی ڕابردوو".

ئەوە لە کاتێکدایە ساڵانی ڕابردوو کەمترین تابلۆ کە گەلەرییەکە لە ساڵێکدا بۆ هونەرمەندانی شێوەکاری فرۆشتبێ 30 تابلۆ بووە و زۆرترین ئەو کڕیارانەشی ڕوویان تێکردووە بۆ کڕینی تابلۆ، خەڵکانی بیانی و میوانان بوون.

> هێشتا هیچ تابلۆیەک نرخی پێوانەیی تابلۆی "کەر"ی ئاغالەی تێنەپەڕاندووە

بەڕێوەبەری گەلەری زاموا دەڵێ ئێستا بیانییەکانیش ڕوویان تێناکەن بۆ کڕینی تابلۆ و هاوکات ئەوانەشی تابلۆ دەکڕن هەمان نرخی جاران نادەن بە تابلۆ "هۆکاری دوورکەوتنەوەی بیانییەکان لە کڕینی تابلۆی شێوەکارانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕابردوودا کە میوانە بیانییەکان ڕوویان لە شاری سلێمانی دەکرد، بەرپرسان و سیاسییەکان دەیانبردنە گەلەری زاموا و هانیان دەدان بۆ کڕینی تابلۆ، بەڵام ئێستا بەهیچ شێوەیەک میوانان ناهێنن بۆ ئێرە، خۆشیان لێمان بەدوور دەگرن".

بەڵام هۆیەکە تەنیا ئەوە نییە کە سیاسییەکان و بازرگانانی کورد، میوانەکانیان نابەنە گەلەری، داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ژمارەی گەشتیار و میوانە بیانییەکانی بەشێوەیەک کەمکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک بە ساڵانی ڕابردوو بەراورد ناکرێ.

ئێستا گەلەری زاموا پێ دەنێتە 23هەمین ساڵی تەمەنیەوە. لەو ماوە زۆرەدا وەک هونەرمەندانی شێوەکار باسی دەکەن، گرانترین تابلۆ کە لەو گەلەرییە فرۆشرابێ، نرخەکەی 5 هەزار دۆلار بووە، بەڵام ئەوە مانای وانییە کە تابلۆی شێوەکارانی کورد لەو پارەیە زۆرتری نەکردبێ.



ئێستا بیانییەکان کەمتر لە جاران ڕوو لە گەلەری زاموا دەکەن

دکتۆر ڕێبوار سەعید، شێوەکارێکی ناسراوی کوردە و لەسەر ئاستی جیهانیش ناوێکی دیارە. خاوەنی 5 هەزار پۆرترێتی شەهیدانە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە. ئەو دەڵێت زۆرترین تابلۆ کە فرۆشتبێتی لە وڵاتانی ئەوروپا بووە "ئەم ساڵانەی دوایی بۆ شێوەکارانی کورد لە هەرێمی کوردستان زۆر خراپ بوو لەڕووی تابلۆ فرۆشتنەوە، من لەو ماوەیەدا 10 تابلۆم لە کوردستان فرۆشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بازاڕ نەبووە نرخی تابلۆکانیش دابەزیوە، بەڵام لە ئەوروپا زۆر زیاتر بووە".

بەبڕوای دکتۆر ڕێبوار سەعید، جیاواز لەوەی قەیرانی دارایی کاریگەری هەبووە لەسەر فرۆشتنی تابلۆ، تابلۆ کڕین لەلای خەڵکی کوردستان نەبووەتە کولتوور "بەشێکی زۆر لە خەڵکی گرنگی زیاتر بە تابلۆی بازرگانی دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک نانی بەلاوە گرنگترە لە تابلۆ، بەتایبەت بۆ ئێستا".

لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵدا، کچە خوێندکارێکی زانکۆی گەرمیان بە تابلۆیەکی ئێرۆتیکی بەشداری کردبوو لە پێشانگایەکی شێوەکاریدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی چەند خوێندکارێک بە پاساوی ئەوەی تابلۆکانی ڕووتن و لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان ناگونجێن، ناچاریان کرد تابلۆکەی لابدات. دواتر چیرۆکی تابلۆکە بە خێرایی بڵاوبووەوە و وەک کاردانەوەیەک تابلۆکەی شەریهان یونس خرایە مەزادەوە و بە 3600 دۆلار فرۆشرا.

ڕۆستەم ئاغالە، ئەو شێوەکارەی هەمیشە شانازی بەوەوە دەکات کە بە تابلۆی "کەر" توانیویەتی خانوویەک بکڕێت، گەلەرییەکەی خۆی وەکو جاران قەرەباڵغ نییە و خەڵکیش کەمتر ڕووی تێدەکەن بۆ کڕینی تابلۆ. ئەو دەڵێ: "تاوەکو ئێستاش خەڵک لە وڵاتانی ئەوروپاوە داوای تابلۆکانم دەکەن". ئاغالە، پێیوایە پێداویستی ژیانی خەڵک گۆڕاوە. ئەو لە ڕابردوودا ساڵی وا هەبووە بایی 20 هەزار دۆلار تابلۆی فرۆشتووە.

# مزگەوتی سوور.. فێرگەی سەدان مەلای گەورەی کورد

زامدار ئەحمەد
ڕووداو – مهاباد

لە دووریی چەند سەد مەترێک لە مەیدانی مەلا جامی، گومبەزێکی سوورباو دیارە. گومبەزی مزگەوتێکی مێژوویی و کولتووریی ناوچەکەیە بەنێوی "مزگەوتی سوور" کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و زۆرترین خەڵکی شاری مەهاباد حەز دەکەن نوێژی هەینی لەوێ بکەن، هەروەها گەشتیاران و مێژوودۆستانی بۆ لای خۆی کێش کردووە.

هۆشمەند کەریم لە باشووری کوردستانەوە گەشتی ڕۆژهەڵاتی کردووە، لە نێو حەوشە پڕ سەوزاییەکەی مزگەوت سەرقاڵی وێنەگرتنە، دەخوازێ هونەری بیناسازی و سەوزایی و گومبەزەکە بخاتە نێو وێنەیەکەوە. هۆشمەند بە (ڕووداو)ی گوت: "بە مەبەستی بینینی شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵات هاتووم. خەڵکی مەهاباد گوتیان: سەردانی مۆزەخانەی مامۆستا هێمن، مۆزەخانەی فەرهەنگیی مەهاباد و مزگەوتی سوور بکە. بە وردی چاوم لەنێو ئەم مزگەوتەدا گێڕا، زۆر خاڵی سەرنجڕاکێش و تایبەتمەندی هەیە، 340 ساڵ لەمەوبەر بەم شێواز و دیزاینە جوانە دروستکراوە، ئەم خشتە ڕێک و سوورەی تێدا بەکارهاتووە و سەقفی هۆڵی نوێژکردن، گومبەز گومبەز سازکراوە، کەشوهەوای ئێرە زۆر تایبەتە، لە بینینی ئەم مزگەوتە چێژم وەرگرت".



مزگەوتی سوور 340 ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە

مزگەوتی سوور، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی سەفەوییەکان دروستکراوە، لەو کاتەی "بوداق سوڵتانی موکری" دەبێتە حاکمی ناوچەکە، بڕیاری دروستکردنی ئەو مزگەوتە دەدرێ. فەرەیدون حەکیمزادە، نووسەر و توێژەری کورد بە (ڕووداو)ی گوت: "مزگەوتی سووری مەهاباد، ساڵی (1678) بە فەرمانی شا سلێمانی سەفەوی و لەژێر دەستی بوداق سوڵتانی موکری دروستکراوە. 340 ساڵ بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕیوە، بەڵام گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، تەنیا جارێک ڕووی دەرەوەی نۆژەن کراوەتەوە. دیارە کاتی خۆی ئەم مزگەوتە لە ڕووی بیناسازییەوە بایەخی زۆری پێدراوە، زۆر بە هونەری و تایبەتی دروستکراوە".

مزگەوتی سوور لەسەر ڕووبەری (1260) مەتر چوار گۆشە دروستکراوە. 10 ستوونی بەردی و 18 گومبەزی تێدایە، نێوانی ستوونەکان چوار مەتر و نیوە، دوو دەرگای تێدایە، دەرگای باشوور و دەرگای باکوور، تەواوی مزگەوتەکە لە خشتی سوور دروستکراوە. خاوەنی ئاوی خۆیەتی، لەسەر بەردێکی لای دەرگای مزگەوتەکە بوداق سوڵتان نووسیویەتی: "سوپاسی خودا دەکەم، کە یارمەتیدام بۆ سازکردنی ئەم مەدرەسە شەریفە".

فەرەیدون حەکیمزادە کە کتێبێکی بە ناونیشانی "ساوجبلاخ مکری، تاریخ تحولات اجتماعی، سیاسی و اقت×ادی مهاباد) نووسیوە، دەڵێت "لە ساڵی 1969 وە مزگەوتی سوور بە شوێنەواری نەتەوەیی دانراوە".

هەر سەبارەت بەم مزگەوتە، نووسەر و لێکۆڵەری مەهابادی محەممەد ئەحمەدیان بە (ڕووداو)ی گوت: مزگەوتی سوور، مزگەوتێکی جوانە و لە نێوەڕاستی شاری مەهاباد هەڵکەوتووە، بوداق سوڵتان دەستی هەبووە لە خزمەتکردنی ناوچەکەدا، بۆ نموونە دە ساڵ پێش ئەم مزگەوتە پردی سووری لەم شارە دروست کردووە، بە داخەوە ئێستا ئاسەواری پردەکە نەماوە".

لەمەڕ گرنگیی ئەو مزگەوتە بۆ خوێندنی ئاینی و فەقێیەتی و پێگەیاندنی مەلای دیار و شارەزا، ئەحمەدیان گوتی: "لەدوای تەواوکردنی مزگەوتەکە بوداق سوڵتان بەدوای مەلایەکی زیرەک و بەتواناداد گەڕاوە، لەم ناوچەیە مەلا و عالمی بەدەست نەکەوتووە، بۆیە چووەتە مەریوان، لە بنەماڵەی مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، مەلا جامی هێناوە و کردوویەتی بە یەکەم مەلای مزگەوتی سوور، مەلا جامی حوجرەی تێدا کردووەتەوە. دواتر بنەماڵەی زەکی، مەلا و مودەڕیسی ئەو مزگەوتە بوون، مەلا ڕەسووڵی زەکی مەلایەکی بەرچاو بووە، بە دەیان و سەدان فەقێی هەبووە، تەنانەت موفتی زەهاوی لەو مزگەوتە فەقێ بووە و لای مەلا زەکی خوێندوویەتی کە 50 ساڵ موفتی عێراق بووە".

ئەحمەدیان کە ئێستا سەرقاڵی نووسین و ئامادەکردنی کتێبێکە لەمەڕ "مەلاکانی ناوچەی موکریان"، گوتیشی "چەندین بنەماڵەی دیار و بەرچاو و بەتوانا لەو مزگەوتە دەرسیان گوتووەتەوە و جێگە و پێگەیان لە مێژووی فەقێیەتی و مەلایەتی دیارە، هەروەها مەلا محەممەدی یایی لە بنەماڵەی یایی، ئەو کەسە گەورەیەیە کە ئیجازەی مەلایەتی بە عەلامە قزڵچی و مەلا عەبدوڵڵای پیرەبابی داوە".

حوجرەی مزگەوتی سوور ئێستاش کراوەیە و بەردەوام فەقێی تێدایە.

# بەڵگەفیلمی ژیانی پێشمەرگەیەک دەبێتە ڕۆژەڤی سوێد




ڕووداو – ستۆکهۆڵم

ئەزموونی ژیان و کاری پێشمەرگەیەکی شارەزای پووچەڵکردنەوەی مین، لە یەکەم ڕۆژی نمایشکردنیدا لە سوێد دەبێتە ڕۆژەڤ. دوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەو وڵاتە بەهۆی گرنگینەدان بە فیلمەکە، بەرەوڕووی ڕەخنەی زۆر دەبنەوە.

بەڵگەفیلمی "زە دیماینەر" دووەم فیلمی دەرهێنەری کورد هۆگر هرۆرییە و لە پریمێرەی سوێددا دەبێتە ڕۆژەڤی ئەو وڵاتە. فیلمەکە باسی ژیانی عەقید فاخر بەرواری دەکات کە لە ناچاری دەبێتە مینهەڵگرەوە و لە کاتی شەڕی داعشدا و لەوکاتەی خەریکە بۆمبێکی چێنراو پووچەڵ دەکاتەوە، گیانی دەبەخشێ.

میدیاکانی سوێد بە ئەرێنی لە بارەی ئەو فیلمە دەگێڕنەوە. فیلم تۆپ دەڵێت "زە دیماینەر، چیرۆکی مەزنترین قارەمانی سەردەمی مۆدێرن و باشترین فیلمی ساڵە". تەلەفزیۆنی ئێس ڤی تی دەڵێت: "باشترین و جوانترین چیرۆک و وێنە، تووشی هەناسەبڕکێت دەکات". یەکێکیش هاوشێوەی فیلمێکی وەرگری شەش خەڵاتی ئۆسکار ناوی دەبات، ئێس ڤی تی کولتوور دەڵێت: "ئەم فیلمە هاوشێوەی هارت لۆکەرە، بەڵام ئەمە ڕاستییە".

دوای نیشاندانی فیلمەکە لە سینەمای گەورەی ستۆکهۆڵم "فیلم ستادن"، دەرهێنەری فیلمەکە بە نیگەرانییەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی دوو ڕۆژنامەی سوێد، بڕیاریان دابوو لە بارەی فیلمەکە بنووسن کە کاریگەریی زۆری دەبوو لەسەر ڕایتینگی فیلمەکە لە نێو بازاڕگەری فیلمسازیدا، لە دواساتدا بەبێ هیچ هۆکارێک، نەیاننووسی.

هۆگر هرۆری دەڵێت بەداخەوە دوو ڕۆژنامەی گەورەی سوێد فیلمەکە بەرز نانرخێنن، کەس نازانێت بۆچی، چونکە حەق وابوو، ئەوان ئەو کارە بکەن، ئەمە بۆ من ئیشێکی گەورە بوو، پێموایە ئەمە پرسێکی سیاسییە و فیلم دەربارەی پێشمەرگەیێکە..

هەردوو ڕۆژنامەی Dagens nyheter DN و Göteborg post GP لەبەر نەنووسینیان لەبارەی فیلمەکە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە بەر ڕەخنەی کوردی سوێد کەوتن.

لە کاتی نمایشی فیلمەکە، هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن شەریف ئامادە بوو، ئەو کە پێشتر پێشمەرگە بووە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: "سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە پێشمەرگە و جەسارەت و وەڵاتپارێزی و مرۆڤدۆستیی پێشمەرگەیان هێنایە نێو سینەمای ئەوروپا. بەڕاستی چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک".

"زە دیماینەر" لە دەرهێنانی هۆگر هرۆرییە کە کوردێکی باشووری کوردستان و نیشتەجێی سوێدە. شینوار کەمالیش یاریدەری دەرهێنەرە. فیلمەکە سەرەتای ئەم مانگە لە پراگ خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی مافی مرۆڤ وەرگرت، لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردووش خەڵاتی تایبەتی فێستیڤاڵی دۆکیۆمێنتاری ئەمستردامی وەرگرت. تاوەکوو مانگی نیسان لە سەرانسەری سوێد چیرۆکی پێشمەرگەی مینهەڵگرەوە نمایش دەکرێ.



## هەناردەکردنی نەوتی عێراق و کوردستان دادەبەزێ

**ڕووداو - هەولێر**

هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی سێدا 70 هەزار بەرمیل و، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانش بەهەمانشێوە 70 هەزار بەرمیل دابەزیوە. بەپێی سەرچاوە پیشەسازییەکان، لە مانگی ئاداری 2018 دا ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە کێڵگە نەوتییەکانی، ڕۆژانە 70 هەزار بەرمیل کەمیکردووە. بەوپێیەش ئەوە بۆ سێ مانگە هەناردەکردنی نەوتی عێراق کەمدەبێتەوە. هەر بەپێی سەرچاوەکانی گواستنەوەی دەریایی، هەناردەکردنی نەوتی کوردستانیش لە مانگی سێدا، ڕۆژانە 270 هەزار بەرمیل بووە، بەمپێیە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستانیش ڕۆژانە 70 هەزار بەرمیل دابەزیوە، چونکە لە مانگی دوودا ڕۆژانە 340 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەکردبوو.

### ساڵی ڕابردوو تەنیا 211 کەس لەڕێی وەزارەتی کارەوە کاریان دەستکەوتووە

# گەنجان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ کار دەگەڕێن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی کەمبوونەوەی دەرفەتی کار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، بە دەیان پەیج و گروپ و ماڵپەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ دۆزینەوەی کار کراونەتەوە، ئەوان خەریکە شوێنی وەزارەتی کار دەگرنەوە و چەندین بێکار لەو ڕێگایەوە کاریان دەستکەوتووە.

دۆزینەوەی دەرفەتی کار لەڕێگەی ئۆنلاینەوە، دەمێکە لە وڵاتان ڕێچکەی خۆی گرتووە و چەندین کۆمپانیا و ماڵپەری تایبەتی بۆ دامەزراوە، بەڵام لە کوردستان ئەم شێوازە هێشتا لەقۆناغی سەرەتاییدایە، پێشتر هەندێ گروپ زیاتر لەڕێگەی ناردنی پۆستی ئەلیکترۆنی

> **خواستی بازاڕ زیاتر لەسەر قاتی چینییە**

دەرفەتەکانی کاریان بڵاودەکردەوە، بەڵام ئێستا زیاتر سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەری ئەلیکترۆنی دەبینن.

ماڵپەری ئاوێزە، چەند ساڵێکە ڕیکلامی دەرفەتی کار بۆ کۆمپانیاکان بڵاودەکاتەوە، چەندین گەنج لەو ڕێگەیەوە کاریان دەستکەوتووە. هادی ئەمین، بەڕێوەبەری بەشی دەرفەتی کار لە ماڵپەری ئاوێزە، دەڵێت: "پێشتر ئێمە گووگڵ گروپێکمان هەبوو، دەرفەتی کاری کۆمپانیاکانمان کۆدەکردەوە و لەڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی بۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵکمان دەنارد، بەڵام لە ساڵی 2011 بەشێکی تایبەت بە دەرفەتی کارمان لە ماڵپەڕەکە کردەوە، لەو ڕێگەیەوە ڕیکلامی دەرفەتی کاری کۆمپانیا و خاوەنکارەکان بڵاودەکەینەوە و بۆ هەر ڕیکلامێکیش 10 هەزار دینار وەردەگرین".

بەگوتەی هادی ئەمین، لە ساڵی 2011 تاوەکو 2017 زیاتر لە 16 هەزار ڕیکلامی دەرفەتی کاریان لە کۆمپانیاکان بڵاوکردووەتەوە و بەوهۆیەوە بە هەزاران گەنج کاریان دەستکەوتووە.

هادی ئەمین گوتی: "بۆ ئەوەی ڕیکلامەکانمان بەزۆرترین خەڵک بگات، سوودمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بینیوە و چەند گروپ و پەیجێکی تایبەتمان هەیە".

بەپێی داتاکانی ماڵپەری ئاوێزە، زۆرترین ڕیکلامی دەرفەتی کار لە ساڵی 2014 بڵاوکراوەتەوە کە 2.955 ڕیکلام بووە، کەمترینیشی لە ساڵی ڕابردوو بووە کە 1.704 ڕیکلام بووە.

هادی ئەمین دەڵێت: "بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی، دەرفەتی کار کەمبووەتەوە و ڕێژەی بێکاری زیاد بووە، بۆیە کۆمپانیا و خاوەنکارەکان کەمتر لە جاران ڕیکلام بۆ هەلی کار دەکەن".

گوتیشی: "خوازیارانی کار بەڕێژەیەک زیاد بوون، جاری وا هەیە ڕیکلامێک بڵاودەکەینەوە زیاتر لە 500 سیڤی ئاراستەی کۆمپانیاکە دەکرێت، ئەمەش وای لە کۆمپانیاکان کردووە لە ڕێگەی زیادکردنی تایبەتمەندیی کرێکارەوە، وەک زانینی چەند زمانێک و بڕوانامە و پێشینە و شارەزایی و چەندین تایبەتمەندیی دیکە، فلتەر بۆ پێشکەشکردنی سیڤی دابنێن".

بەگوتەی هادی ئەمین، زانینی زمانی ئینگلیزی و شارەزایی لە کۆمپیوتەر و ئەزموونی کار، بووەتە خواستی بازاڕ، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو گەنجانەی کە خوازیاری کارن لە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان، پێشوەختە بەشداریی خولی فێربوونی زمان و کۆمپیوتەر بکەن و بۆ ئەزموونی کاریش ماوەیەک خۆبەخشانە لە کۆمپانیاکان کاربکەن.

عومەر ئیسماعیل، سەرپەرشتیاری گروپی فاین جۆپ ئین کوردستان لە فەیسبووک، یەکێکە لەو گەنجە خۆبەخشانە کە ماوەی چەند ساڵێکە لەڕێگەی گروپەکەیەوە دەرفەتی کار بۆ گەنجان دەدۆزێتەوە، ئەو دەڵێت: "کاتێک خوێندنی زانکۆم تەواو کرد، بینیم گەنجێکی زۆر لە کوردستان وەک من بێکارن و شوێنێکیش نییە بەدوای کاردا بگەڕێن، بۆیە بیرۆکەی دروستکردنی گروپێکم بۆ دۆزینەوەی کار بۆ گەنجان بێ بەرامبەر لادروست بوو، بۆ ئەمەش سوودم لە فەیسبووک وەرگرت".

عومەر ئیسماعیل گوتی: "ئێستا گروپێک و چەند پەیجێکم هەیە، بۆ هەر شارێکیش پەیجێکم داناوە، ڕیکلامی هەلی کاری کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بێ بەرامبەر بڵاودەکەینەوە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە هەزار گەنج بەهۆی ئێمەوە کاریان دەستکەوتووە".

عومەر ئیسماعیل، ئێستا لە کۆمپانیایەکی کۆری کاردەکات، کارەکەشی لەڕێگەی ئۆنلاینەوە دەستکەوتووە، ئەو دەڵێت: "کۆمەڵێک کۆمپانیا و ڕێکخراو و ماڵپەر هەن، بەناوی دۆزینەوەی کار بە پارە فۆرم بۆ خەڵک پڕدەکەنەوە و فێڵ لە خەڵک دەکەن، تەنانەت چەند جارێک هەڕەشەیان لێکردووم کە چۆن بەبێ بەرامبەر کار بۆ خەڵک دەدۆزمەوە".

بەپێی ڕووپێویەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی 2012 ڕێژەی بێکاری لە کوردستان 7.9% بوو، ساڵی 2013 دابەزی بۆ 6.5%، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و پاشەکشێی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و وەستانی کار لە زۆربەی سێکتەر و پڕۆژەکان، ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2015 بۆ 13.53% بەرز بووەوە. بەپێی دوایین ڕووپێویش کە بۆ ئاسایشی خۆراک لە ساڵی 2016 کراوە، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 14%.

وەزارەتی کار لە ڕێگەی شەش بەڕێوەبەرایەتییەوە ناوی گەنجانی بێکار تۆمار دەکات و ڕاهێنانیان پێدەکات، لە ڕێگەی سەردانی ڕاستەخۆی تیمەکانیان بۆ کۆمپانیا و کارگەکان و شوێنە بازرگانییەکان، هەلی کاریان بۆ دەدۆزنەوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەت، ساڵی ڕابردوو 1،996 کەس وەک بێکار خۆیان تۆمار کردووە، بەڵام تەنیا 211 کەس بەو کارە ڕازی بوون کە بۆیان دۆزراوەتەوە.

نەزمی مووسا، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، خاوەنکارەکان پارەی کەم دەدەن، بۆیە زۆربەی ئەو بێکارانەی تیمەکانی ئێمە کاریان بۆ دەدۆزنەوە، ڕازی نین بەکارەکە یان دەچنە سەر کار و زوو واز دەهێنن".

بۆ گەشەپێدانی سیستەمی دۆزینەوەی دەرفەتی کار، دوو ساڵ لەمەوبەر ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، ماڵپەرێکی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ وەزارەتی کار دروستکرد، لەڕێگەی ماڵپەرەکەوە خاوەنکار و کرێکار دەتوانن بەیەک بگەن.

نەزمی مووسا دەڵێت "ماڵپەرەکە بە چەند هۆکارێکی هونەری ئێستا کارناکات، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونمان ئەم سیستەمە بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار زۆر باش نییە، چونکە ئەوانەی بێکارن زۆر شارەزای ئەم سیستەمە نین".

سەبارەت بەو ماڵپەر و کۆمپانیا و گروپانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی کار بڵاودەکەنەوە، نەزمی مووسا دەڵێت: "کاری زۆربەیان پەیداکردنی پارەیە، نەک دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران، چونکە زۆربەی ئەو ڕیکلامانەی بۆ دەرفەتی کار بڵاوی دەکەنەوە بەشێکیان وەهمین و بەشێکی دیکەشیان کاتین".

ئەو دەڵێت: "هەندێ کۆمپانیای دۆزینەوەی کار هەن، پێشوەختە لەگەڵ خاوەنکارەکان ڕێکدەکەون، بۆ نموونە بەناوی کردنەوەی خول 100 کەس ناونووس دەکەن و بەپارە خولیان بۆ دەکەنەوە، دواتر تەنیا سێ کەسیان وەردەگرن. یان کۆمپانیا هەیە 10 کرێکاری پێویستە فۆرم بۆ 100 کەس بە پارە پڕدەکەنەوە و کە ناویشی دەردەچێ پارەی لێوەردەگرن. دامەزراندنەکەش کاتییە. بەپێی گرێبەست لەماوەی سێ مانگی ئەزموونیدا، خاوەنکار بۆی هەیە کرێکارەکە دەربکات، بۆیە هەردوولا فێڵ لە کرێکار دەکەن".


پەیج و ماڵپەڕەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت خەریکە شوێنی وەزارەتی کار دەگرنەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

### 85% یان تورکین



# ساڵانە یەک ملیۆن پاتریی ئۆتۆمبیل هاوردەی کوردستان دەکرێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بازرگانێکی هاوردەکردنی پاتریی ئۆتۆمبیل دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی، فرۆشی پاتریی ئۆتۆمبێل 40% کەمی کردووە، زیاتریش خواست لەسەر پاتری کواڵیتی نزمە، چونکە نرخەکەی هەرزانە، بۆیە بازاڕەکانی کوردستان پڕبوون لە پاتریی بێ کواڵیتی.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، تا کۆتایی ساڵی ڕابردوو نزیکەی یەک ملیۆن و 469 هەزار و 887 ئۆتۆمبێل تۆمار کراون. لەو ژمارەیەش یەک ملیۆن و 401 هەزار 525یان ئۆتۆمبێلی تایبەت و کرێ و بارهەڵگرن، ئەوانی دیکەش ئامێری کشتوکاڵی و پیشەسازین.

هەر ئۆتۆمبێلێک لەوانە ساڵانە یان دوو ساڵ جارێک پێویستی بە گۆڕینی پاتری هەیە، ئەمە جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق کە ئاوارە عەرەبەکان لەگەڵ خۆیان هێناویانە.

حیکمەت سابیر ئەمین، خاوەنی نووسینگەی حیکمەت بۆ هاوردەکردنی پاتریی ئۆتۆمبێل، بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن پاتریی ئۆتۆمبێل بە هەموو قەبارەکانیەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت".

حیکمەت کە ماوەی 38 ساڵە پاتری دەفرۆشێ و بریکاری شەش مارکەی پاتریی تورکییە لە عێراق و هەرێمی کوردستان و چەندین بریکاری لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەیە، دەڵێ قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر بازاڕی پاتریش هەبووە.

حیکمەت گوتی: "بەهۆی قەیرانی دارایی فرۆشی پاتری لە هەرێمی کوردستان لەچاو پێش قەیرانەکە 40% کەمی کردووە، زیاتریش خواست لەسەر پاتریی کواڵیتی نزم و هەرزانە، بۆیە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕ بوون لە پاتریی کواڵیتی خراپ و تەقلید".

حیکمەت بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ خواستی بازاڕ بگونجێنێ، لەو شەش مارکەیەی بریکاریانە، سێ جۆری لە کواڵیتی بەرز و سێ جۆری دیکەش لە کواڵیتیی مامناوەند هاوردە دەکات. ئەو دەڵێت: "پێشتر بەشێک لەو پاتریانەی هاوردەمان دەکردن، بۆ شارەکانی عێراق دەنێردران، بەڵام ئێستا بەهۆی دووبارە وەرگرتنەوەی گومرگ کەمتر هاوردە دەکەین، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو تەنیا 80 هەزار پاتریمان هاوردە کرد، بەڵام ساڵانی پێشتر سێ ئەوەندەمان هاوردە دەکرد".

پاتری یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئۆتۆمبێل، هەر شوفێرێک هەرچەندە بارودۆخی ئابووریی خراپ بێ، بۆ ئۆتۆمبێلەکەی پێویستی پێی دەبێ، بۆیە بەگوێرەی کواڵیتی پاتریەکە و بەکارهێنانی، ساڵانە یان دووساڵ جارێک پێویستی بەگۆڕینی پاتری هەیە.

سەعد کەمال، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای سوپەر ستار بۆ هاوردەکردنی تایە و پاتریی ئۆتۆمبیل کە بریکاری عێراق و هەرێمی کوردستانە بۆ دوو مارکەی پاتریی تورکی، دەڵێت: "گۆڕینی پاتریی ئۆتۆمبێل بەگوێرەی کواڵیتی و بەکارهێنانی دەگۆڕێ، کواڵیتیی زۆر باش سێ ساڵ خۆی دەگرێ، کواڵیتیی باش و مامناوەند بەشی ساڵێک تا دوو ساڵ دەکات، بەڵام ئێستا بازاڕ پڕ بووە لە پاتریی کواڵیتی خراپ کە هەیانە تەنیا 6 مانگ کار دەکات".

بە گوتەی سەعد کەمال، ئێستا نزیکەی 25 جۆر مارکەی پاتری لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان هەن کە 85%یان تورکین، ئەوانی دیکەش کۆری و ئەوروپین. سەعد گوتی پێشتر پاتریی ئێرانیش لە بازاڕدا هەبوو، بەڵام بەهۆی خراپیی کواڵیتییەکەی بازاڕی نەبوو.

ئەو پاتریانەی سەعد هاوردەیان دەکات نرخیان لە نێوان 32 تاوەکو 200 دۆلاردایە.

سەعد ساڵی ڕابردوو نزیکەی 40 هەزار پاتری هاوردە کردبوو، ئەو دەڵێت بەهۆی لاوازیی باری دارایی خەڵک لە سێ ساڵی ڕابردوودا پاتریی کواڵیتی زۆر خراپ هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە. ئەو دەڵێت "هەندێک بازرگان هەن بۆ دابەزاندنی نرخ و کێبڕکێی بازاڕ مس و پێکهاتەی نێو پاترییەکانیان کەم دەکەنەوە، بۆ نموونە پاترییەکی 60 ئەمپێری کواڵیتی باش، کێشی ڕاستەقینەی 14.8 کیلۆ گرامە، ئەوان بۆ 12 کیلۆ دایدەبەزێنن، هەمان تواناشی لەسەر دەنووسن و 10 دۆلار کەمتر لە نرخی ئێمە دەیفرۆشن".

سەعد ئاماژە بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی پاتریی بێ کواڵیتی دەکات و دەڵێت "جگە لەوەی تەمەنیان لە پاتری ئاسایی کەمترە، زۆرجاریش کێشە بۆ کارەبای ئۆتۆمبێل دروست دەکەن بەتایبەت ئۆتۆمبێلی ئەمەریکی و ئەڵمانی، چونکە هێزی پێویست نادات".

### پاترییە کۆنەکان دەبەنە ئێران

بەهۆی نەبوونی کارگە لە هەرێمی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن لە پاترییە لەکار کەوتووەکان، هەندێ نووسینگە و بازرگان پاترییە بەکارهاتووەکان لە شار و شارۆچکەکان کۆدەکەنەوە و هەناردەی ئێرانی دەکەن، لەوێ پاتریی نوێی لێ دروست دەکرێتەوە.

سەعد کەمال، دەڵێت "لە کوردستان کارگەیەک بۆ سوود وەرگرتن لە پاتریی کۆن دامەزرا، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت ناتوانن لەڕووی کواڵیتی و نرخەوە کێبڕکێی پاتریی تورکی بکەن، وازیان هێنا".

پێشتر لەعێراق کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی پاتریی ئۆتۆمبێل هەبوو، جۆرە پاترییەکی بەناوی بابل بەرهەم دەهێنا، ئەم پاترییە تاوەکو نەوەتەکانیش لە بازاڕەکانی عێراقدا هەبوو، بەڵام بەهۆی پاتریی هاوردەوە ئەویش لە بازاڕدا نەما.

نەوزاد مەلا حەسەن، خاوەنی نووسینگەی هەرمان کە پاتریی کۆن دەکڕێتەوە و هەناردەی دەکات بۆ ئێران، دەڵێت "لە ئێران خواستێکی زۆر لەسەر پاتریی کۆن هەیە، بۆیە بەدەیان بازرگان پاترییە بەکارهاتووەکانی هەرێمی کوردستان دەکڕنەوە و هەناردەی ئێرانی دەکەن".

نەوزاد مەلا حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پێشتر مانگانە نزیکەی 4000 تۆن پاتریی بەکارهاتوویان هەناردەی ئێران دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ خواست کەمتر بووە، مانگانە نزیکەی 3000 تۆن هەناردە دەکەن.

نەوزاد مەلا حەسەن دەڵێت ئەگەر حکومەت هاوکاریان بێ و ڕێ لە هەناردەکردنی پاتریی کۆن بۆ ئێران و هاوردەکردنی پاتریی تازە بۆ کوردستان بگرێ، دەتوانن کارگەیەکی بەرهەمهێنانی پاتری بە کواڵیتییەکی بەرز دابمەزرێنن.


شوفێران زیاتر بەدوای پاتریی هەرزان و کواڵیتی نزمدا دەگەڕێن

# داهاتووی وزەی عێراق لە هەرێمی کوردستانە

## عێراق ئەگەر پرۆژە غازییەکەی خۆی سەربخات، دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوەی غاز لە نێوان تورکیا، ئێران، سووریا، ئوردن و سعودیە

**ڕووداو - هەولێر**

لە 15 ساڵی رابردوودا تاکە کەرتی عێراق کە گەشەسەندنی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە کەرتی وزە بووە، هەر ئەو کەرتەش دەتوانێت لە داهاتوودا ببێتە مەیدانی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. بەگوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگەی واشنتن، لە چەند ساڵی داهاتوودا پیشەسازیی نەوت و غازی عێراق دوو سیناریۆی لەبەردەمە کە یەکێکیان کەرتی نەوتی عێراق رادەستی ئێران دەکات و ئەوەی دیکەیان عێراق دەکات بە ڕێگەیەکی سەرەکی لە نێوان وڵاتانی کەنداو، تورکیا و ئەورووپا، بەرژەوەندیی ستراتیژی ئەمریکاش لە وەدیهاتنی سیناریۆی دووەمدایە.

### گەشەی خێرای کەرتی وزەی عێراق

مانگی رابردوو لە کۆنفرانسی "نەوتی عێراق" لە بەرلین ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە 2017دا گەیشتووەتە پێنج ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. جیا لەمەش عێراق پلانی ئەوەی هەیە دەست بە پرۆژەی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە دەریاش بکات و یەکەمجار ئاستی بەرهەمهێنان بۆ حەوت ملیۆن و دواتریش بۆ نۆ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە.

عێراق یەدەکێکی گەورەی غازی سروشتیشی هەیە کە 16 ملیار مەتر سێجای بەفیڕۆ دەچێت. بەڵام پلانی هەیە تاوەکو ساڵی 2021 بە تەواوەتی ڕێگە لەو بەفیڕۆچوونە بگرێت و وەکو سەرچاوەیەکی پاکتر، هەرزانتر و بەسوودتر بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کەڵکی لێوەربگرێت. بە گوێرەی راپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن، ئەگەر عێراق ئەو پرۆژە غازییەی خۆی سەربخات، دەتوانێت ببێتە ڕێڕەوی گواستنەوەی غاز لە نێوان تورکیا، ئێران، سووریا، ئوردن و سعودیە.

### کوردستان و نەوتی کەرکووک

جەیمز جێفری، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و تورکیا و مایکڵ نایتس، شارەزای کاروباری عێراق کە ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە، پێیانوایە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان گەورەترین بەربەستن لەبەردەم ئەو پلانانە، لەبەرئەوەی کێڵگەکانی ئەو ناوچەیە دەکەونە زۆنێک کە بە "کێشە لەسەر" ناسراوە، بەڵام ئەم کێشەیە دەتوانێت ئێران و تورکیا بهێنێتە سەر خەت و ئەمریکاش هەندێکجار وەکو نێوەندگیر بەشداری کێشەکەیە.

کێشەی سەرچاوەکانی وزە لە نێوان بەغدا و هەولێر بۆ کاتی پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە 2005 دەگەڕێتەوە. بەپێی دەستوور، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دۆزینەوە و پەرەپێدانی کێڵگەی نوێی نەوت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەبێت، بەڵام هەر بەپێی دەستووری عێراق، مافی بازاڕدۆزی بۆ نەوتی هەموو ناوچەکانی عێراق بۆ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کە بە (سۆمۆ) ناسراوە، دەگەڕێتەوە. ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر لەبارەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان داناوە.

لە ماوەی سێ ساڵی هەڕەشەکانی داعشدا، کەرکووک و کێڵگەکانی لەژێر کۆنتڕۆڵ و چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوون، بەڵام لەگەڵ تێکشکانی داعش، هێزە عێراقییەکان گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول و بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان وەکوو هەلێک بۆ هێرشکردنە سەر کەرکووک بەکارهێنا. ئێستاش کێشەی سەرەکیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا ئەوەیە نەوتی کەرکووک چۆن هەناردە بکرێت و کێ بازاڕ بۆ نەوتی کەرکووک لە بەندەری جەیهان بدۆزێتەوە.

### کەرکووک و هاوبەشەکانی عێراق لە بواری وزەدا

بەگوێرەی راپۆرتی پەیمانگا ئەمریکییەکە، سێ وڵات بەرژەوەندیی گەورەیان بەستراوەتەوە بە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداوە سەبارەت بە نەوتی کەرکووک، ئەوانیش بریتین لە رووسیا، تورکیا و ئێران.

**رووسیا:** کۆمپانیای روسنێفت سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا کردووە. بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا رووسییەکە، خاوەندارێتی بەشێک لەو بۆڕییە نەوتەی لە کەرکووکەوە بەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا دەڕوات، بۆ کۆمپانیا رووسییەکە دەبێت. ئەو بۆڕییە نەوتی کەرکووک بە بەندەری جەیهان لە تورکیا دەبەستێتەوە.

تورکیا: لە گەرمەی رووداوەکانی دوای گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستاندا حکومەتی تورکیا ئامادە نەبوو ناردنی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان رابگرێت. تورکیا ئامادە نییە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان رادەستی عێراق بکاتەوە، چونکە پێیوایە عێراق دەبێ یەکەمجار قەرزە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بە تورکیا بداتەوە، هەروەها داواش دەکات بەغدا ئەو سکاڵایە بکێشێتەوە کە بەهۆی بۆڕیی نەوتی نێوان کوردستان و تورکیا - تۆماری کردووە.

راپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەرژەندیی بازرگانیی تورکیا لەوەدایە دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی لە باکووری عێراق هەبێت، وەکو چۆن چاوی لەسەر هەناردەی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستانیشە کە بڕیارە لەگەڵ تەواوبوونیدا بە تورکیادا بڕوات.

بەڵام وەکو لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، تورکیا بەرژەوەندییەکی گەورەشی لە عێراقدا هەیە، چونکە عێراقێکی سەقامگیر دەتوانێت بازاڕێکی گەورە بێت بۆ کاڵا تورکییەکان، جیا لەمەش لە کۆنفرانسی مانگی رابردووی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا کە لە کوێت بەڕێوەچوو، تورکیا بەڵێنی دا پێنج ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخان بکات.

ئێران: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر ئێستاش کارەبا و غازی سروشتی بە نرخێکی بەرزتر لە بازاڕەکان بە عێراق دەفرۆشێت. تاران هەروەها چاوی لەسەر ئەوەشە نەوتی کەرکووک بە بۆڕییەکی نەوتی بۆ ئێران بگوازێتەوە، ئێستا حکومەتی عێراق هەوڵدەدات بە تانکەر بەشێک لە نەوتی کەرکووک بۆ ئێران بگوازێتەوە، بەڵام سەرهەڵدانەوەی پاشماوەکانی داعش کێشەی بۆ ئەم هەوڵە دروستکردووە.

پەیمانگای واشنتن جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕیاری حکومەتی عێراق لەبارەی نەوتی کەرکووک بایەخێکی جیۆستراتیژی زۆریشی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراق بڕیار بدات نەوتی کەرکووک رەوانەی ئێران بکات، بەو هەنگاوە لەلایەکەوە خۆی لە ململانێ ناوچەییەکانی نێوان بەرەی شیعە و سوننە تێوەگلاندووە و لەلایەکی دیکەشەوە گورزێکی گەورەی لە تورکیا و هیوای ئەو وڵاتە بە عێراقی داهاتوو داوە.

### ئەمریکا چی پێدەکرێت؟

ئامادەکارانی راپۆرتەکە پێیانوایە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمریکا دەبێت ڕێگری بکەن لەوەی ئێران سەرکەوتنێکی دیکە تۆمار بکات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێت لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایار وردەکاریی ڕێککەوتنێکی هەناردەکردن و دابەشکردنی داهاتی نەوت لەنێوان هەولێر و بەغدا ئامادە بکەن.

بەپێی راپۆرتەکە ئێران هەوڵدەدات لە ڕێگەی عێراقەوە غازی سروشتیی خۆی بۆ سووریا بگوازێتەوە، پەیوەندیی دوولایەنەی وزە لە نێوان ئێران و عێراقیش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی بەغدا بە بازاڕە ئازادەکان و سەرمایەی نێودەوڵەتی کەم ببێتەوە.

جێفری و نایتس جەخت لەوە دەکەنەوە کە واشنتن دەبێ نفوزی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی "کۆریدەری باکوور- باشوور" بکرێتەوە، بەهۆی ئەو ڕێڕەوەش عێراق دەبێت بە گوێزەرەوەی نەوت لە نێوان وڵاتانی کەنداو و تورکیا و دواجاریش ئەورووپا. ئەم پرۆژەیە دەتوانێت جۆرێک لە سەربەخۆییش بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە، تاوەکو بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە هێندە پشت بە ئێران و گەرووی هورمز نەبەستێت. جیا لەمە ئەمریکا دەتوانێت پشتگیری لە پرۆژەی گواستنەوەی نەوت و غازی عێراق بۆ ئوردن بکات کە بە پرۆژەی "بەسرە - حەدیسە- عەقەبە" ناسراوە.



ڕووسیا و تورکیا و ئێران بەرژەوەندیی گەورەیان بەستراوەتەوە بە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەبارەت بە نەوتی کەرکووک

# گرێبەستێکی 10 ساڵی بۆ دابینکردنی کارەبا



پێرڵ پترۆلیۆم ئاستی بەرهەمی کێڵگەی گازی کۆرمۆر بۆ 385 ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا بەرز دەکاتەوە

> ئەم گرێبەستە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە وەبەرهێنانی بەردەواممان بە درێژایی 10 ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان

سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی هیلال و ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی دانەگاز



**کاردۆ کەمال**

کۆنسۆرتیۆمی (پێرڵ پترۆلیۆم) کە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای ئیماراتی: نەوتی هیلال و دانەغازـەوە سەرپەرشتی دەکرێت، گرێبەستێکی (10) ساڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد بۆ دابینکردن و فرۆشتنی بڕی ئەو گازە زیادەیەی کە بڕیارە ئەمساڵ هەردوو کۆمپانیا لە کێڵگەی کۆرمۆر بەرهەمی بهێنن بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

گرێبەستەکەی هەردوو کۆمپانیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 30ی کانونی دووەمی 2018 لەنێوان ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان و مەجید جەعفەر، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی هیلال و د.پاتریک ئەڵمان وارد، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای دانەگاز واژۆ کرا.

ئامانج لەم گرێبەستە زیادکردنی بەرهەمهێنانی گازە لە کێڵگەی کۆرمۆر بە بڕی 80 ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا تا پێش کۆتایی 2018، ئەمە لەکاتێکدایە ئاستی ئێستای بەرهەمی گازی کێڵگەی کۆرمۆر 305 ملیۆن پێ سێجایە، بەم شێوەیەش تا کۆتایی 2018 ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە بۆ 385 ملیۆن پێ سێجا بەرز دەبێتەوە.

لە ئابی ساڵی ڕابردوودا، پێرڵ پترۆلیۆم کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر کرد و بڕی یەک ملیار دۆلاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت، لە بەرامبەریشدا کۆمپانیاکە پابەند دەبێت بە فراوانکردنی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی لە هەرێمی کوردستان، وەک لێدانی چەند بیرێک لە هەردوو کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵ و دروستکردنی پاڵاوگەی بەرهەمهێنانی گاز و بەرهەمەکانی دیکە.

بڕیارە ئەمساڵ (پێرڵ پترۆلیۆم) ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و کۆندێنسەیت بەڕێژەی 25% زیاد بکات، ئەمەش پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبایەکی زیاتر بە تێچوویەکی کەمتر. هەروەها بەپێی پلانەکە، دەبێت لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا کۆمپانیاکە ئاستی بەرهەمهێنانی گاز بەڕێژەی 120% بەرز بکاتەوە و بگاتە بەرهەمهێنانی (900) ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا.

جگە لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی، کۆمپانیای پێرڵ پترۆلیۆم کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ کردووە، وەک کۆمەککردنی خەڵکی هەژارانی ناوچەکە، دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانە، چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوە، دابینکردنی موەلیدە و سووتەمەنی کە بووە هۆکاری دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ گوندنشینانی ناوچەکە. دابینکردنی تیمی پزیشکیی گەڕۆک و سەنتەری چالاکیی وەرزشی و کۆمەکی دارایی بۆ (1000) منداڵی بێ دایک و باوک لە ناوچەی چەمچەماڵ.

ئەم دەسپێشخەریانە یارمەتی خەڵکی ناوچەکە دەدات لە باشترکردنی رەوشی ژیان و گوزەران و تەندروستیان. هەروەها دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی، ئەمە جگە لەوەی کۆمپانیاکە بەشدار بووە لە باشترکردنی گوزەرانی ئاوارەکان لەڕێگەی دابینکردنی کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و تەندروستی و کۆمەککردنیان.

ژمارەی کارمەندە هەمیشەییەکانی کۆمپانیاکە دەگاتە (500) کەس کە 80%یان هێزی کاری ناوخۆیین. قەبارەی وەبەرهێنان لەم پرۆژەیە تا ئێستا گەیشتووەتە ملیارێک و 300 ملیۆن دۆلار، لەگەڵ بەرهەمهێنانی زیاتر لە 228 ملیۆن بەرمیل هاوتای نەوت، ئەمەش بووە هۆکاری پاشەکەوتکردنی چەندین ملیار دۆلار کە لە کڕینی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان بەفیڕۆ دەچوو.

دانەگاز پێشتر رایگەیاندبوو کە پرۆگرامی خەملاندن تا ئەمڕۆ توانیویەتی بڕی 15 تریلیۆن پێ سێجا گاز و 310 ملیۆن بەرمیل (کۆندێنسەیت) یەدەگی سەلمێنراو بچەسپێنێت، بەڵام ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان رایگەیاندبوو کە پێشبینی دەکەن لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 200 تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی گازی سروشتی هەبێت.

مەجید جەعفەر، سەرۆکی جێبەجێکاری نەوتی هیلال و ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی کۆمپانیای دانەگاز رایگەیاند، ئەم گرێبەستەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆمان کردووە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە وەبەرهێنانی بەردەوامماندا بەدرێژایی 10 ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان و چوونە نێو قۆناغێکی نوێی فراوانبوونی پرۆژەکانە، ئەمەش پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاتر لە 600 ملیۆن دۆلاری دیکە دەبێت لە ساڵانی داهاتوودا کە ئاستی بەرهەمهێنان بۆ دوو هێندەی ئێستا بەرز دەکاتەوە.

تا ئێستا ئەو گازەی کە دابینکراوە بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی خەرجیی سووتەمەنی و گۆڕانکاری لە سێکتەری وزەی هەرێمی کوردستاندا. لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، گۆڕانکاری گەورە لە ئابووریی هەرێمی کوردستاندا ڕوودەدات.

بەپێی هاوکێشەی کۆمپانیاکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، هەردوو کۆمپانیای دانەگاز و گەنەڵ ئینێرجی تەواوکەری یەکترن لەسێکتەری گازدا، کۆمپانیای دانەگاز کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی کێڵگەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ دەکات، بەمەبەستی ئاراستەکردنی ئەو گازە زیادەیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بەتایبەتیش کە هێشتا وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای دهۆک بە گازوایل کاردەکات، ئەگەر ئەو گازەی کە بەرهەمدێت ئاراستەی سێکتەری کارەبا بکرێت، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت کارەبایەکی زیاتر بە تێچوویەکی کەمتر بەرهەم بهێنێ، ئەمەش خەرجییەکانی حکومەت بۆ کڕینی وزە کەم دەکاتەوە و بڕی کارەبای دابینکراویش زیاد دەکات.

د.پاتریک ئەڵمان وارد، سەرۆکی جێبەجێکاری دانەگاز رایگەیاند: "مایەی شانازیە بۆ ئێمە و هاوبەشەکانمان لە پێرڵ پترۆلیۆم کە توانیومانە ببین بە گەورەترین وەبەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە سێکتەری گاز لە هەرێمی کوردستان. سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕوومان بوونەوە، بەڵام نەمانهێشت ئاستی بەرهەمهێنان دابەزێت و ئێستا لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکانمان و وەرگرتنی شایستە داراییەکانمان، بەردەوام دەبین لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە گازی سروشتی.

بەشی دووەمی هاوکێشەکە بریتییە لە کارکردنی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی لە کێڵگەکانی میران و بنەباوێ و کوردەمیر، ئەگەرچی هێشتا ئەم کێڵگانە لە قۆناغی پەرەپێداندان و نەگەیشتوونەتە بەرهەمهێنان، بەڵام ئامانج لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لەم کێڵگانە هەناردەکردنی گازە بۆ تورکیا، لە ماوەکانی رابردوودا کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی چەندینجار دانوستاندنی لەگەڵ کۆمپانیای وزەی نیشتیمانیی تورکیا کردووە، بەمەبەستی پارەدارکردنی پرۆژەکانی گەنەڵ ئینێرجی، بەڵام تا ئێستا دانوستاندنەکان بەردەوامن.

بەم شێوەیەش هەردوو کۆمپانیای دانەگاز و گەنەڵ ئینێرجی دەتوانن پەرە بە گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بدەن بەمەبەستی بەکارهێنانی ناوخۆ و هەروەها هەناردەکردنی.

## عەزیز وەیسی و دلبەر جەزیری دوێت دەکەن



**ڕووداو- هەولێر**

هەردوو هونەرمەندی نێوداری کورد، عەزیز وەیسی و دلبەر جەزیری گۆرانییەکی هاوبەش تۆمار دەکەن و بەمزووانەش ڤیدیۆکلیپێکی بۆ دەکەن. دلبەر جەزیری لەبارەی کارە هاوبەشەکەی لەگەڵ عەزیز وەیسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ یەکەمجارە دوێتێک لەگەڵ هونەرمەند عەزیز وەیسی دەکەم، هیوادارم بە دڵی هەموو هەوادارانم بێت". دلبەر گوتیشی "وێنەگرتنی کلیپی گۆرانییەکە لە ئەڵمانیا تەواو بووە و ئێستا لە قۆناخی مۆنتاژکردندایە، بڕیاریشە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەم ڤیدیۆکلیپە بڵاوبکرێتەوە". ئەم دوو هونەرمەندە جگە لەو ڤیدیۆکلیپە چەند کۆنسێرتێکی گۆرانیان لە ئەڵمانیا بەیەکەوە بۆ جەژنی نەورۆز سازکرد

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# چیدی گۆرانی ناڵێم

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.
گوڵستان پەروەر لەدوایین بەشی ئەم هەڤپەیڤینەدا دەڵێت بەیەکجاری وازی لە گۆرانیگوتن هێناوە و ئێستا پڕۆژەیەکی بەدەستەوەیە گۆرانییە کۆنەکانی نوێ بکاتەوە.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی پازدەهەم و کۆتایی**

**ڕووداو: بەرنامەکەت بەمۆی سیزنی نوێی ڕووداو کۆتایی هات. ئایا بەرنامەکە بە یەکجاری وەستا؟ تۆ بە یەکجاری وازت لە کاری هونەری هێناوە؟**

**گوڵستان:** چیدی نامەوێ گۆرانی بڵێم. بەڵام پڕۆژەیەکم هەیە هەموو گۆرانییە کۆنەکانم تۆمار بکەمەوە. زۆر هونەرمەندی دیکە ئەو کارەیان کردووە، چونکە تەکنیکی تۆمارکردنی گۆرانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. دەمەوێ هەڵبژاردەیەک لە گۆرانییەکانم نوێ بکەمەوە، بە تایبەتی ئەو گۆرانیانەی لە نێو خەڵک دەنگدانەوەیان هەبووە.

**ڕووداو: پڕۆژەکە ئەوەیە کە بە تەنیا خۆت تۆماریان بکەی، یان هەر گۆرانییەک هونەرمەندێک بیڵێتەوە؟**

**گوڵستان:** ئەوەم پێخۆشە. پێشتر کارێکی لەو شێوەیەمان بۆ ئارام تیگران کرد، منیش گۆرانییەکی ئەوم گوتەوە. بەڵام ئەوە دەبێ کۆمپانیایەک بیکات و هونەرمەندەکان هەڵبژێرێ. لە ئەلبوومەکەی ئارام زۆر هونەرمەند بەشدارییان کرد.

**ڕووداو: بەڵام زۆر گۆرانیی تۆش لەلایەن هونەرمەندانەوە گوتراونەتەوە..**

**گوڵستان:** بەڵێ بێگومان، هەتا ئێستاش. زۆر تەلەفزیۆنی لۆکاڵ لە باکووری کوردستان هەن بەرنامە بۆ گۆرانیبێژان دەکەن، من وای دەبینم ئەوانەی ئێستا دەبنە گۆرانیبێژ بە ڕێگەی ئێمە دەستپێدەکەن و گۆرانییەکانی ئێمە دەڵێنەوە. گۆرانییەکانی ئێمە ئێستاش بازاڕیان هەیە. گۆرانیی نوێشم هەن، ویستم بیانکەم بە ئەلبوومێک، بەڵام تاوەکو ئێستا کەسێکم بەدڵ نەبووە کاری لەگەڵ بکەم، لە باکوور کارەکە زۆر بازرگانی و تورکییە، لە باشووریش زیاتر ئەرەبێسکە. کەسێکی وا نادۆزمەوە بۆنی کوردایەتی لێبێ بۆ ئەوەی گۆرانییەکانی خۆمی پێ نۆژەن بکەمەوە.

> کوردستان و دەلال دوو لە خۆشەوستترین گۆرانییەکانمن

**ڕووداو: لەو ماوەیەدا تۆ بووی بە خەسوو، تۆ حەزت دەکرد بووکەکەت کوردبێ، بووکەکەت خەڵکی کوێیە، چۆنە؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، سەرخۆبوون و بووکەکەم 10 ساڵ لەمەوبەر یەکدییان ناسیوە. بووکەکەم باوکی ئەڵمانی و دایکیشی هەنگارییە. هەنگاری کەمێک لەئێمەوە نزیکن. بووکەکەم هاتە ئێرە، ماوەی سێ ساڵ لە قوتابخانەی ئەڵمانی لە هەولێر مامۆستایەتی کرد. زۆر حەزی لە کوردستان بوو، عادەت و کولتوور و زمان و وڵاتی ئێمەی بە هەموو جۆرێک قبوڵ کرد. پاشان بڕیاریان دا هاوسەرگیری بکەن، ساڵی ڕابردوو لە فرانکفۆرت ئاهەنگمان بۆ کردن.

**ڕووداو: بۆچی ئاهەنگەکەتان لە کوردستان نەکرد؟**

**گوڵستان:** لەبەر ئەوەی ئەوکات شەڕی داعش هەبوو، پێشمەرگە شەهیدی دەدا، خەڵک خەمبار بوو. دڵمان نەهات لەو کاتەدا ئاهەنگ بکەین. ئەوان بڕیاریان دا کە ئاهەنگێکی بچووک بکەن. هەردوولا بانگی کەسوکاری خۆمان و دۆستەکانمان کرد.

**ڕووداو: هیچ نەوەیەک لە ڕێگایە؟**

> گۆرانییە کۆنەکانم نوێ دەکەمەوە
> •
> کۆتاییم بە ژیانی ئەورووپا هێناوە

**گوڵستان:** نەخێر چاوەڕێی هەواڵێکی وایان لێدەکەم. هیوادارم خەبەری خێرم بدەنێ.

> حەزم دەکرد بووکەکەم کوردبێ

**ڕووداو: چ پڕۆژەیەکی نوێت هەیە؟**

**گوڵستان:** مرۆڤ بێ هیوا نابێ. لە ئەورووپا زۆر چالاک بووین و بەردەوام خەریکی کار بووین، بەڵام لێرە بە ئاسوودەیی دەژین. مرۆڤی وەکوو ئێمە بە خزمەت گەنج دەبێتەوە، شتێک لە دڵی مندایە کە خزمەت بکەم، جا بە چ شێوەیەک بێ نازانم ئایا بە میوزیک دەبێ یان بە پێشکەشکردنی بەرنامە.



**ڕووداو: ئێستا لە کوردستان دەژی، بڕیارت نەداوە بچی لە شوێنێکی دیکە بژی؟**

**گوڵستان:** نەخێر، من کۆتاییم بە ژیانی ئەورووپا هێناوە. ئەگەر ئێستاش بچمە ئەوێ بێ ماڵ و حاڵم. هاتووم لە کوردستان نیشتەجێ ببم. ئەگەر برسی بم لەگەڵ ئەوان برسی بم، ئەگەر مردن بوو لەناو ئەوان بمرم. ئەگەر ئەوان تازیەبار بوون، منیش تازیەبار بم. من هەتا مردن لەگەڵیانم.

**ڕووداو: هونەرمەندان دەڵێن هەموو گۆرانییەکانمان لەلا شیرینن، بێگومان لەلای تۆش وایە، بەڵام کام لە گۆرانییەکانت بەلاوە زۆر شیرینە؟**

**گوڵستان:** چەند گۆرانییەکن زۆر حەزم لێکردوون و لە دڵەوە چڕیومن، لە کاسێتی یەکەمم، گۆرانیی کوردستانێ کوردستان، چونکە ناوی کوردستان قەدەغە بوو. هەروەها گۆرانیی دەلال.

## هەژان هێرش، خانمە ئەکتەری کورد بۆ (ڕووداو):

# پڕۆژەیەکی زۆر گەورەی پێشکەشکاریم هەیە



هەژان هێرش ناوێکی دیاری نێو هونەری دراما و فیلمی کوردییە. لەنێو خەڵکیدا خۆشەویستە و بۆ هەر شوێنێک بڕوات هەوادارانی لێی کۆدەبنەوە و وێنەی لەگەڵ دەگرن. هەژان ماوەیەکە سەرقاڵی پڕۆژەیەکی گرنگ و نوێی سینەماییە. بۆ یەکەمجار کار لە دروستکردنی فیلمێکی ئەنیمەیشنی کوردی بەشێوازی سێ ڕەهەندی دەکات. ئەو لەبارەی ئەم فیلمە و چەند پرسێکی دیکە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**

فۆتۆ: زیرەک ئەبو سەباح

**ڕووداو: ئێستا بەچییەوە سەرقاڵی؟**

**هەژان:** ئێستا لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی دروستکردنی فیلمی ئەنیمەیشن، وەک بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پڕۆژەیەک کار دەکەم. خەریکی فیلمێکی ئەنیمەیشنی کوردین بەشێوەی سێ ڕەهەندی، فیلمەکە بە زمانی کوردی و عەرەبییە و بۆ یەکەمجار بۆ منداڵان ئەم کارە لە کوردستان دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە زانکۆ سەرقاڵی خوێندنم.

**ڕووداو: پێشتر دەنگۆیەک بڵاوکرایەوە کە هەژان بەیەکجاری کوردستانی جێهێشتووە و چووەتە ئەورووپا، ڕاستیی بابەتەکە چۆن بوو؟**

**هەژان:** ڕاستە چوومە ئەورووپا، بەڵام بۆ مانەوە نەبوو، بەڵکو ئێمە لە زانکۆی سلێمانی وەک خوێندکاری ماستەر بانگهێشتکراین، چووین بۆ زانکۆی برێمەنی ئەڵمانی و لەوێ چەند وێنەیەکم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە. وەکو پیشەی هەمیشەییان چەند پەیج و ماڵپەڕێک بۆ زیادکردنی لایک و سەردانیکەریان، ئەم وێنانەی منیان بڵاوکردەوە. دەنگۆی ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە من بەیەکجاری لە ئەورووپا نیشتەجێ بووم، بەڵام ئەوە دوور بوو لە ڕاستی.

**ڕووداو: ماستەرەکەت لەسەر چییە؟**

**هەژان:** هێشتا دەستم بەنووسینی نامەی ماستەرەکەم نەکردووە، بەڵام من خوێندنکاری ماستەرم لە بواری ڕاگەیاندن، دوای ئەوەی لە یەکەمەکانی بەشەکەم بووم، لە ماستەر وەرگیرام و ئێستا کاری لەسەر دەکەم.

**ڕووداو: دوای تەواوکردنی ماستەرەکەت پلانی کاری پێشکەشکاری و بێژەریت هەیە؟**

**هەژان:** من پێشتر جگە لەکاری نواندن، پێشکەشکاریش بووم. ئێستاش پڕۆژەی ئەوەم هەیە وەکو پێشکەشکار کار بکەم، بەڵام دەمەوێت لەکەناڵێک کار بکەم کە لە ئاستی ئەو پڕۆژەیەی من بێت. چونکە پڕۆژەکەم زۆر گەورەیە و یەکەمجارە لە کوردستان دەکرێت، هەڵبەتە تاوەکو ئێستا چەند کەناڵێک داوایان لێکردووم، بەڵام من هێشتا ڕەزامەندیم لەسەر نەداوە لەگەڵ کامە کەناڵ کار بکەم، دەمەوێت بەشێوەیەکی تازە دەربکەوم.

**ڕووداو: زیاتر خۆت لە کاری هونەری و نواندن دەبینیتەوە، یان ڕاگەیاندن؟**

**هەژان:** زیاتر خۆم لە کاری نواندن دەبینمەوە، چونکە هۆکاری ئەوەی کە چوومە بەشی ڕاگەیاندن، ئەوە بوو کە سوودی لێ وەربگرم بۆ کاری نواندن، هەڵبەتە من لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی نمرەیەکی زۆر باشم هێنا و لە بەشی فیزیا وەرگیرام، بەڵام بە حەزی خۆم تەنازولم کرد بۆ بەشی ڕاگەیاندن.

> دراما بیانییەکان کاریگەریی خراپیان لەسەر گەنجانی کوردستان هەیە

**ڕووداو: ماوەیەکە هەڵمەتێک لەلایەن هونەرمەندانەوە ڕاگەیێنراوە کە داوا دەکەن بایکۆتی درامای تورکی و بیانی لە کوردستان بکرێت، ئێوە لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

**هەژان:** من دەمەوێت پرسیاری ئەوە بکەم ئایا کورد بۆچی درامای نییە. کەناڵەکانی ئێمە ئامادەنین پارە بە درامایەکی 10 ئەڵقەیی کوردی بدەن، بەڵام دەچن درامایەکی تورکی بەهەمان پارە بۆ ساڵێ دەکڕن و کەناڵەکەی پێ پڕدەکەنەوە، بەداخەوە هیچ کەناڵێکی کوردی نابینم دەستپێشخەرییەک بکات، بەرهەمێکی نوێ نمایش بکات، با لە ساڵێکدا یەک درامای کوردی نمایش بکات، بەڵام بەرهەمی خۆی بێت، نەک درامایەکی تورکی یان بیانی کە کولتوور و هەڵسوکەوت و چیرۆکی دراماکە لەگەڵ کولتووری ئێمە ناگونجێ و کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر منداڵان و گەنجانی کوردستان هەیە.

**ڕووداو: ئەوان دەڵێن درامای کوردی بینەری نییە..**

**هەژان:** کێشەی هەرە گەورەی ئێمە نەبوونی سیناریستە، ئێمە تاوەکو ئێستا سیناریستمان نییە. هەڵبەتە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی باشمان هەیە، دەکرێت لە خولێکدا ڕاهێنان و کۆرسی تایبەت لەسەر سیناریۆ بکرێتەوە، ئەگەر خولیش ناکەیتەوە سیناریۆ بکڕە پێموایە باشترە. دواتر ئێمە ئێستا کۆمپانیای ڕیکلامکردنی زۆر باشمان لە کوردستان هەیە. دەکرێت لەگەڵ ئەوان درامایەکی پرۆفیشناڵ بەرهەم بهێنی. منیش وەکو ئەکتەر هەمیشە گوتوومە ئەگەر کارێکی مەزن بکرێت ئامادەم بەبێ بەرامبەر ڕۆڵی تێیدا ببینم.

**ڕووداو: ئەگەر ببیتە وەزیری ڕۆشنبیری چی لەو وەزارەتە دەگۆڕیت؟**

**هەژان:** هەرچەندە من زۆر ڕقم لە پۆستە، یەکەم هەنگاوی من هەموو ئەکتەرەکان کۆدەکەمەوە، بۆ کامێرامان و سیناریۆنووس و ستافی تەکنیکی خولێکی ڕاهێنان بە شارەزایانی بیانی دەکەمەوە، لەگەڵ کۆمپانیاکان بەهاوبەشی فیلم بەرهەمدەهێنین، باوەڕ بکە تەنیا یەکەم فیلم کەمێک سەختە، دواتر فیلمی دووەم و سێیەم دەکەوێتە سەر ڕێڕەوی خۆی، زۆر شتی دیکەش هەیە کە دەبێت هەنگاو بەهەنگاو بیگۆڕی.

> لە کوردستان سیناریست نییە

**ڕووداو: بەڵام کێشەی نەبوونی کولتووری سەیرکردنی فیلم لە نێو کۆمەڵگای کوردی چۆن چارە دەکەی؟**

**هەژان:** ئەگەر فیلمێکی باشی کوردی هەبێت خەڵک دەچێتە سینەما، بەڵام ئێمە دوو کێشەمان هەیە، یەکەم لەڕووی ماددییەوە خەڵک زۆر کێشەی هەیە. دووەم لەڕووی پەروەردەوە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ سینەماکانی کوردستان هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی قوتابی پەیوەست بکەن بە سینەما، بەلایەنی کەم دەبێت هەفتەی جارێک بچنە سینەما، بەم هۆیەشەوە کولتووری سینەما بڵاودەبێتەوە.

> کوڕەکەم هەموو دونیامە، شووکردنم بۆچییە
> •
> ئەگەر کارێکی گەورە هەبێ، بەبێ بەرامبەر ڕۆڵی تێدا دەبینم

**ڕووداو: لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەردەکەوی، بۆچی؟**

**هەژان:** لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئەکتیڤ نیم، بەڵام خراپیش نیم، چالاکییەکانم بەپێی توانا بڵاودەکەمەوە، بەڵام لە ئینستاگرام زیاتر دەردەکەوم، چونکە ئینستاگرامەکەم بۆ گشتییە کە بەناوی هەژان بارانەوەیە، بەناوی کوڕەکەمەوەیە، لەبەر ئەوەی بەداخەوە پەیج و ئەکاونت بەناوی هەژان هێرشەوە زۆر دانراوە، بۆیە من ئەو ناوەم بۆ هەڵبژاردووە.

**ڕووداو: بۆچوونت لەسەر نەشتەرگەریی جوانکاری چییە کە ئێستا لە نێو خانمان زۆر بڵاوە؟**

**هەژان:** لەگەڵ هەر شتێکم دڵی مرۆڤ خۆش بکات. کەسێک دەچێتە بەر ئاوێنە شوێنێکی خۆی بەدڵ نییە بۆ نەیگۆڕێت؟ من هەرگیز دژی نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم ڕوخساری خۆت بگۆڕی، یان بە تەواوەتی شێوەی خۆت بگۆڕیت، ئێستا بەهۆی نەشتەرگەریی جوانکاری وای لێهاتووە خەڵک زۆر لەیەک دەچن.

**ڕووداو: دوای جیابوونەوەت، بەنیاز نیت شوو بکەیتەوە؟**

**هەژان:** ئێستا نەخێر. کوڕەکەم هەموو دونیامە، شووکردنم بۆچییە، هەر بیریشی لێناکەمەوە، ئەوەندە سەرقاڵم تەنیا ڕۆژانی هەینی لە ماڵەوەم، ئەویشم بۆ کوڕەکەم تەرخان کردووە.

تاراوگە
رووداو
ژمارە (498) - دووشەممە 2018/3/26



## تیپێکی تۆپی پێی کوردی لە سوێد دامەزرێ

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

یەکەم تیپی تۆپی پێی کچانی کورد لە سوید دامەزرا. ئەویش نەورۆز ئێفسێیە کە بڕیارە ئەمساڵ لە خولی پێنجەکاندا یاری بکات. پەرەنگ مەحموود، ئەندامی تیپی (نەورۆز ئێف سی) بە (رادیۆی سوێد)ی راگەیاند "یەکەمین تیپی کچانی کوردانە لە سوێد دامەزراوین، ئێستا لە پلە پێنج یاری دەکەین و ئامانجمانە بۆ پلەکانی سەرەوە سەربکەوین". پەرەنگ کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا کۆچبەرە لە سوێد هەروەها گوتی "بۆ ئێمە ئەو تیپە زۆر گرنگە بە تایبەتی بۆ من وەکو کوردێک یاری بۆ تیپێکی کوردی بکەم".

## دالکورد..

# یانەیەک لە خزمەتی دۆزێکی نەتەوەییدا

**زنار شینۆ**
**رووداو – ئۆپسالا**

ئەو رۆژەی دالکورد پلیتی یارییەکانی خولی نایابی سوێد ناسراو بە (ئالسڤێنسکا)ی بەدەستهێنا، بۆ ئەو یانەیە رۆژێکی مێژوویی بوو، خەونێک بوو، بوو بە راستی. ئەو یانەیە دەیەوێ تۆپی پێ بخاتە خزمەت پرسی کوردەوە.

یانەی دالکورد لە ئەیلولی 2004 دامەزرا و ساڵی 2005 یەکەم یاری خۆی لە خولی پلە حەوتی یانەکانی تۆپی پێی سوێد کرد. یانەکە لەلایەن کۆمەڵێک کۆچبەری کوردی نیشتەجێی سوێدەوە دامەزرا، ئێستا بووەتە یانەیەکی ناسراوی سوێدی، بە تایبەتی دوای ئەوەی بۆ خولی نایابی سوێد سەرکەوت، هاوشانی یانەیەکی بەناوبانگی وەکو مالمۆ یاری دەکات.

ناوی یانەکە تێکەڵەیەکە لە کوردی و سوێدی، پێشگرەکەی (دال) کورتکراوەی ناوی ئەو هەرێمەیە کە یانەکەی لێ دامەزراوە (دالانا). ئالای کوردستان لەسەر دریسی سەرجەم یاریزانانە.

یانەکە لەبارەی هۆکاری دامەزراندنەکەیان لە ماڵپەڕەکەیدا نووسیویەتی "یانەکە بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەزرەکارانە دامەزرا کە ژیانێکی ناڕێکیان هەیە". بەڵام ئێستا یانەکە زۆر زیاتر لەو ئامانجەی تێپەڕاندووە.

دامەزرێنەری یانەکە وەرزشوان نەبووە، بەڵکو سیاسەتڤانێکی ناسراوی باکووری کوردستان بوو لە سوێد. رەمەزان کزڵ، تەمەنی 25 ساڵان بوو کە بە موختاری گوندی گرێ میرا لە نسێبینی باکووری کوردستان هەڵبژێردرا. ئێستاش ئەندامانی یانەی دالکورد هەر بە موختار بانگی دەکەن. ئەو سەرۆکی یانەیە، بەڵام دڵ و هزری هەر لەلای سیاسەتە، ئەو دەیەوێ وەرزش بخاتە خزمەتی دۆزی گەلە بێ دەوڵەتەکەی.



یانەی دالکورد ئەمساڵ لە خولی نایابی تۆپی پێی سوید یاری دەکات

رەمەزان کزڵ، سەرۆکی یانەی دالکورد لە ئۆفیسەکەی خۆی قسە بۆ (رووداو) دەکات و مەسجی سیاسی دەنێرێ و دەڵێت: "بیرۆکەی سەرەکی دروستبوونی دالکورد، تۆڵەکردنەوەی کۆچبەرییە. تۆڵەکردنەوەیە لە دوژمن، کاتێک پێت دەڵێت بڕۆ لەبەر چاوان ون بە، تۆش پێیدەڵێی نەخێر من کە لە وڵاتی خۆم نەمتوانیوە بە ناوی خۆم کار بکەم، لەو شوێنەی کە تۆ خۆزگەت دەخواست تێیدا ون بم، دیسان خۆم دەسەلمێنم".

بۆ زۆر لەو گەنجە کورد و بیانیانەی لە سوێدن، دالکورد بووەتە شوێنی بەدیهێنانی خەونەکانیان، بەڵام کوردی ئەورووپی بە گشتی، دالکورد وەکو هیوایەک دەبینن کە شوێنی خۆی لە وەرزشی ئەورووپادا بکاتەوە.

ئازرودین ڤالەنتیچ، راهێنەری نوێی دالکوردە، ئەو دەخوازێت کاروانی راهێنەرایەتیی خۆی لەو یانەیە بە سەرکەوتن دەستپێبکات، بە تایبەتی کە یانەکە بۆ خولی نایابی سوێد سەرکەوتووە.

ڤالەنتیچ، دەڵێت " دالکورد وەکوو یانە و تیم پێویستی بە رێکخستنێکی باشترە، ئەمەش هەم لە کاتی راهێنان و هەمیش لە کاتی یارییەکان، بەڕای من ئەمە گەورەترین تەحەدایە، دالکورد دەبێ لەوەی ئێستای پرۆفیشناڵتر بێت".

یاریدەدەری راهێنەری تیپەکە یەکێکە لە یاریزانە دێرینەکانی یانەکە، ئەو کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و دڵی پڕە لە خۆشەویستی بۆ تۆپی پێ. خۆشەویستییەک کە سوێد و کوردستانی بۆ کردووەتە یەک وڵات.

ئەمیر ئەزرەفشان، یاریدەدەری راهێنەری دالکورد، دەڵێت: "تیپەکەمان سەرکەوتووە بۆ خولی نایابی سوێد، ئەمەش بۆ زۆربەمان شتێکی نوێیە، هەرچەندە هەندێک لە یاریزانانمان پێشتر لە تیپەکانی دیکە لە خولی نایاب یارییان کردووە".

لەنێو دالکورد بە یاریزان و ستافی ئیدارە و راهێنان، 16 ناسنامە و نەتەوەی جیاواز هەن، هەر یەکێکیان چیرۆکی تایبەت بەخۆی لەگەڵ یانەکە هەیە.

یوکیا سوگیتا، یاریزانی دالکورد دەڵێت "پێش ئەوەی بێمە ئێرە لە تایلاند یاریم دەکرد، دەمویست لە ئەورووپا یاری بکەم، بۆیەش بەڕێوەبەری کارەکانم لەگەڵ بەرپرسانی دالکورد قسەی کرد، ئەوانیش رازی بوون من لێرە یاری بکەم".

هەروەها کیبا سێسایی، یاریزانی یانەکە دەڵێت: "لای من مێژووی دالکورد لە 2004ەوە دەستپێدەکات، گەشتێکی خۆش و دانسقەم لەگەڵیدا هەبووە، بەشێوەیەکی ناوازە دەستمان پێکرد و بەرەو پلە یەک سەرکەوتین. من شانازی پێوە دەکەم. ئێمە خەڵکی سەر بە نەتەوەی جیاوازمان تێدایە، بەڵام کاتێک لێرەین هەموومان یەکین و یەکدیمان خۆشدەوێت و چێژ لەوە دەبینین کە لێرە پێکەوە کات بەسەر دەبەین و یاری دەکەین. ئەمەش بەشە جوانەکەی یانەکەیە".

> "ئامانجی ئێمە ئەوەیە لە ساڵانی داهاتوودا لە چامپیۆنز لیگ یاری بکەین"

ئەو کار و چالاکیانەی کورد لە ئەورووپا دەیکەن کەم تا زۆر لە پارتە کوردییەکانەوە نزیکە، گەلۆ دالکورد لە کێ نزیکە، موختار لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەم یانەیە لەلایەن من و هەشت کەسی دیکەوە دامەزرا، یەکەم بڕیاریشمان ئەوە بوو کە وابەستە بە هیچ حیزبێک و لایەنێک نەبێ".

یانەکە تاوەکو دوو ساڵ لەمەوبەر بە سپۆنسەری خاوەنکارانی کورد و کۆمپانیاکانی سوێد بەڕێوەدەچوو، بەڵام ئێستا رێگەی دیکە هەن بۆ بەردەوامبوونی یانەکە.

رەمەزان کزڵ دەڵێت: "ئێستا کۆمپانیایەکمان بەناوی دالکورد لە کوردستان دامەزراندووە کە 51%ی پشکی کۆمپانیاکە هی یانەکەیە، 49%یشی هی سەرمایەدارێکی کوردە بەناوی کاوە عەبدوڵڵا. ئەمەش دەرفەتێکی گەورەی بۆ دالکورد رەخساند بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

رۆژی دووی نیسانی ئەمساڵ، دالکورد یەکەم یاری خۆی لە خولی ئالسڤێنسکای سوێد بەرامبەر یانەی ئایک سۆلنا لە یاریگای روسوندا لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد دەکات. یانەی ئایک سۆلنا تاوەکو ئێستا 11 جار بووەتە پاڵەوانی ئەو خولە.

پێشرەو عەزیز کە کاپتنی دالکوردە، دەڵێت: "وەکو هەموو ساڵانی دیکە، هیوا و ئامانجی ئێمە بردنەوەیە، چونکە لێرە ئەم یانەیە بە بردنەوە دەستی پێکرد و بەناوبانگ بوو، لێرە ترس بەسەر ئێمەدا زاڵ نییە، بۆ ئێمە جیاوازی نییە کە ئێستا هاتووینەتە خولێکی بەهێزتر لەچاو خولەکانی پێشتر".

هەروەها رەوان ئەمین، یاریزانی دالکورد دەڵێت "بۆ ئێمە زۆر خۆشە کە لەبەرزترین پلەی تۆپی پێی سوێد یاری دەکەین، بە تایبەتیش کە راهێنەرێکی نوێمان هەیە و راهێنەرێکی زۆر بەتوانایە".

گەورەترین ئامانجی بەرپرسانی دالکورد ئەوەیە کە تیپەکەیان بە لۆگۆ و ئالای کوردستانەوە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا (چامپیۆنز لیگ) ببینن.

سەرۆکی یانەکە دەڵێت: "دوو ئامانجمان هەبوو، یەکێکیان کورتخایەن بوو، یەکێکیش درێژخایەن. ئامانجە کورتخایەنەکەمان هاتەدی کە گەیشتینە خولی پلە نایابی سوێد، ئامانجە درێژخایەنەکەشمان ئەوەیە لە چامپیۆنز لیگ یاری بکەین و جیهان هەموو ببینن کە کورد هەن. ئەمە ئێستا بەلای ئێمەوە خەیاڵ و هیوا نییە، هەوڵ دەدەین لە دوو سێ ساڵی داهاتوودا بگەین بەو خولە".

# کچێکی کورد لەڕێی کۆچ عاشقی کوڕە ئەفغانێک دەبێت

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- بولگاریا**

سەداقەت، لە نێوان سنووری بولگاریا و سربیا، رێبەری 26 کۆچبەری کوردی ئێزدییە بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە سربیا، لەلایەن پۆلیسی بولگارییەوە دەستگیر دەکرێن و سەرجەمیان دەبرێن بۆ گرتووخانەی بۆسمۆس. سەداقەت لەنێو ئۆتۆمبێلی پۆلیس لەگەڵ کاڵێ کە کچێکی کوردی ئێزدییە، بە فارسی دەکەوێتە قسەکردن، لەسەر ئەوە رێکدەکەون لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، وەک هاوژین خۆیان بناسێنن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و زوو ئازادیان بکەن.

پۆلیس لە دوای لێکۆڵینەوە، سەداقەت و کاڵێ بەیەکەوە دادەنێن و (33) رۆژ لە بەشی خێزان لە گرتووخانەی بۆسمۆس دەیانهێڵنەوە. لەو ماوەیەدا، رۆژانە و شەوانە ئەو کچە کوردە و ئەو کوڕە ئەفغانییە بەیەکەوە دەبن و هەمیشە قسە دەکەن، ورده ورده تێکەڵاوی دروست دەکەن و هەموو راز و نیازێکی یەکدی دەزانن، لەدوای دوو هەفتە لە قسەکردن و لەیەک گەیشتن، هەستی خۆشەویستییان بۆ یەکدی دەجوڵێ و بڕیاری خۆیان دەدەن.

سەداقەت، گەنجێکی تەمەن 28 ساڵە و ماوەی سێ ساڵە لە بولگاریا کاری قاچاخچێتی دەکات، ئەو کۆچبەران لە بولگاریاوە دەگەیەنێتە سربیا، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا فێری زمانی بولگاری بووە، جگە لەوەش زمانی پشتۆ و فارسیش دەزانێ. کاڵێی تەمەن 23 ساڵیش پێشتر دانیشتووی شنگال بووە. ئەو لەگەڵ 25 کۆچبەری ئێزیدی رێگەی ئەورووپایان گرتووەتە بەر. کاڵێ کە ئارەزووی فێربوونی زمانی هەیە، زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی فێر بووە.

سەداقەت و کاڵێ، لە گرتووخانەی بۆسمۆسەوە عاشقی یەکدی دەبن، بە وردی لەبارەی داهاتووی ژیانیانەوە قسە دەکەن و دەگەنە ئەو باوەڕەی دەتوانن خێزان پێکەوەبنێن، لەسەر کۆمەڵێک بنەما رێکدەکەون بەو مەرجەی لەدوای ئازادبوونیان لە زیندان، بەیەکەوە بڕۆنە ئەڵمانیا و لەوێ ژیانێکی ئارام بەسەربەرن.

لەدوای (33) رۆژ لە بۆسمۆس ئازادیان دەکەن و بەرەو کەمپی کراوەی خەرمەلی بەڕێیان دەکەن، سەداقەت و کاڵێ بەیەکەوە دەڕۆنە کەمپ و چەند مانگێک لەوێ دەمێننەوە. سەداقەت دەیەوێ لەو ماوەیەدا چەند وەجبە کۆچبەرێکی دیکە بگەیەنێتە سربیا، تا پارەی دەستبکەوێ و بەو پارەیە دوو بە دوو لەگەڵ کاڵێی خۆشەویستی بگەنە ئەڵمانیا، لەدوای گەیاندنی دوو وەجبە کۆچبەر، سەداقەت لەکاتی هاتنەوەدا لەلایەن پۆلیسی سنووری سربیاوە دەستگیر دەکرێ، لەدوای دوو شەو رادەستی پۆلیسی بولگاری دەکەنەوە و دەهێنرێتە زیندانی لۆبۆمێز.

هەواڵی دەستگیرکردنی سەداقەت، کاڵێی خۆشەویستی دڵتەنگ و نائاسوودە دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەزانێ خۆشەویستەکەی دەبێ شەش مانگ لەو گرتووخانەیە بمێنێتەوە. کاڵێ بەدەم گریانەوە بە سەداقەتی گوتبوو کە لە کەمپی خەرمەلی چاوەڕوانی ئازادکردنی دەکات.

سەداقەت ئەو رۆژانەی کە لەو گرتووخانەیە بوو، چیرۆک و سەرگوزەشتەی نێوان خۆی و کاڵێی بۆ هەفتەنامەی (رووداو) گێڕایەوە.

بە گوێرەی بڕیاری دادگا، سەداقەت شەش مانگ لە گرتووخانەی لۆبۆمێز دەمێنێتەوە و پاشان ئازاد دەکرێ. لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا کاڵێ چەند جارێک سەردانی کرد. ئەو چاوەڕوانی ئازادکردنی سەداقەتە تا پێکەوە بچنە ئەڵمانیا.



کاڵێ چاوەڕوانی ئازادکردنی سەداقەتە تا پێکەوە بچنە ئەڵمانیا

سەداقەت موسڵمانە و کاڵێش ئێزدییە، بەڵام سەداقەت دەڵێت دین رێگری بەردەم عەشقەکەیان نییە و لەسەر دینیش رێککەوتوون "لەسەر جیاوازیی دین رێککەوتووین، من لەسەر دینی خۆم و کاڵێ لەسەر دینی خۆی، لەم رووەوە دین هیچ رێگری و بەربەستێک دروست ناکات. چونکە ئێمە لەسەر بنەمای دین یەکترمان قبوڵ نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی بڕیارمان داوە بەیەکەوە بژین".

سەداقەت گەنجێکی باڵابەرزی رەشتاڵەیە و پرچی تا سەرشانی درێژ کردووە و تەنکە ریشێکی رەشی هێشتووەتەوە، زۆربەی کات بەتەنیا لە سووچێکی گرتووخانەدا دانیشتووە. وەک سەداقەت باسی دەکات، کاڵێ کچێکی جوانی قژ زەردی چاو مەست و چاو گەورەیە، رەنگی سپی و سووربباوە و باڵایەکی رێک و جوانی هەیە.

شەش مانگ بەسەر چاوەڕوانیی هەردووکیاندا تێپەڕی و سەداقەت چاوەڕوان بوو لە زیندان ئازادی بکەن، وەلێ لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوو، دادگا سێ مانگی دیکەی بۆ سەداقەت درێژ کردەوە، دەبێ بەم نزیکانە ئازاد بکرێ، ئەو دەخوازێ بە زوویی ئەو ماوەیە تێپەڕێ و لەگەڵ کاڵێ یەک بگرنەوە و بولگاریا بۆ هەمیشە جێبێڵن.

هەواڵی درێژکردنەوەی ماوەی بەندکردنی سەداقەت بۆ سێ مانگی دیکە کاڵێ بێزار دەکات، ئەگەرچی دووبارە دڵنیایی بە سەداقەت داوە کە چاوەڕوانی دەکات.

سەداقەت لە گرتووخانەی لۆبۆمێزیشەوە خەریکی رێکخستن و ئامادەکردنی کۆچبەران بوو. بە تەلەفۆن کۆچبەرەکانی کۆدەکردەوە و لەڕێی رێبەرێکی هاوڕێیەوە بەرەو سربیا رەوانەی دەکردن.

# کچێکی 17 ساڵان خۆی دەسووتێنێ



گومان دەکرێت فریشتە بەهۆی کێشەکانی نێوان دایکی و باوکی، خۆی سووتاندبێت

**ڕووداو - قەڵادزێ**

کات نیوە شەوە و خێزانەکەی لە شیرینیی خەودان، لە ناکاو لەگەڵ قیژە و هاواری فریشتە بەئاگا دێنەوە، دەبینن ئاگر لە جەستەی فریشتەی بەربووە. ئەوان خێرا ئاگرەکەیان کوژاندەوە و فریشتەیان گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتاوییەکەی لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

هەرچەندە کەسوکارەکەی و پۆلیس وێڵی دەستکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارەن کە بۆچی ئەو کچە خۆی سووتاندووە، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو خێزانە دەڵێت باوک و دایکی فریشتە کێشەیان هەبووە و خەریک بوو لێکجیادەبوونەوە، پێدەچێ فریشتە لەبەر ئەو کێشانە خۆی سووتاندبێ.

(فریشتە م. و) تەمەن 17 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی هەنارۆکی شارۆچکەی قەڵادزێ بوو، شەوی 2018/3/7 لە کاتێکدا سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لە خەودا بوون، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، فریشتە سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریی پزیشکدا مایەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی کە زیاتر لە 90% بوو، ڕۆژی 2018/3/11 گیانی سپارد.

فاخیر کە بە خاڵی فریشتە خۆی بە (ڕووداو) ناساند، لەبارەی هۆکاری خۆسووتاندنی خوشکەزاکەی دەڵێت: "ئێمەش بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین، نازانین بۆچی خۆی سووتاند. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە فریشتە لە نیوەشەودا ئەو بەڵایەی بەسەر خۆیدا هێناوە، لە کاتێکدا سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی نووستبوون، تا ئەوان خەبەریان بووەتەوە، زۆربەی جەستەی سووتاوە".

فاخیر هەروەها دەڵێت: "نەمانزانیوە فریشتە یان ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی هیچ کێشەیەکیان هەبووبێ کە پاڵی بە فریشتەوە نابێ خۆی بسووتێنێ".

فریشتە هەر ئەو شەوە گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ و چارەسەری سەرەتایی بۆ کراوە، پاشان بەڕێکراوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر دووی شەوی 2018/3/7 کچێکی سووتاویان هێنایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، لە کاتی وەرگرتنی چارەسەری سەرەتاییدا دەرکەوت بە نەوت خۆی سووتاندووە و زیاتر لە 90%ی جەستەی سووتابوو، بۆیە دوای وەرگرتنی چارەسەری، ناردمان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، ڕۆژی 11ی ئادار گیانی سپارد".

فریشتە ئەوکاتەی لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکدا بووە، هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بۆ پۆلیس باس کردووە. ملازم ڕێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی کردووەتەوە، هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کردووە، هیچ بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە کە دەریبخات کەسێک دەستی لەو کارەدا هەبووبێ. پاشان لە نەخۆشخانە ئیفادەی کچەکە وەرگیرا، ئەو کەسی تۆمەتبار نەکرد، لەلای پۆلیس گوتبووی لە خۆم بێزار بووم، بۆیە خۆم سووتاند، نامەوێ چیدی بژیم".

بەڵام سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ژیانی ئەو خێزانەیە، هۆکاری خۆسووتاندنی فریشتە بۆ کێشەی خێزانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ دایک و باوکی کێشەیان هەبووە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەیەکی زۆر بوو کێشە کەوتبووە نێو ئەو خێزانە، دایک و باوکی زۆر ناتەبا بوون، ئەگەری ئەوە هەبوو جیاببنەوە، فریشتە بەم کێشانە زۆر کاریگەر بووە، پێدەچێ بەو هۆیەوە ڕەوشی دەروونیی تێکچووبێ و پەنای بۆ خۆسووتاندن بردبێ".

# بە تاپڕەکەی باوکی کوژرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو - دووکان**

باوکی فەخرییە ویستبووی پشوویەک بدات، بۆیە داوای لە کچەکەی کردبوو کە چەکەکەی بۆ هەڵبگرێ، زۆری نەبرد گوللەیەک کچەکەی خەڵتانی خوێن کرد و بەرلەوەی بیگەیەننە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

ڕۆژی 2018/3/12، کچێکی تەمەن 22 ساڵان بەناوی (فەخرییە ن.ع) دانیشتووی گوندی دۆڵەبی لە ناحیەی بنگردی قەزای دووکان، لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا گوللەیەکی تاپڕی بەرکەوت و بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو. کەسوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت بەپێی هێڵکاری و جۆری پێکانەکە، ئەو کچە خۆی کوشتووە، نەخۆشخانەش دەڵێت ڕووداوەکە زۆرتر لە تاوانکاری دەچێ.

وەسمان حەسەن کە ئەنجوومەنی گوندی دۆڵەبییە، باسی ژیانی ئەو خێزانەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو خێزانە هەر خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵن و خێزانێکی زۆر بێ کێشەی گوندەکەمانن، لە نێوخۆشیاندا زۆر تەبان".

سەبارەت بە فەخرییە و ڕووداوەکە، وەسمان دەڵێت: "فەخرییە لە پۆلی 12ی ئامادەیی بوو، ساڵی ڕابردوو لە وانەیەک کەوتبوو، بەهۆی ئەوەی نەخۆشیی گەدەی هەبوو، وانەکەی هەڵگرتبوو بۆ ئەمساڵ. دەڵێن لە کاتی ڕووداوەکەدا باوکی خەریکی نوێژکردن بووە، تازە لە چیا هاتبووەوە هەندێک گژ و گیای بەهارەی هێنابوو، چەکەکەشی کە تاپڕ بووە، دابووە دەستی فەخرییە بۆ ئەوەی هەڵیبگرێ، بەڵام فەخرییە چەکەکەی لە دەست کەوتووەتە خوارەوە و گوللەیەکی لێ دەرچووە".

وەسمان درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت: "باوکی بە پەلە بردبووی بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، لە ڕێگادا نەزری کردبوو کە دوو مانگا بکاتە خێر بەس کچەکەی چاک ببێتەوە، چونکە هیچ تاوانی بوو، بەڵام بەداخەوە بەر لەوەی بگەیەنرێنە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

هەرچەندە ئەنجوومەنی گوندەکە دەڵێت ڕووداوەکە قەزا و قەدەرە و دەستی کەسی تێدا نییە، بەڵام پۆلیس دەڵێت ئەو کچە خۆی کوشتووە.

ڕائید سەردار کوێخا پیرۆت، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی ناحیەی بنگرد بە (ڕووداو)ی گوت: "لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بۆمان دەرکەوت کە هیچ کەس دەستی لە تاوانەکەدا نییە، ڕووداوەکە زیاتر لە خۆکوشتنی بە ئەنقەست دەچێ، بەڵام نازانرێ هۆکاری خۆکوشتنەکە چی بووە".

فەخرییە بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە مرد و پۆلیس فریانەکەوت ئیفادەی وەربگرێ بۆ ئەوەی بزانرێ خۆی کوشتووە یان کوژراوە.

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ تەرمەکە کرا، دەرکەوت فیشەکەکە لە پێشەوە بەر دڵی کەوتبوو، دڵ و جگەری گرتبوو. ڕووداوەکە لە نێوان خۆکوشتن و کوشتندا جێی گومان بوو، بۆیە بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت کە کوشتنە یان خۆکوشتنە تەرمەکەی بۆ پزیشکی دادی ڕانیە گواسترایەوە، بەڵام گومانەکان زیاتر بەلای تاوانی کوشتندا دەچوون، چونکە شوێنی فیشەکەکە و دووریی پێکانەکە و جۆری چەکەکە دەریدەخات کە بەقەزا و قەدەر نەبووە، کەس ناتوانێ تاپڕ لەسەر سنگی خۆی دابنێ و تەقە لە خۆی بکات، چونکە چەکی تاپڕ درێژە".

> کەس ناتوانێ تاپڕ لەسەر سنگی خۆی دابنێ و تەقە لە خۆی بکات
>
> بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە



پۆلیس: ڕووداوەکە زیاتر لە خۆکوشتنی بەئەنقەست دەچێت

# "مێردەکەم پێنج سەعات ئەشکەنجەی دام"

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو - هەولێر**

نەوا پێنج کاژێر لەژێر ئەشکەنجەی مێردەکەیدا ناڵاندوویەتی، تا نەبووراوەتەوە دەستی لێ هەڵنەگرتووە. ئەو ژنە تەمەن 29 ساڵانە، تەمەنی لە ساڵێک کەمتر بووە کە دایکی مردووە، پاشان باوکی ژنی هێناوەتەوە و نەوا کەوتووەتە ژێر دەستی باوەژن.

نەوا گوتی: "تەمەنم حەوت مانگ بوو کە دایکم مرد، دواتر باوکم ژنی هێنایەوە، ژیانێکی سەخت دەژیام، تەمەنم تەنیا 12 ساڵ بوو کە کەوتمە سووڕی مانگانەوە. لەبەرچاوی باوەژنەکەم ببووم بە کچێکی تەواو، هەموو کارێکی پێدەکردم، ژیانم زۆر ناخۆش بوو، ناچاربووم پەنا بۆ کەسێک ببەم دەربازم بکات".

نەوا لە ڕێگەی قوتابخانە کوڕێک دەناسێ. ڕۆژێکیان کوڕەکە نامەیەکی دەداتێ. نەوا نامەکە لە ماڵ هەڵدەگرێ، بەڵام لە بەختی ڕەشی ئەودا، زڕدایکەکەی نامەکە دەدۆزێتەوە "باوەژنەکەم بە باوکمی گوت کچەکەت پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک هەیە، کێ دەڵێ نەکراوە بە ژن. بۆیە منیان برد بۆ لای پزیشکێک و پشکنینیان بۆ کردم. لای پزیشکەکە گوتیان لە سەربان کەوتووەتە خوارەوە، دەمانەوێ پشکنینی بۆ بکەین، دواتر بۆیان دەرکەوت کێشەم نییە".

نەهامەتی و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی لەلایەن باوک و زڕدایکەوە، نەوایان ناچار بە بڕیارێک کرد کە وەک خۆی دەڵێت تەنیا بۆ دەربازبوونی بوو لەو ژیانە "بڕیارم دا هاوسەرگیری لەگەڵ فەرمان بکەم، باوکم ڕازی نەبوو، حاشای لێکردم، بەڵام من گوێم پێنەدا. ئەوکاتە تەمەنم تەنیا 15 ساڵان بوو، قوتابی پۆلی دووی ناوەندی بووم".

تەمەنی فەرمان 39 ساڵانە و 10 ساڵ لە نەوا گەورەترە، نەوا وای دەزانی ئەو ژیانێکی باشتری بۆ دابین دەکات، بەڵام فەرمان ژیانی وێرانتر کرد "دوای ساڵێک لە هاوسەرگیریمان منداڵێکمان بوو، فەرمان بێکار بوو، نان نەبوو بیخۆین، خەڵک خێری پێدەکردین، بەڵام فەرمان دەیدا بە خواردنەوە".

ژیانی مەمرە و مەژیی نەوا هەر بەردەوام بوو، 14 ساڵ بەسەر هاوسەرگیریی نەوا و فەرماندا تێپەڕیوە و خاوەنی سێ منداڵن، بەڵام نەهامەتییەکانی نەوا و منداڵەکانی نەبڕاوەتەوە "لە تاقە ژوورێکی ژێرزەمیندا کرێچیم، لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا ژەمێک نان دەخۆین. فەرمان کرێی خانوو دەدات و مانگانە نزیکەی سەد هەزار دینارمان بۆ خەرجی دەداتێ، ئەگەر خێری خەڵکی نەبێت ناتوانین بژین، ڕۆژێک ڕێکخراوێک بڕێک کەلوپەل و خواردنی بۆ هێناین، لەگەڵ 10 مریشکی بەستوو، هەفتانە یەکێک لەو مریشکانەم دەبردە لای دووکاندارەکەی دراوسێمان و بە شیر و داییبیم دەگۆڕییەوە، ڕۆژێک خاوەن دوکانەکە پێیگوتم تۆ ئێمە هەڵدەخڵەتێنی، ئەو مریشکە هی ئێمە نییە، منیش پێمگوت ئەی چی بکەم، دزی بکەم؟ ئەوە خێری خەڵکە و دەمەوێت منداڵەکەم لەبرسا نەمرێت. دەممان لە مریشکەکان نەدا، هەمووومان بە شیر و دایبی گۆڕی".

نەوا لەبارەی هاوژینەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵی دەڵێت: "فەرمان بەدرێژایی ئەم چواردە ساڵە هیچ کات باش نەبووە لەگەڵم، ئێستا هەرچی دەستدەکەوێت بە خواردنەوەی دەدات. پێمدەڵێت خەڵکی ژنی جوان و پارەی هەیە، منیش تۆیەکی بێکەس و ناشیرین. کە تەواو سەرخۆش دەبێت بە بۆکس و قایش لێمدەدات، تەنانەت لەسەر سەرجێیی چەندین جار لێیداوم، بۆنی مەشروب و چڵکی لێدێ و ناتوانم لەگەڵی بخەوم، چەندین جار بەبەرچاوی منداڵەکانەوە تەماشای فیلمی ڕووتی کردووە و داوای لێکردووم وەکو ئەوان لەگەڵی بخەوم".

نەوا کە بەئاشکرا شوێنی ئەشکەنجەدان بە جەستەیەوە دیارە، دەڵێت "تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵی نەنوستووم پێنج سەعات ئەشکەنجەی داوم".

یەکەمجار نییە نەوا ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان دەبێتەوە لەلایەن هاوژینەکەی، چەند جارێکیش هەڵاتووە. نەوا دەڵێت "چەندین جار بە شەو هەڵاتووم و چوومەتە شەڵتەر، بەڵام بەبێ منداڵەکان ئیدارەم نەکردووە و گەڕاومەتەوە. دەمەوێ کارێک بکەم و بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکانم بژیم، بەڵام ئەو تەڵاقم نادات".

ئەوانەی ئەو خێزانە دەناسن، دەزانن بێ پارەیی و بێکەسی تەنگی بە نەوا و منداڵەکانی هەڵچنیووە، بۆیە وەک خۆی دەڵێت هەندێک کەس دەیانەوێ ئیستیغلالی بکەن. ئێستا نەوا لەنێوان دوو ڕێگادا ماوەتەوە، نازانێت بچێتە دالدەدانی ئافرەتان و لە منداڵەکانی دوور بێت یان ئەشکەنجە و سووکایەتییەکانی مێردەکەی قبوڵ بکات.



نەوا لە تەمەنی 7 مانگییەوە دایکی مرد و کەوتە بن دەستی زڕدایک



## لە دووکان هاووڵاتییەک خۆی دەکوژێ

**ڕووداو- دووکان**

لە قەزای دووکانی سنووری سلێمانی، کەسێک بە سێ گوللەی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دووکان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی یەکشەممە 2018/3/25، کەسێکی تەمەن 43 ساڵی دانیشتووی قەزاکە، بە گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دووکان ئاماژەی بەوە کرد کە هاونیشتمانییەکە بە سێ گوللەی کلاشینکۆف خۆی کوشتووە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە و تەرمەکەیشی ڕەوانەی پزیشکی دادی کراوە، بەڵام هێشتا هۆکاری خۆکوشتنەکەی ڕوون نییە.

### گومان دەکەن خنکێنرابێت

# باندێکی نێربازی دەستگیر دەکرێن و گەنجێکیش لەناو زیندان دەخنکێت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

لە شارۆچکەی چەمچەماڵ باندێک دەستگیر دەکرێن کە کاریان هەڵخەڵەتاندنی دووکاندار و سەرمایەداران بووە. باندەکە گەنجیان ناردووەتە لای ئەوان بۆ ئەوەی نێربازی لەگەڵ بکەن، پاشان وێنەیان گرتوون و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان کردووە ئەگەر پارەیان نەدەنێ، گەنجێکیش کە پێشتر بە تۆمەتی پەیوەندی بەو گرووپەوە دەستگیر کرابوو، لەناو گرتووخانە دەخنکێ. بەرپرسانی ئیداریی شارەکە دەڵێن ئەو گەنجە خۆی خنکاندووە، بەڵام باوکی گومان دەکات خنکێنرابێ.

(محەممەد.ش) تەمەن 17 ساڵان کە خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵ بوو، بە کاری فرۆشتنی لەفەوە خەریک بوو، پاش ئەوەی تۆمەتبار دەکرێت بەوەی گوایە پەیوەندی بە گرووپێکەوە هەبووە کە خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە بە ئامانجی کاری بەدڕەوشتی، ماوەی مانگێک بەند دەکرێت، دواتر ئازاد دەکرێ و پاشان دووبارە دەستگیر دەکرێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە مردوویی لە زیندان دێتە دەرەوە. کەسوکارەکەی گومانیان لە مردنەکەی هەیە.

کاسبکارێکی شارۆچکەکە کە دووکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ئۆتۆمبێلی هەیە و ئەندامێکی ئەو گرووپە سەردانی کردووە، دەڵێت: "چەند مانگێک لەمەوبەر لەکاتی نیوەڕۆ و کاتێک دووکاندارەکان بۆ نانخواردن دەڕۆیشتن، گەنجێک بەبیانووی کڕینی کەلوپەل چەند جارێک هاتە لام، زۆر خۆی لێم دەهێنایە پێشەوە، شێوەی خۆشی گۆڕیبوو، ماسکەرا بە برژانگییەوە بوو، لێوی خۆی ڕەنگ کردبوو، بۆنی کچانەشی لەخۆی دابوو، تێگەیشتم نیازی باش نییە و دەیەوێت هەڵمبخەڵەتێنێ، بۆیە دەرمکرد لە دووکانەکەم".


باندەکەی چەمچەماڵ 100 هەزار دۆلاریان لە کوتاڵفرۆشێک سەندبوو

### 100 هەزار دۆلاری لێدەستێنن

ئەو کاسبکارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەو بەسەرهاتە لەلای کەسە نزیکەکانی دەگێڕێتەوە، ئەوانیش دەستخۆشیی لێدەکەن کە نەکەوتووەتە داوی ئەو کوڕەوە. ئەو کاسبکارە گوتی: "پێیانگوتم ئەمانە باندێکن و چەندین کەسیان فریو داوە، سێکسیان لەگەڵ خەڵک کردووە و بە نهێنی وێنەیان گرتوون، دواتر لە بەرامبەر بڵاونەکردنەوەی ڤیدیۆکانیان، پارەیان لێستاندوون".

گوتیشی: "هەر ئەو گەنجەی هاتبووە دووکانەکەی من و هەوڵی دەدا من فریو بدات، لەگەڵ پیاوێکی کوتاڵفرۆش کاری نێربازی کردبوو، ئینجا لەلایەن باندەکەوە وێنەی گیرابوو، بۆیە هەڕەشەیان لێکردبوو کە بڕی 100 هەزار دۆلاریان بداتێ، لە بەرامبەر ئەوەی گرتە ڤیدیۆیەکەی بڵاونەکەنەوە و ئەویش پارەکەی دابوو".

### باندەکە گیران و محەممەد خنکا

بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە کاری لەفەفرۆشتنی کردووە و ئەم باندەش لەلای ئەو لەفەیان دەخوارد، محەممەد هاوڕێیەتی ئەو باندەی کردبوو، بەڵام دوای دەستگیرکردنی، بە بڕیاری دادوەر بێتاوان دەرچوو، بۆیە ئازاد کرا، بەڵام جارێکی دیکە دەستگیر کرایەوە و لە زینداندا خنکا.

باوکی محەممەد بە گومانە لەوەی کوڕەکەی خۆی خنکاندبێت و دەڵێت: "سەرەتا ماوەی مانگێک کوڕەکەم دەستگیر کرا. دواتر دەرکەوت کە بێتاوانە، بەڵام دوایی دیسان دەستگیریان کردەوە".

بە گوتەی باوکی: "محەممەد لە فەیسبووکەوە قسەی بە چەند کارمەندێکی ئاسایش گوتبوو کە لە زیندان ئازاریان دابوو، هەر بۆیە نزیکەی مانگێک دوای ئازادکردنی دووبارە دەستگیرکرایەوە".

محەممەد لەلای دادوەر گوتبووی هاککراوم و ئاگاداری ئەوە نیم کە بە ناوی منەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر بەگوتەی ئاسایش دانی بەوەدا ناوە کە خۆی بووە و سووکایەتی بە ئاسایش کردووە.

باوکی دەڵێت "من دڵنیام کوڕەکەم ئەشکەنجە دراوە و گومانم لە پاسەوانەکانی زیندان و کەسێک هەیە کە خزمی خۆمە. ئەو کوڕەکەمی برد و ئەو شەوەی کوڕەکەم خنکاوە هەتا نیو کاژێر پێش ڕووداوەکەش لەوێ بووە".

باوکی محەممەد لەبارەی فەرمانی دادوەر بۆ دەستگیرکردنی کوڕەکەی، گوتی: "ئاسایش بەبێ فەرمانی دادوەر لە زیندانی تاکەکەسی دایاننابوو، چل شەو پێش ئێستا محەممەدیان برد، ماوەی یەک هەفتە لە زیندان بوو، دووشەممە لە ماڵەوە بردیان و بۆ هەفتەی داهاتوو لە هەمان ڕۆژ گوتیان وەرە تەرمەکەی ببەوە، من تەنانەت بەرگەی ئەوەشم نەگرت تەرمەکەی وەربگرمەوە".

دەشڵێت: "ئەوەی جێی گومانە لای من، پەنجەرەی ئەو ژوورەیە کە تێیدا بووە، زۆر لە باڵای کوڕەکەم نزمترە، دەڵێن کاژێر شەشی ئێوارەی ئەو ڕۆژە نانمان داوەتێ و کاژێر 12ی شەو بینیومانە بە لێواری بەتانی کە دڕاندویەتی، خۆی هەڵواسیوە".

بە گوتەی باوکی محەممەد، دووبارە دەستگیرکردنەوەی کوڕەکەی هچی پەیوەندییەکی بە باندە نێربازییەکەوە نەبووە، ئەو دەڵێت "کوڕەکەم لەبەر ئەوە دەستگیر نەکرا کە لەگەڵ باندەکە دەستی تێکەڵ کردبێت، بەڵکو لەسەر مەسەلەی سیاسی بووە، بەڵام زانیان ئەو باندە دەناسێت، ئەوەیان کردە بیانوو بۆ دەستگیرکردنی".

لەبارەی ئەو کەیسە، ڕەمک ڕەمەزان، قایمقامی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەیەک بەر لە ئێستا باندێک دەستگیرکران کە محەممەد یەکێکیان بوو، بەڵام دواتر بە بڕیاری دادوەر محەممەد بێتاوان دەرچوو، دەرکەوت دەستی لەگەڵ باندەکە تێکەڵ نەبووە و ئازاد کرا، دواتر دووبارە دەستگیر کرایەوە، بەڵام ئەمجارە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەستگیر کرا. لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا دانی بە تاوانەکەیدا نابوو".

### محەممەد خۆی خنکاندووە

لەبارەی گومانی کەسوکاری محەممەدیش لە مردنەکەی، قایمقامی چەمچەماڵ گوتی: "بەداخەوە ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بەسەر محەممەددا هات و لەناو زینداندا خۆی خنکاند، من وەک بەرپرسی ئەمنیی ئەم شارە بانگی خانەوادەکەیم کرد و پێمگوتن هەر گومانێکتان هەبێت، دەتوانن لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام ئەوان هیچیان نەبوو".

بەپێی زانیارییەکان، ئەو باندەی لە چەمچەماڵ دەستگیرکراون ژمارەیان 12 کەسە و کاریان هەڵخەڵەتاندنی خاوەنکار و بازرگانەکان و تێوەگلاندنیان بووە لە کاری نێربازی، دواتریش بەدزییەوە وێنەیان گرتوون و گرتە ڤیدیۆییەکانیان وەک هەڕەشە لەو کەسانە بەکارهێناوە، لە بەرامبەردا پارەیان لێوەرگرتوون.

# تەرمی شاخەوان لە ماڵە تازەکەیدا دۆزرایەوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – حاجیاوا**

هەفتەیەک بوو ماڵی هێنابووە گەڕەکەکە، دراوسێکانی چاوەڕێ بوون کەمێک خۆیان کۆبکەنەوە، ئینجا بچن بەخێرهاتنیان بکەن، بەڵام نیوەڕۆیەک هەواڵی مەرگی شاخەوان بە گەڕەکەکەدا بڵاوبووەوە. پۆلیس دەڵێت لە ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە، بەڵام نازانرێ کێ کوشتوویەتی.

شاخەوان ئەحمەد محەممەد، تەمەن 39 ساڵ کە هەفتەیەک بوو ماڵی بردبووە گەڕەکی سەردەم لە ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە، بە کوژراوی لە نێو ماڵەکەیدا دۆزرایەوە.

عائیشە ئیسماعیل کە دراوسێی ئەو پیاوە کوژراوەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ماڵە تەنیا هەفتەیەک بوو هاتبوونە گەڕەکەکەمان، تەنانەت هێشتا بەخێرهاتنمان نەکردبوون، چاوەڕێ بووین ماڵەکەیان بە تەواوی دابنێین، ئینجا بچین سەردانیان بکەین".

عائیشە گوتیشی: "ئەو ماوەیەی کە هاتبوونە ئێرە کەس لە دەرەوە نەیبینیون و کەس تێکەڵیان نەبووە، بۆیە نازانین کێشەیان چی بووە".

سیداد بایز کە دراوسێیەکی دیکەی شاخەوانە، گوتی "ئەو خانووەی شاخەوانی تێدابوو پێشتر خانووی مامم بوو، ماوەیەک لەمەوبەر فرۆشتی. شاخەوان بە کرێ لەو خانووەدا بوو، لەو ماوەیەی هاتبووە ئێرە تەنیا یەکجار بینیم ئەویش ئێوارە بوو دەگەڕایەوە ماڵەوە".

سیداد باسی چۆنیەتی ئاشکرابوونی کوژرانی شاخەوان دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی هەینی بوو، خەڵک دەڕۆیشتن بۆ نوێژ، لەپڕ لەلایەن هەندێک میوانی ماڵی شاخەوان بووە هاوار و دەنگەدەنگ، دەیانویست بچنە ژوورەوە، دەرگای حەوشەکەیان داخرابوو، دەرگای مەدخەلەکەیان کرابووەوە، کەس وەڵامی نەدەدایەوە. دواتر کە چووبوونە ژوورەوە بینیبوویان کوژراوە".

سیداد دەڵێت ئەوان نازانن ئەو پیاوە کەی کوژراوە و کێ کوشتوویەتی، گوێیان لە دەنگی گوللەش نەبووە، کەسیش هیچ دەربارەی هاوژینەکەی نازانێ کە ئایا لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵ بووە یان نا.

دوای دۆزینەوەی تەرمەکە، پۆلیس و ئاسایش لە ڕووداوەکە ئاگادار کرانەوە و ئەوانیش تەرمەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/3/16 تەرمی پیاوێکی تەمەن 39 ساڵ بەناوی شاخەوان محەممەد هێنرایە بەشی پزیشکی داد. توێکاری بۆ تەرمەکە کرا و دەرکەوت کە 20 سەعاتە کوژراوە، گوللەیەک بەر سەری کەوتبوو، بەگوێرەی پشکنینەکان پیاوەکە کوژرابوو".

هەروەها ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی ئەو دۆسیە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی هاووڵاتیان ئاسایشیان لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە، ئاسایش دۆسیەی بۆ کردەوە، پاشان دۆسیەکەی ڕادەستی ئێمە کرد، تیمەکانی پۆلیسی بەڵگە و تاوان تەرمەکەیان لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیەوە برد بۆ پزیشکی دادی سلێمانی".



شۆڕش ئیسماعیل زیاتر لەبارەی ڕووداوەکە قسەی کرد و گوتی: "دوای هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت ئەو کەسە بە گوللەیەکی دەمانچە لەسەر جێگەی خەوتنەکەی کوژراوە. گوللەکە لەلای ڕاستی سەری دراوە و لە لای چەپی دەرچووە".

تا ئێستا بۆ پۆلیس ڕوون نییە کێ ئەو کەسەی کوشتووە. ڕائید شۆڕش دەڵێت: "لە خەڵکمان بیستووە کە ئەو پیاوە شەش مانگ لەمەوبەر ژنی هێناوە. کێشەی لەگەڵ ماڵی خەزووریدا هەبووە، بەڵام نازانرێ کوشتنەکەی تا چەند پەیوەندی بە کێشەکەوە هەیە".

سەبارەت بە هاوژینەکەشی، ڕائید شۆڕش گوتی "لەدوای ڕووداوەکەوە هاوژینەکەی دیار نییە".

# پێشمەرگەکەی دیموکرات بۆچی خۆی کوشت؟


حامید بەر لە خۆکوشتنی تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کرد و داوای گەردنئازادیی لێکرد

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- کۆیە**

هاوژینەکەی و منداڵەکانی چەند جارێک داوایان لێکرد کە لەگەڵیان بچێتە دەرەوە بۆ گەشت، بەڵام حامید ڕەتیکردەوە. زۆری نەبرد تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کرد و داوای گەردنئازادیی لێکرد، پاشان بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی 2018/3/23 کاتێک خەڵک سەرقاڵی گەشت و سەیران بوون، پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەناوی حامید قادر، تەمەن 48 ساڵ، لە ناوچەی زەوییە سپی سەر بە قەزای کۆیە، بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

حەسەن قادرزادە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی خۆکوشتنی ئەو پێشمەرگەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک حامید کەسێکی زۆر باش و تێکۆشەرێکی بەتوانا بوو، هیچ کێشەی لەگەڵ حیزب و هاوڕێیانی حیزب نەبوو، زۆرجار هاوکاریی ئەو پێشمەرگانەی دەکرد کە کێشەیان هەبوو، کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکردن، جگە لەوەش کەسێکی دەستڕەنگین بوو، بەرگدروو بوو، خاوەنی داهاتی خۆی بوو، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم کێشەی سیاسی یان نەداریی هەبووبێ".

حەسەن قادرزادە لەو باوەڕەدایە حامید کێشەیەکی زۆر تایبەتی هەبووبێ و نەیویستبێ کەس بە کێشەکەی بزانێ، کاتێکیش کێشەکەی پێ چارەسەر نەکراوە، پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە. قادرزادە گوتیشی "ئێمە لە ڕوونکردنەوەی حیزبیشدا ڕامانگەیاند کە هۆکارەکەی نادیارە و پەیوەندی بەحیزبەوە نییە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی حیزبی دیموکرات، پێش ڕووداوەکە، هاوسەر و منداڵەکانی داوایان لە حامید کردووە بچنە دەرەوە بۆ سەیران، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە لەگەڵیان بچێ. پاشان کە ژن و منداڵەکانی چوونەتە دەرەوە، تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کردووە و پێیگوتووە گەردنم ئازاد بکەن، من چیدی لەگەڵ ئێوە نابم، هەر شتێکیش ڕوویدا پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە و یەخەی کەس مەگرن. دواتر بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

حامید قادر، 32 ساڵ بوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو، ئەو بەرپرس بوو لە وەرگرتنی ئەو کەسانەی دەهاتنە ڕیزەکانی حیزب.

ستار سەعدوون، بەڕێوەبەری کارگێڕیی پزیشکی داد لە نەخۆشخانەی گشتیی قەزای کۆیە لەبارەی خۆکوشتنی ئەو پێشمەرگەیەی حدک بە (ڕووداو)ی گوت: "لە سێیەم ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا تەرمێک هێنرایە پەیمانگای پزیشکی دادوەری، گوللەیەک بەر سنگی کەوتبوو، بەگوێرەی پشکنینەکان دەرکەوت ئەو کەسە خۆی کوشتووە. دواتر تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە".

هەر لەوبارەوە عەقید شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە گوتی: "دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/3/23 لە ناوچەی زەویە سپی سەر بە قەزای کۆیە پیاوێک بەناوی حامید قادر حەمەدئەمین کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لە دووریی چەند سەد مەترێک لە ماڵەکەی خۆی بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا".

گوتیشی: "ئەو کەسە پێش ئەوەی خۆی بکوژێ، تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کردووە و پێیگوتوون کە بڕیاری داوە خۆی بکوژێ، بەڵام باسی هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەکردووە".

سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش، عەقید شۆڕش گوتی "بەهۆی ئەوەی ڕووداوەکە تازەیە، پۆلیس هێشتا هۆکاری خۆکوشتنەکەی بۆ ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام لە نێو خەڵک دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە کە گوایە لەگەڵ کەسوکارەکەی لەسەر میرات کێشەیان هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە، بەس ئەوە تەنیا دەنگۆیە و مەرج نییە ئەوە هۆکاری خۆکوشتنەکەی بێ".

# کورد لە سەردەمی پرۆتێکشینیزمدا..
# گەڕان بۆ هاوبەشی ئابووری نەک سیاسی



هێمن لهۆنی

لە دوای هاتنی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، هێشتا جیهان لە شۆکدایە و لێکترازانی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، لە چەند دەیەی رابردوودا بێ وێنە بووە. هەرچەندە هێشتا دەنگە لیبراڵ دیموکراتەکان ماون، بەڵام سیاسییە پرۆتێکشنیستەکان، ڕێبەرایەتی وڵاتە گەورەکانی جیهان دەکەن. لەم سەردەمەشدا وڵاتە لاوازەکان دەبنە قوربانی و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک کوردیش دووجار قوربانی. کورد لە بێئومێدیدایە پاش ئەوەی لە سەردەمی جیهانی لیبراڵدا لە بری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەنگی دژی تیرۆر کرد، بەڵام لە جیهانێکی تەواو جیاوازدا چاوەڕوانی ئەنجامی خەباتەکەیەتی لە جیهان. کورد پێویستی بە جارێکی دیکە بیرکردنەوەیە لەوەی ئایا پێویستی بە هاوبەشی ئابوورییە یان سیاسی.

## پرۆتێکشنیزم: هەرکەس بۆخۆی

سیاسەتی پرۆتێکشنیست بەو سیاسەتی حکومەتانە دەگوترێ کە جەختیان لەسەر ئابووریی ناوخۆییە و گوێنادەنە هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی و ئابووری. لەئەنجامیشدا کاریگەریی راستەوخۆ دەکاتە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لاوازبوونیان.

ترەمپ دەڵێ: "یەکەمجار ئەمریکا"، ئەم کارەی ترەمپ بووەتە هۆی دروستبوونی گرژی لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانە هەرە گرنگەکانی ئەو وڵاتە. ئێستا ئەمریکا لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا کێشەی هەیە، لەگەڵ چین زۆر زیاترە لە جاران. ئەم سیاسەتە پرۆتێکشنیستەی ترەمپ کاریگەریشی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دروستکردووە. وەک جاران ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بەها جیهانییەکان بنیات نەناوە و دەستوورناداتە مەلەفی دیموکراسی و مافی مرۆڤی وڵاتانی دیکە. بۆ نموونە، ئێستا مامەڵەی واشنتن لەگەڵ سعودیە لەسەر ئەوە نییە تا چەند سعودیە دەتوانێ مافی مرۆڤ بپارێزێ یان چالاکڤانەکانی نێو زیندانەکانی ئازاد بکات، بەڵکو دۆستایەتیان لەسەر ئەوەیە تا چەندە سعودیە دەتوانێ ملیاران دۆلار هەڵبڕێژێ بۆ خزمەتکردنی سیاسەتە پرۆتێکشنیستەکانی ئەمریکای ترەمپ. ئێستا بۆ ئەمریکا هیچ گرنگ نییە لە ئەنکەرە، ریاز، قاهیرە چەند ڕێز لە دیموکراسی دەگیرێ، ئەوە گرنگە تا چەند ئەو وڵاتانە ئامادەن کار لە نێو ئەمریکا دروست بکەن بۆ ئەمریکییەکان، ئەگەر لەسەر حیسابی هاووڵاتیانی خۆشیان بێ.

بەریتانیاش بە چوونە دەرەوەی لە یەکێتیی ئەورووپا و قۆناغی دوای (برێکزیت)، بێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا، کارەکانی خۆی ڕێکدەخاتەوە و چی گرنگ بێت بۆ ئابووریی وڵاتەکەی دەیکات و دەیەوێ هەرچۆنێک بێ بەبێ زیانی زۆر لە یەکێتیی ئەورووپا دەربچێ. بۆ ئەمەش بەریتانیا بەریتانیاکەی جاران نییە کە لە خەمی کاری نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤدا بێت، ئێستا باشترین پەیوەندی هەیە لەگەڵ سعودیە و تورکیا. هەردووکیان وەک دوو پێگەی ئابووریی گرنگ بۆ خۆی تەماشا دەکات. هەر وەکو ئەمریکای ترەمپ، بەریتانیای تێریزا مەی بەرەو پرۆتێکشنیزم دەڕوات.

ئەم دوورکەوتنەوەیەی ئەمریکا و بەریتانیا بووەتە هۆی لاوازیی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا و گشت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەش. چونکە هیچکات سیاسەتی پرۆتێکشنیست هاوکاریی دروستبوونی هاوکاریی نێودەوڵەتی و بازرگانی و مرۆیی ناکات.

لەناو یەکێتیی ئەورووپاشدا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک جاران هاوکارییەکانی نێوان لیبراڵ دیموکراتەکان نەماوە. هەرکەس زیاتر لە خەمی خۆیەتی. ئەڵمانیا لەگەڵ زۆر لە وڵاتان لەسەر کۆچبەران ناکۆکە، فەرەنسا وەک جاران پاسیڤ نییە و دوای هاتنی ئیمانوێڵ ماکرۆن دەیەوێ لە دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپاش سەنگی خۆی هەبێ و رازیش نییە بەم پێکهاتە تەقلیدیەی ئێستای یەکێتیی ئەورووپا.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئیتاڵیا و نەمساش دەریخست کە خەڵکەکەی زۆر رازی نین لە دۆخی یەکێتیی ئەورووپا و بەرهەمەکانی لیبراڵ دیموکراتەکان و دژە پرۆتێکشنیستەکان. ئەم لێکترازان و دابەشبوونەی جیهان و لاوازبوونی لیبراڵ دیموکراسی جارێکی دیکە بووەتە هۆی دروستبوونەوەی "حکومەتی بەهێز" لە وڵاتەکان.

ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆڕبەندی داڤۆس کە ساڵانە لەلایەن هەزار پسپۆڕ و توێژەرەوە ئامادە دەکرێ، بۆ ساڵی 2018 باسی کۆمەڵێک ریسک دەکا لە ئەنجامی ئەم جیهانە لێکترازاوە. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە جیهان بەرەو فرەجەمسەری دەڕوات و جەمسەرە تەقلیدییەکان نامێنن.

دامەزراندنی حکومەتی بەهێز لەلایەن دەوڵەتانەوە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەم سەردەمە جا هەندێک لە ڕێگەی دیموکراسییەوە و هەندێکیش بە ڕێوشوێنی نادیموکراسیانە. دۆناڵد ترەمپ لە ئەمریکا دەیەوێ هەموو شتەکان لە کۆشکی سپی بێت و لە کۆشکی سپیش لای خۆی بێت. لە دوای لەکارلادانی تیلەرسن، ترەمپ گوتی کە ئەو دەیەوێ کابینەیەکی هەبێ لەگەڵ خۆی بگونجێ و ڕای جیاوازی تێدا نەبێ.

لە چینی ڕکابەری ئەمریکاش، ژی شینگ بین خۆی وەک سەرۆکی هەتاهەتایی ناساندووە، چینییەکان باوەڕیان وایە لەم سەردەمی ڕکابەرییەدا ناکرێ خەریکی سەرۆک گۆڕین و لاوازکردنی حکومەتەکەیان بن. لەولاشەوە فلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا بە هەڵبژاردنێکی گوماناوی 75%ی دەنگەکانی هێنایەوە و سەلماندیەوە کە خۆی قەیسەرە. لە تورکیاش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەموو ڕۆژ دەیەوێ بیسەلمێنێ کە یەک کەس بڕیاردەرە و حکومەت دەبێ هەموو شتێک بێ لە تورکیا. لە هیندستان و فەرەنساش حکومەتەکان ئەمجارە لەهەموو کات دەسەڵاتدارترن.

کۆنسێپتی حکومەتی بەهێز و سیاسەتی پرۆتێکشنیزم بەپێی داڤۆس دەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزیی زیاتر لە 2018 دا بەمشێوەیە:

**یەکەم:** ئەگەر هەر حکومەتێک لەبیری گەورەکردنی هێزی خۆیدا بێ، ئەوا وردە کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەرووی هەموشیانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو لاوازبوون دەڕوات و ئیفلیج دەبێ. هەروەها وەک بینیمان بەریتانیاش چۆن یەکێتیی ئەورووپای لاواز کرد کە لەندەن باوەڕی وایە خۆی شتە و پێویستی بە کەس نییە.

**دووەم:** حکومەتە بەهێزەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک کورد ببنە قوربانیی زیاتر.

**سێیەم:** ئەم جۆرە لە حوکمڕانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانە بەوە نەوەستن کە تەنیا خۆیان بەهێز بکەن، بەڵکو دەست وەردەدەنە کاروباری وڵاتانی دیکە و دەیانەوێ لەوێش گرووپی خۆیان هەبێ، بۆ ئەمەش لوبنان و لیبیا و سووریا نموونەن.

**چوارەم:** حکومەتی بەهێز بەوە ناوەستێ کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان قووت دەدەن، بەڵکو وڵاتە بچووکەکانیش دەخەنە مەترسییەوە و ناهێڵن بە سەربەخۆیی جموجۆڵ بکەن. قەتەر وڵاتێکی بەهێز و دەوڵەمەندە، بەڵام چونکە بچووکە ئێستا بووەتە ئامانجی حکومەتە بەهێزەکانی دراوسێی و پاشکۆی وڵاتە بەهێزەکانی دیکە.

لەلایەکی دیکەوە ئەمساڵ کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن باس لە کۆمەڵێک ریسک دەکات کە لە ئەنجامی لاوازبوونی هاوکاریی نێودەوڵەتی دروست دەبێ کە ئەمانەن:

**یەکەم:** لە بەرامبەر ئەو بۆشاییەی ئەمریکای ترەمپ لە جیهاندا دروستی کردووە، چین بە ستراتیژییەکی گەورەوە هاتووەتە بازاڕی جیهانەوە و لە 2018 دا جەنگی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکا دەبەنە ئاستێکی گەورەتر لە هەموو کات. جگە لە جەنگی بازرگانی، جەنگی کۆنترۆڵکردنی جیهانی تەکنۆلۆژیا لە نێوان ئەمریکا و چین فراوانتر دەبێت.

**دووەم:** گرژییە جیۆپۆلیتیکییەکان بەردەوام دەبن بە تایبەتی لەگەڵ کۆریای باکوور و هەروەها ناسەقامگیرییەکان لە عێراق و سووریا بەردەوام دەبن، بە جۆرێک دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتری ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان.

**سێیەم:** کەوتنی ڕێککەوتنە گەورەکانی وەک نافتا و دروستکردنی قەیرانی ئابووریی گەورە بۆ وڵاتانی بەشدار بەتایبەتی مەکسیک.

**چوارەم:** گوشارەکان بۆ سەر ئێران زیاد دەکات و پاشەکشێی پێدەکرێ لە عێراق و لوبنان و سووریا.

**پێنجەم:** لە ساڵی 2018 دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکان لە جیهاندا زیاتر لاواز دەبن و پرسیار لە شەرعیەتیان دەکرێ. ئەمەش وا دەکات زۆر پێشبینی بۆ گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکان ڕاست دەرنەچن.

**شەشەم:** مەترسی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم بەهۆی ئیسلامییەکانەوە لە ئەندەنووسیا و مالیزیا دەبێتە هۆی گرژی و هەروەها ناسیۆنالیزم لە هیندستان.

**حەوتەم:** تیرۆری گرووپەکانی وەکو قاعیدە کە هێشتا لە ئەفریقا بەهێزە، دەبێتە مایەی مەترسیی زیاتر بەتایبەتی کە جیهان لێکترازاوە.

## کورد لە جیهانی پرۆتێکشنیستدا

لە جیهانێکی وا لێکترازاودا، دەوڵەتە لاوازە بچووکەکان، ناتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن. هەروەها بەتەنیا ناتوانن خۆیان لە ماسییە گەورەکان ڕزگار بکەن، بۆیە بۆ کورد وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ئەوە ئێجگار قورسە و دەبێت لەم قۆناغە تێبگات پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بنێ.

بەشێکی قوربانیی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا و باشوور دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەبری جیهانێکی لیبراڵ دیموکراسی شەڕی داعشی کرد، بەڵام چنینەوەی بەرەکەی کەوتە جیهانێکی پرۆتێکشنیست، بۆیە دووجار بووە قوربانی. هەموو کەس ئەوەی لە بیرە کە باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا چۆن لەبەر خاتری پاراستنی هەولێر هێزی جوڵاند و کوردی پاراست و عێراقیش پێوەی پارێزرا. ئۆباما سەرۆکی جیهانێکی لیبراڵ دیموکراتی بوو کە باوەڕی وا بوو ئەوە ئەرکی ئەمریکایە وەک زلهێزێک کەمینەکان بپارێزێ و هەتا دەتوانێ بێدەنگ نەبێ لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. بەڵام کورد لەسەردەمی ترەمپی پرۆتێکشنیستدا بێ ئومێدە لەوەی بەرهەمی خەباتەکەی وەربگرێ.

ئەوەی کورد لە ئەنجامی دەیان ساڵ خەبات بەدەستیهێنابوو، لە ماوەیەکی کورتدا لەدەستچوو. ئەگەر هێشتا جیهانی لیبراڵ دیموکراتی بمایە ڕەنگە زۆر کەمتر لە ئێستا کورد ببوایەتە قوربانی. لانیکەم ئیدارەی ئۆباما بمایە، ڕەنگە نەیانهێشتبایە کورد لە باشووری کوردستان ناچار بێ بەرەو گشتپرسی بچێ.

نەخوێندنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کوردی لە باشووری کوردستان خستە مەترسییەکی گەورەوە. مامەڵەی ئەمنیی جیهان لەگەڵ کورد بۆ شەڕی داعش سەرکردەکانی باشووری تووشی غرووڕێکی سیاسی کرد و ویستیان خێرا بیکەنە دەستکەوتێکی سیاسی بۆ خۆیان. ئەم غرووره بەشێوەیەک بوو کە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دەیانگوت ئەمریکا بۆی نییە دەست وەربداتە کاروباری کوردستان. دەسەڵاتدارانی باشوور بەشێوەیەک هاوکێشە هەرێمییەکانیان لێ تێکچووبوو کە باوەڕیان وابوو عێراق کۆتایی هاتووە، تورکیا و ئێرانیش لە بەرامبەر کیانێکی کوردیدا هیچیان پێناکرێ. ئەگەر قسەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا ڕاستبێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ڕاوێژێکی بە تورکیا نەکردووە لەبارەی گشتپرسی، ئەوا کارەساتە. لە کاتێکدا هەولێر گشت هێلکەکانی خۆی خستبووە ناو سەبەتەی ئەنکەرەوە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هێزە کوردییەکانی سەر بە پەکەکە سەرەتا گەمەیەکی سیاسیی باشیان کرد بە نزیکبوونەوەیان لە ئەمریکا و کوردیان جارێکی دیکە کردەوە بە ئەکتەرێکی گرنگ لە سووریا، بەڵام لەوێش غرووری سیاسی و نەخوێندنەوەی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان کارەساتی عەفرین و شکاندنی شکۆی کوردی لێکەوتەوە. ئەمریکا زۆر هەوڵی دا کە یەپەگە خۆی بە دوور بگرێ لە پەکەکە، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت، بەڵام نەک بە گوێیان نەکرا، بەڵکو هەندێک جار بە غرووڕەوە بەرپرسانی یەپەگە بە ئەمریکییەکانیان دەگوت ئەگەر ڕازی نین ئەوا دەچنە پاڵ ڕووسیا. بە ئیستیفزازکردنی تورکیا و ڕووسیا و نەبینینی خۆیان وەک ئەکتەرێکی نانێودەوڵەتی، کورد لە سووریاش بووە قوربانیی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و جیهان بە وشەی ئیدانەش بەرگری لە کەوتنی یەپەگە لە عەفرین نەکرد کە بە حیساب هاوپەیمانی سەرەکیی شەڕی داعش بوو. لە ئەنجامی نەخوێندنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یەپەگە کەوتە گێژاوێکەوە کە هەڵدانی ئاڵای ئەمریکا و ڕووسیا و تەنانەت وێنەی ئەسەدیش فریای نەکەوت.

لە باکووری کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی بێ وێنە بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین دەمیرتاش لە هەڵبژاردنەکانی 2015دا دەرکەوت. بەدەستهێنانی 80 کورسی و بەدەستهێنانی دەنگ لەسەرتاسەری تورکیا، سەرکەوتنێکی مێژوویی بوو بۆ کوردی باکوور. هیچ کەس پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە لە تورکیای نوێدا، تورک دەنگ دەدات بە گەنجێکی کورد بۆ سەرۆکایەتی وڵاتەکەی. ئەم مۆدێلەی دەمیرتاش پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام نەهێڵرا ئەم مۆدێلە بەردەوام بێ. حکومەتی تورکیا چەند بەرپرسە لەوە، غرووری پەکەکەش هێندە بەرپرسە. پەکەکە لە کاتێکدا کە دەمیرتاش تورکیای هەژاندبوو، هێرشەکانی لە باکووری کوردستان زیاتر کردبوو، بەجۆرێک کە خەڵکە تورکەکەی لە دەمیرتاش تۆراند. ئەوەبوو لە هەڵبژاردنی دووەمدا لە ساڵی 2015 هەدەپە دەنگێکی زۆری لەدەستچوو.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی، ڕەنگە لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بن کە ئەمریکا گورزێک لە ئێران بوەشێنێت، بەتایبەتی دوای هاتنی تیمی نوێی ئاسایشی نیشتیمانی و گۆڕینی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا. چاوەڕوان دەکرێ ئەمریکا ئەگەر بە ڕاستەوخۆش نەبێ، ئەوا لە شەش مانگی داهاتوودا گورزێک لە ئێران بدات، بەتایبەتی لە پرۆکسییەکانی لە عێراق و سووریا و لوبنان. ئەوەی بگوترێ ئەوەیە کە دەبێ لایەنەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا تەماشای بەشەکانی دیکە بکەن و وانە وەربگرن و هەڵەکان دووبارە نەکەنەوە.

## کورد دەبێ چی بکات؟

**یەکەم:** لەم سەردەمە نوێیەدا و بە تێگەیشتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەبێ کورد واز لە خەیاڵی شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتەکان بهێنێ، جا ئەگەر ئەنکەرە یان بەغدا یان تاران بێ. تازە دەرکەوت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕینی سنوورەکان قبوڵ ناکات و دەوڵەتێکی نوێ لەم کاتەدا مەحاڵە، بەتایبەتی ئەگەر لەڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە بێت. کورد پێویستی بە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانە لەگەڵ ئەو پایتەختانە، بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە. هەموومان بینیمان ئەو چەند ساڵەی هەولێر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنکەرە زیاتر ئابووری بوون و خاڵی هاوبەشی دۆزیبووەوە، کوردستان چ ئاوەدانییەکی بەخۆیەوە بینی و باسی ئەوە دەکرا چۆن ببێت بە دوبەی. بەڵام کاتێک هاوبەشییەکانمان کردە سیاسی و ناسیۆنالیستی، ئەوەمان بەسەرهات کە لە نیمچە دەوڵەتێکەوە، هەرێمی کوردستان بووە هەرێمێکی لاواز بەدەست بەغداوە.

**دووەم:** مامەڵەکردن لەگەڵ دەستکەوتەکان بۆ پاراستنیان نەک فراوانکردنیان لەسەر حیسابی کەسانی دیکە. بۆ کیانی کوردی ئەوە گرنگ بوو کە دەستکەوتەکان بپارێزین نەک هەڵپەرستانە مامەڵە بکرێ. کورد لە باشوور لە بری گشتپرسی لە کەرکووک، دەبوو بیری لەوە بکردایەتەوە کە چۆن نموونەیەکی جوانی ئیدارەکردن لەو شارە پێشکەشی پێکهاتەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکردایە. لە ڕۆژئاوا کورد دەبوو لە بری سووتاندنی ماڵی کادیرانی حیزبە کوردییەکانی دیکە، بیری لەوە بکردایەتەوە کە چۆن بتوانێ کانتۆنەکان لە رووخان بپارێزێ و نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر کەس و لەبری قەندیل شەڕ بکات. لە باکوور دەبوو دەمیرتاش لەناو حکومەتدا بووایە و بەشداریی کابینەیان بکردایە، نەک شار بەشار بگەڕێن بۆ لێدانی خەندەق و گوایە خۆسەری دیموکراتی چێ دەکەن.

**سێیەم:** کورد لەگەڵ کارەساتەکان هەمیشە ئەژنۆی دەشکێ و دەستدەکات بە تۆمەت بەخشینەوە و کەمترین وانەی لێ وەرناگرێ، یان بەرپرسیارێتی هەڵناگرێ. زۆربەی کات لە ژێر پاساوی خیانەت و تورک و فارس دژی کوردن هەڵەکانی خۆی لەبیر دەکات. کورد دەبێ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە، هەموو هەوڵی بۆ پاراستنی ئەو کیانە بێ کە ئێستا ماویەتی. کەرکووک و عەفرین بەبەرچاوی هەموو کوردەوە ڕۆیشت. لە بری ئەوەی تا چەند ساڵێکی تر باس لەوە بکرێ کێ خیانەتی کرد و کێ نەیکرد، باشترە باس لەوە بکرێ چۆن هەولێر و سلێمانی و قامیشلو بپارێزرێن و هاونیشتیمانیان بە کەمترین زیان لەم گۆڕانکارییە هەرێمییانە دەربچن.

**چوارەم:** نوخبەی سیاسیی کورد دەبێ زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و لە کەشوهەوای پۆپۆلیزم و عینادی بێنە دەرەوە. دەستکەوتەکان لە هەمووان دەڕوات، نەک لایەنێکی دیاریکراو. لە عەفرین تەنیا وێنەی ئۆجەلان لانابرێ، بەڵکو پەیکەری کاوەی ئاسنگەر دەخرێتە ژێر پێ. لە کەرکووک تەنیا وێنەی بارزانی و تاڵەبانی لانابرێ، بەڵکو ئاڵای کوردستان دەخرێتە ژێر پێ. دەبێ بەرپرسیارانە مامەڵە بکرێ. کاتێک تورکیا هەڕەشە لە سلێمانی دەکات، بە پۆستی فەیسبووک و لایک و خۆگیڤکردنەوە ئەنکەرە ناوەستێنرێ. دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆن عاقڵانە مامەڵە بکەن و وانە وەربگرن کە ئیستیفزازکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە لە زەرەری کورد، تەواو دەبێ.

لە کۆتاییدا کورد لە جیهانێکدایە کە سەرکردە پرۆتێکشنیستەکان وڵاتە گەورەکان بەڕێوەدەبەن، بۆیە لە بری چاوەڕوانییە بێ ئەنجامەکان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەبێ کورد بزانێ چییە و چی دەکات و چی پێدەکرێ. کورد دەبێ بزانێ کە ئەکتەرێکی نانێودەوڵەتییە و هەر هەنگاوێک بەبێ تێگەیشتن لە هاوکێشە هەرێمییەکان کارەساتی لێدەکەوێتەوە و لە بری خەونە سیاسییەکان، باشترە لەم قۆناغەدا هاوبەشە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بدۆزێتەوە. کورد ئەگەر بیەوێ دۆستەکانی لە جیهاندا بەردەوام بن، دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە دامەزراوەکانیان مەدەنیتر و دیموکراتیتر بکەن و ببنە عامیلی دیموکراسی و کرانەوە لە پایتەختی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، نەک هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی.



ئەگەر هێشتا جیهانی لیبراڵ دیموکراتی بمایە، لانیکەم ئیدارەی ئۆباما بمایە، ڕەنگە نەیانهێشتبایە کورد لە باشووری کوردستان ناچار بێ بەرەو گشتپرسی بچێ (فۆتۆ: ڕووداو)

نوخبەی سیاسیی کورد دەبێ زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و لە کەشوهەوای پۆپۆلیزم و عینادی بێنە دەرەوە

لەبری خەونە سیاسییەکان، باشترە کورد لەم قۆناغەدا هاوبەشە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بدۆزێتەوە

نەخوێندنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کوردی لە باشووری کوردستان خستە مەترسییەکی گەورەوە

لە ئەنجامی نەخوێندنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یەپەگە کەوتە گێژاوێکەوە کە هەڵدانی ئاڵای ئەمریکا و ڕووسیا و تەنانەت وێنەی ئەسەدیش فریای نەکەوت



# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە تێکدەدەن

> کەمخەوی هەم هۆکاری نەخۆشییە و هەم نیشانەی نەخۆشی
>
> پسپۆڕێکی هەناو

> پێویستیی دەروون بۆ خەو، هاوشێوەی پێویستیی جەستەیە بۆ خۆراک
>
> پسپۆڕێکی نەخۆشییە دەروونییەکان

سەروەر سالار
ڕووداو - سلێمانی

پزیشکانی کوردستان هۆشداری دەدەن کە تێکچوونی خەوی خەڵکی بەهۆی شێوازی ژیانی ئێستاوە، مەترسییە بۆ سەر دەروون و جەستەیان، ئامارە جیهانییەکانیش دەریدەخەن کە گرفتی کەمخەوی وەکوو پەتایەک زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانی گرتووەتەوە.

لە ساڵی 2008وە کۆمەڵەی جیهانیی تایبەت بە خەو و گرفتەکانی، ڕۆژی هەینی پێش سەرەتای بەهاری هەموو ساڵێکی وەک (ڕۆژی جیهانیی خەو) دیاری کردووە کە ئەمساڵ کەوتە ڕۆژی 16ی ئادار. ڕێکخراوەکە ئەمساڵ مەبەستیێتی خەڵکی هان بدات ڕیتمی خەوی خۆیان بپارێزن و لەکاتی دیاریکراو و سروشتیی خۆیدا بخەون و لە خەو هەستن. هۆشداریش دەدات کە ئێستا 45%ی خەڵکی جیهان گرفتیان هەیە لە خەوتنیاندا.

پزیشکێکی پسپۆڕی دەروونی دەڵێ گرفتەکانی خەو تەنیا لەماوەی خەودا نین، بەڵکو جۆراوجۆرن.

د.زامدار حەمەڕەسوڵ کە دکتۆرای لە نەخۆشییە دەروونییەکاندا هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەندێک کەس گرفتەکەیان ئەوەیە کەمتر لە شەش کاژێر دەخەون، هەندێکی دیکەش ماوەی خەوەکەیان زۆرترە، بەڵام پچڕپچڕە، هەندێکیش خەوەکەیان بەشێوەیەکە پشووی تەواویان پێنادات".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، گرفتەکانی خەو لە هەر ڕووییەکەوە بن، پێویستیان بە چارەسەرە و نابێ خەو پشتگوێ بخرێ "خواردن چەندە بۆ جەستەیەکی تەندروست گرنگە، خەویش هێندە گرنگە بۆ دەروونێکی تەندروست".

ئەرکی سەرەکیی خەو، خاوکردنەوە و ئارامکردنی دەروون و جەستەیە، بۆیە بەدخەویی دەبێتە هۆی دەروونشێواوی و ماندوویی جەستەیی و کەمکردنەوەی توانای کارکردن.

وڵاتان ئێستا هەڵمەتی فراوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەدخەوی دەکەن، چونکە بەپێی ئامارە جیهانییەکان بەدخەوی ساڵانە سەدان ملیار دۆلار زیان لە ئابووریی جیهان دەدات، بەهۆی کەمکردنەوەی توانا مرۆییەکان. لە ئەمریکا قەبارەی زیانەکانی بەدخەوی لە هەر ساڵێکدا بە 400 ملیار دۆلار دەخەملێنرێ، لە ژاپۆنیش بە 138 ملیار، لە ئەڵمانیا 60 ملیار، بەریتانیا 50 ملیار و کەنەدا 21 ملیار دۆلار.

پزیشکێکی پسپۆڕی هەناوی هۆشداری دەدات لە مەترسییەکانی بەدخەوی لەسەر مرۆڤ.

دکتۆر زانیار نووری عوسمان، پزیشکی پسپۆڕی هەناو و دڵ، بە (ڕووداو)ی گوت: "تێکچوونی خەو لە هەندێک حاڵەتدا هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی، لە هەندێک حاڵەتی دیکەشدا نیشانەی تووشبوونە بە نەخۆشییەکی دیاریکراو".

دکتۆر زانیار لەبارەی زیانەکانی تێکچوونی خەو دەڵێ: "چوست و چالاکی کەمدەکاتەوە و هۆکارێکی زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆیە، ئەگەری بڕیاردانی هەڵە زیاد دەکات و کار لە خواردنی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەکات، گوشاری خوێن و شەکری خوێن بەرزدەکاتەوە، شەقیقە زیاد دەکات، ئەگەری ڕوودانی جەڵتەی مێشکیش زیاد دەکات".

دکتۆر زامداریش دەڵێ بەدخەوی دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی و گرفتی دەروونی "دڵەڕاوکێ و شپرزەیی دروستدەکات، خەمۆکی زیاد دەکات، هۆکارێکی لەبیرچوونەوەیە و گرفتە دەروونییەکان ئەگەر هەبن ئاڵۆزتریان دەکات".

## تێکدانی کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە

دکتۆر زانیار هۆشداری دەدات کە خەوی ڕۆژ ناتوانێ قەرەبووی تەواوی خەوی شەوانە بکاتەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێ، جەستەی مرۆڤ کاتژمێری بایۆلۆژیی خۆی هەیە و لەکاتی شەودا باشترین سوود لە خەو دەبینێ.

کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە کارەکانی جەستەی مرۆڤ بەپێی کاتەکانی ڕۆژ و شەو دەگونجێنێ، بەوجۆرە کار لە خەوتن، هەڵسوکەوت، ئاستی هۆرمۆنەکان، پلەی گەرمیی لەش و پرۆسەی زیندەپاڵ دەکات.

تێکچوونی ڕیتمی خەو، وەک ئەوەی ئێستا خەڵکی بە شەو تا بەرەبەیان ناخەون، ئەم کاتژمێرە بایۆلۆژییە تێکدەدات و سەرئەنجام کاری نەخوازراو لە زۆربەی لایەنەکانی جەستە دەدات.

ساڵی ڕابردوو بڕیار درا خەڵاتی نێودەوڵەتیی نۆبڵ لە بواری "پزیشکی و کارئەندامزانی" ببەخشرێتە سێ زانای ئەمریکی بەهۆی دۆزینەوەکانیان لەبارەی کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە. ئێستا کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە جێگەی بایەخی چەندین نێوەندی توێژینەوەی پزیشکییە. بەدخەویی مرۆڤی ئێستا هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو کاتژمێرە سرووشتییە و چەندین لێکەوتەی نەخوازراوی تەندروستیی دەبێت.

## ئەوکاتەی بەدخەوی نیشانەیەکی نەخۆشییە

پزیشکە پسپۆڕەکەی هەناو دەڵێ هەندێک کات، تێکچوونی خەو لێکەوتەی یەکێک لە نەخۆشییەکانە و نەخۆشەکە تێبینی ناکات "هەندێکجار پرخە هۆکارێکی خەوی پچڕپچڕە، هەندێکجار کەسەکە بەهۆی شەکرە و پرۆستاتەوە زوو زوو میز بەخەبەری دێنێ و خەوەکەی تێکدەدات، یان ڕەبۆ و کێشەی لووت و لوولەی هەناسەی هەیە و بەو هۆیەوە خەوی تێکدەچێ".

دکتۆر زانیار داوا لە پزیشکان دەکات بەدخەویی خەڵکی بە جدی وەربگرن و بگەڕێن و بزانن کە بەدخەوییەکە بەهۆی نەخۆشییەکی شاراوە نییە؟ "هەندێکجار کەسەکە نازانێ ئەو نەخۆشییەی هەیە بۆیە خەوی تێکچووە، بۆیە دەبێ ورد بین و بپرسین کە بەهۆی چی زوو زوو بەخەبەردێین".

## خەو ڕێوشوێنی خۆی دەوێ

پسپۆڕەکەی دەروونپزیشکی دەڵێ بۆ فەراهەمکردنی خەوێکی ئارام پێویست بە ئامادەسازی و بەرنامەیەکی تایبەتی شەوانە دەکات "دەبێ شەوانە لەکاتێکی دیاریکراودا بچنە جێگا و باشترە پێش 12ی شەو بێت، شوێنی خەوەکە ئارام بێ، پلەی گەرمیی گونجاو بێ، ڕووناک نەبێ، ئێواران ژەمی قورس نەخۆیت و پێش خەویش ئەو خواردنەوانە نەخۆی کە کافاینیان تێدایە".

## چ کاتێک بۆ بەدخەوی بچینە لای پزیشک؟

دکتۆر زامدار دەڵێ لەکاتی بەدخەویدا سەرەتا خۆت ڕێنماییەکانی باشکردنی خەو جێبەجێ بکە و چاوەڕێ بکە "ئەگەر سەرەڕای جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان بۆ ماوەی مانگێک خەوەکەت هەر ناڕێک بوو، ئەوە ئیدی جۆرێکە لە ناسازیی تەندروستی و دەبێ سەردانی پزیشک بکەی بۆ چارەسەر".

## چی خەوی خەڵکی تێکدەدات؟

دکتۆر زامدار دەڵێ هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی خەو بریتییە لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێوان شەو و ڕۆژدا نەهێشتووە و سەریان لە کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە شێواندووە، هۆکاری دووەمیش جەنجاڵیی مێشک و بیرکردنەوەی زۆرە لە گرفت و بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە لەنێو جێگەی خەودا.

# ئەو پێنج ڤایرۆسەی جیهانیان تۆقاندووە

ڕووداو - DW

ساڵی 1892 ، بۆ یەکەمجار زانای ڕووس دیمیتری ئیڤانۆڤسکی باسی نەخۆشخەرێکی کرد کە تووشی گەڵاتووتنەکان دەبێت و بەکتریاش نییە، دوای ئەو لە ساڵی 1898 دا زانای هۆڵەندی مارتینوس بایەرینک ئەوانەی ناونا ڤایرۆسی مۆزایکیی تووتن. ئیدی لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 5000 جۆر ڤایرۆس دۆزراونەتەوە.

ڤایرۆسەکان بەوە لە بەکتریا و وردە زیندەوەرەکانی دیکە جیادەکرێنەوە کە ناتوانن سەربەخۆیانە بژین، بەڵکو پشت بە خانەی زیندەوەرەکانی دیکە دەبەستن بۆ بەردەوامیی ژیان و زیادبوونیان، هەموو زیندەوەرەکان و تەنانەت بەکتریاش مرۆڤ نەخۆش دەخەن، ئەوەش لە کاتێکدایە مرۆڤ ئامادە نییە وەک زیندەوەرێک دان بە ڤایرۆسدا بنێ.

نەخۆشیی جۆراوجۆر هەر لە هەڵامەتێکی ئاساییەوە تاکو ئایدز و هەوکردنی جگەر، بەهۆی ڤایرۆسەوە دەکرێ پەیدا ببن کە هەندێکجار کوشندەن و دەرمانەکان لە ئاستیاندا دەستەوسان دەبن و ناتوانن بنەبڕیان بکەن.

ئەو ڤایرۆسانەی کە ئێستا بوونەتە هۆی دڵەڕاوکێی نێوەندە تەندروستییەکانی جیهان بریتین لە:

## 1 زیکا:



زیکا بەهۆی پێوەدانی مێشوولەوە بڵاودەبێتەوە، مەترسیە گەورەکەی ئەوەیە بەهۆی نەخۆشخستنی خانمانی دووگیانەوە منداڵانی تازەبوو تووشی شێواویی زگماکی دەکات کە لە دایکیانەوە ڤایرۆسەکەیان بۆ گوازراوەتەوە. ئەگەر کۆرپەکان لە دایکیانەوە تووش ببن، ئەوە بە سەرێکی بچکۆلەوە دێنە ژیان. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ساڵانی ڕابردوو حاڵەتی تەنگاویی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڤایرۆسە ڕاگەیاند، پاش ئەوەی ملیۆنان کەسی گرفتار کرد.

## 2 ئیبۆلا:



ساڵانی ڕابردوو ئیبۆلا ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی نایەوە پاش ئەوەی بەخێرایی لە ڕۆژئاوای ئەفریقا بڵاوبووەوە. ئەم ڤایرۆسە لە دوو ساڵدا لە کیشوەری ئەفریقا بووە هۆی مردنی 11 هەزار کەس. ڤایرۆسەکە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەنێوان خەڵکی دەگوازرێتەوە. هەر ئەم ڤایرۆسە وەهای کرد عەرەبستانی سعودی لەو ساڵانەدا ڕێگە بە دانیشتووانی گینیا و لایبیریا و سیرالیۆن نەدات ڕێوڕەسمی حەج ئەنجام بدەن و ڤیزای هاتنە نێو وڵاتەکەی پێنەدان. هەروەک مەغریبیش پاڵەوانێتی تۆپی پێی نەتەوەکانی ئەفریقای 2015ی بە هەمان هۆ دواخست.

## 3 کۆرۆنا:



لە چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 600 کەس بە نەخۆشییەک مردن کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگوازرێتەوە و بە پەتای هەناسەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (مێرس) ناسراوە. زۆربەی حاڵەتەکانی مردن بە کۆرۆنا لە سعودیە تۆمار کراون. زانایان وشتر بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە دەزانن.

## 4 ئەنفلۆنزای بەراز:



تەنیا لە 2009-2010 دا ئەم ڤایرۆسە بووە هۆی مردنی زیاتر لە 15 هەزار کەس کە هەزار کەسیان لە وڵاتانی عەرەبی بوون. ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کۆکە و ئازاری ماسولکەکان. لە پرژەی دەرچوو لە دەم و لووتەوە ئەم ڤایرۆسە لەنێوان خەڵکی دەگوازرێتەوە.

## 5 ئەنفلۆنزای باڵندە:

ڤایرۆسی تووشکەری ئەنفلۆنزای باڵندە بەوە ناسراوە بە کەمی بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، بەڵام کە تووشی مرۆڤ بوو کوشندەیە، بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لە ساڵی 2000ـەوە نزیکەی 900 کەس تووشی ئەم نەخۆشییە بوون کە زیاتر لە 450 کەسیان بەهۆیەوە مردوون، ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزی مردنە بە نەخۆشییەکی گواستراوە.



# چەند ڕێنماییەک بۆ سەیرانێکی تەندروست

وەرزی بەهار لە کوردستان وەرزی گەشت و سەیرانە، ئەوەش بۆ بەهێزکردنەوەی لایەنی دەروونیی مرۆڤ و ڕەواندنەوەی گوشاری دەروونی زۆر گرنگە. بەو پێیەی گوشاری دەروونی جیاکەرەوەی ژیانی ئاڵۆزی سەردەمی ئێستایە و هۆکارێکی زیادبوونی چەندین نەخۆشیی دەروونی و جەستەییە، بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و شادی، کارێکی باش و ئەرێنییە. خۆ ئەگەر هەندێک نەریتی سادە بۆ سەیرانەکەمان زیاد بکەین، ئەوە لە چەندین سوودی جەستەییش بەهرەمەند دەبین کە ئەمانە هەندێکیانن:

## 1 پیادەڕۆیی بکە بە نەریت

کاتێک بۆ گەشت و سەیران دەچنە دەرەوەی شار، باشترە زۆرترین کات بەپێ بجووڵێن و لە چالاکیی جەستەییدا بن، تاکو هەم وزەی زیادەی جەستەتان بسووتێنن و دڵ و سییەکانتان چالاک بکەن و هەم لە زۆرترین هەوای خاوێنی ناوچە سرووشتییەکانیش بەهرەمەند بن. ئەمە دەبێتە وەرزشێکی ئەیرۆبیک و بۆ کارایی دڵ و سییەکان بەسوودە.

## 2 خواردنی بەسوود

لە گەشتی بەهارەدا دەکرێ لەبری خواردنی قورس و چەوری و شیرینیی دەستکردی سەردەمی ئێستا، بگەڕێنەوە بۆ خۆراکە کوردییە ڕووەکییە ڕەسەنەکان، بەوەش کەشێکی تەندروستانەتر دروستدەکەن. بۆ نموونە لە بری نوقڵ و لوقم و پاقلاوە و هاوشێوەکانیان، ڕووبکەنە خواردنی هەنجیر و تووی وشک و مێوژ و هاوشێوەکانیان.

## 3 دژەخۆرتان بیرنەچێ

ماوەیەکی زۆرە لەنێو ماڵەکانمانین و پێستمان ناسک بووەتەوە، بۆیە بەرکەوتنی خۆری سەرەتای بەهار بە ئاسانی پێست دەسووتێنێتەوە و تووشی ژاکان و وشکبوونەوەی دەکات، بەتایبەت کە ڕوودەکەینە بەرزاییەکان و خۆر ڕاستەوخۆ لێمان دەدات. بۆیە بەکارهێنانی دژەخۆر بۆ ڕۆژانی گەشت و سەیران گرنگییەکی تایبەتی هەیە و نابێ لەبیر بکرێ. هەروەک گرنگە جلوبەرگی ئەوتۆ بەکاربهێنین کە زۆرترین ڕووبەری پێستمان دابپۆشێ و لە تیشکی هەتاو بیپارێزێ. تیشکی هەتاو دوو جۆر شەبەنگی سەروو وەنەوشەیی تێدایە، یەکێکیان پێست دەسووتێنێتەوە و دەیژاکێنێ، یەکێکی دیکەش تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست زیاد دەکات، بۆیە خۆپارێزی لەزۆر بەرکەوتنی تیشکی خۆر ڕێکارێکی تەندروستانەی سەیرانەکانی بەهارە.

## 4 لێخوڕینی دروست

هەڵە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل کارەساتی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵ بدەن بەپێی ڕێنمایی هاتوچۆ ئۆتۆمبێل لێبخوڕن. لە نزیک شوێنی ڕاوەستاندنی ئۆتۆمبێلەکانتان سفرە مەڕازێننەوە بۆئەوەی دووکەڵی ئۆتۆمبێلەکان، هەوای خاوێنی سرووشتتان لێ نەشێوێنێ. تاوەکو زۆریش پێویست نەبێ ئۆتۆمۆبێل بەکارمەهێنن و پشت بە پیادەڕۆیی ببەستن.

## پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر بۆ سێ مانگی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

# لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا هێزەکانی نزیک لـ

**ڕووداو – هەولێر**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی هەواڵگریی ستراتفۆری ئەمریکی وەکوو نەریتێکی هەمیشەیی پێشبینییەکانی خۆی بۆ چارەکی دووەمی 2018 بڵاوکردەوە. ناوەندەکە پێشبینی دەکات تاران هەوڵی بەهێزکردنی دەستی خۆی لە ناوچەکانی نفووزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدات، لەوانەش عێراق و لوبنان کە هەردووکیان بڕیارە لە مانگی ئایاردا هەڵبژاردنی گشتی بکەن، لە کاتێکدا تاران بە نیگەرانییەوە لە هەوڵەکانی کۆنگرێس و دیپلۆماتە ئەورووپییەکان بۆ دەستکاریی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەڕوانێ.

لەدوای نەمانی خەلافەتەکەی داعشەوە، ئەولەویەتی کۆشکی سپی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە تەرکیز خستنە سەر گرووپە جیهادییەکانەوە بۆ گوشارخستنە سەر ئێران گۆڕاوە. ستراتفۆر پێیوایە لە کاتێکدا ئەمریکا "هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکە چڕدەکاتەوە، ئێرانیش هەوڵی قایمکردنی شوێنی خۆی لە ناوچەکە دەدات". چاوەڕێش دەکرێت سەرکەوتوو بێت.

بەڵام لە سێ مانگی داهاتوودا بڕیاری چارەنووسساز لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەدرێت. سەرەتای ئەمساڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاند ئەگەر "هەڵە کارەساتبارەکان"ی ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا تاوەکو 12ی ئایاری 2018 چارەسەر نەکرێن، ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە دەکشێتەوە و سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێرانیش کارا دەکرێنەوە.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە سەرەڕای ئەو بەڵێنەش، ئیدارەی ئەمریکا نایەوێت دەستی ئێران بۆ کارکردن لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی واڵا بکات، بۆیەش هەوڵەکانی واشنتن لەسەر "بەهێزکردنی ڕێککەوتنەکە" چڕدەبنەوە و بەدوور نازانرێت کۆشکی سپی سزای نوێ لەسەر پێکهاتەی بەرنامەی مووشەکیی ئێران دابنێت. ستراتفۆر بەدووری دەزانێت سزا نوێیەکانی ئەمریکا بتوانێت ئێران ڕازی بکات لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی فەرمی و نێودەوڵەتیدا دەست لە بەرنامە مووشەکییەکەی هەڵگرێت، وەکو چۆن ڕازی بوو دەست لە بەرنامە ئەتۆمییە سەربازییەکەی هەڵگرت.

> **عەفرین و ئیدلیب دەبنە مەیدانی ململانێی نێوان ئێران و تورکیا**

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەورووپییەکان پشتگیری لە بەشێک لە هەوڵەکانی ئیدارەی ترەمپ بۆ سنووردارکردنی بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران دەکەن، بەو مەرجەی لە دانوستاندنەکاندا سنووری نێوان بەرنامەی مووشەکیی ئێران لەگەڵ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە جیا بکرێتەوە، چونکە لای ئەورووپییەکان ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 بەشێکی سەرەکییە لە پاکێجی پاراستنی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە دوودڵی بەرامبەر مانەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئێران هاندەدات هەنگاوەکانی بۆ بەهێزکردنی سیاسەتی بەرگریی وڵاتەکەی بەهێزتر بکات. لەوانەش پەرەپێدانی سیستەمی مووشەکی، ئۆپەراسیۆنی نهێنی و پشتگیریکردن لە میلیشیا ناوچەییەکان، بەڵام ئەو ئامانجانە (کە پەیوەندییان بە پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنی و ناوچەییەکانی ئێرانەوە هەیە) لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تاران و برەودان بە ئابووریی ئێران لێکدژ دەبێتەوە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "ئێران ناتوانێت نەهامەتییە ئابوورییەکانی هاووڵاتیانی خۆی پشتگوێ بخات"، لە کاتێکدا حکومەتی ئێران تازە لە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی مانگی کانوونی یەکەم و دووەمی ڕابردوو ڕزگاری بووە. بەو پێیەش ئێران دەبێت لە نێوان نفووز و هەوڵە ناوچەییەکەی خۆی و داخوازیی هاووڵاتیانی، هاوسەنگییەک دروستبکات، لە کاتێکدا تاران دەزانێت فراوانخوازییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیستەمە مووشەکییەکەی هۆکاری سەرەکیی ناڕەزایەتی ترەمپ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەن.

### ● ئێران و شەڕی نێوخۆی سووریا

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، تاران سەرچاوەیەکی زۆری مرۆیی، سەربازی و دارایی بۆ مانەوەی ڕژێمی سووریا خستووەتەکار. لە چەند مانگی ڕابردوودا سووریا گۆڕاوە بۆ مەیدانێکی مومکین بۆ پێکدادانی ئەمریکا، ئیسرائیل و تورکیا لە دژی ئێران. ستراتفۆر پێیوایە هەرکام لەو سێ وڵاتە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا ململانێی ئێران دەکەن، بۆیەش ناتوانن بەرەیەکی هاوبەش لەدژی تاران پێکبهێنن.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات عەفرین و ئیدلیب مەیدانی ململانێی ئێران و تورکیا بن، واتە ئێران لە عەفرین یارمەتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و هێزەکانی سەر بە ڕژێم بدات بۆ ئەوەی نفووزی تورکیا لەو ناوچەیە جڵەو بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە لە چەند مانگی داهاتوودا ئێران هەوڵ دەدات ڕۆنی ئارام لە پارێزگای ئدلیب (کە تورکیا چاودێری دەکات) تێکبدات، بەو جۆرەش ململانێ لە نێوان گرووپەکانی سەر بە تورکیا و ئێران لەو پارێزگایە سەرهەڵبدات. ستراتفۆر بەدووری دەزانێت شەڕی نێوان میلیشیاکانی نزیک لە ئەنقەرە و تاران ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

لە دوو مانگی ڕابردوودا حکومەتی تورکیا جەختی لەوە کردووەتەوە کە هێرشەکانیان لە عەفرین ناوەستێت و چاویان لەسەر مەنبجیشە. ستراتفۆر بەدووری دەزانێت تاوەکو ئەو کاتەی هێزەکانی ئەمریکا لە مەنبج بن، تورکیا هێرش بکاتە سەر ناوچەکە.

لە هیچ قۆناغێکی شەڕی نێوخۆیی سووریادا ئەگەری پێکدادانی نێوان حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیل لەناو خاکی سووریا هێندەی ئێستا بەهێز نەبووە. ئیسرائیل دەیەوێت هەر چۆنێک بێت ڕێ لە نزیکبوونەوەی هێزەکانی حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی دیکەی سەر بە ئێران لە سنوورەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بگرێت. مانگی ڕابردوو، ئیسرائیل درۆنێکی خستەخوارەوە کە بە گوتەی بەرپرسانی سەربازیی تەلەڤیف هی ئێران بووە و سنووری ئاسمانیی ئیسرائیلی بەزاندبوو. پاشان هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل کۆمەڵێک بنکەی

## لە یەک هەفتەدا دوو بەرپرسی باڵا دەگۆڕێ

# ترەمپ پایەکانی ئیدارەیەکی جەنگی پتەو دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

دوو گۆڕانکاریی گەورە کە لە ستافی دیپلۆماسیی ئیدارەی ئەمریکیدا و لە ماوەیەکی کورتدا کران، جیهانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە. یەکەمجار وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کار لادرا و هەفتەیەک دواتر ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. هەردوو گۆڕانکارییەکە لە کاتێکدان کە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ئیدارەی ئەمریکی دوو دانوستاندنی گرنگی لەگەڵ ئێران و کۆریای باکوور لە پێشە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو دۆناڵد ترەمپ لە تویتێکدا لادانی ژەنەراڵ ئێچ ئار مەکمەستەری لە پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی ڕاگەیاند. لە شوێنی ئەویش جۆن بۆڵتن، نوێنەری پێشووتری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستبەکار دەبێت کە لە ماوەی 14 مانگی ڕابردوودا سێیەم کەسە بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکرێ.

جۆن بۆڵتن لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆرج دەبلیو بوشی کوڕدا، نوێنەری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی بووە. لە واشنتن بە کەسێکی لایەنگری بژارەی سەربازی ناسراوە و لە چەندین بۆنەشدا پشتگیری لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەدژی ئێران و کۆریای باکوور کردووە. بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوودا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە ببینێ.

گۆڕانکاری لە پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی لە کاتێکدایە کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ کیم جۆنگ ئون، سەرۆکی کۆریای باکوور کۆببێتەوە. بۆڵتن لە چەندین بۆنەدا ڕایگەیاندووە کە بەکارهێنانی هێزی سەربازی تاکە بژاردەی بەردەستی ئەمریکایە بۆ ئەوەی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکەی کۆریای باکوور ڕابگیرێت. بە بۆچوونی بۆڵتن هەر جۆرە دانیشتنێک لەگەڵ حکومەتی کۆریای باکوور بەفیڕۆدانی کاتە.

> **چاوەڕێ دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوودا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە ببینێ**

بۆڵتن هەڵوێستێکی توندیشی بەرامبەر ئێران و ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان تاران و زلهێزەکانی جیهان هەیە. ئەو کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیسرائیل و موجاهیدینی خەلق هەیە، پێیوایە ئەمریکا دەبێ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 بکشێتەوە، سزا ئەتۆمییەکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە و کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران بکات.

بڕیارە لە مانگی ئایاردا ترەمپ بڕیاری خۆی لەسەر ئەوە بدات کە ئاخۆ ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننادا دەمێنێتەوە یان نا. ماوەی دوو مانگ بوو وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەورووپییەکان دەستپێکردبوو بۆ ئەوەی کۆمەڵێک میکانیزمی چاکسازی لە ڕێککەوتنەکەدا بدۆزنەوە، بە جۆرێک هەم ترەمپ ڕازی بێت لە ڕێککەوتنەکەدا بمێنێتەوە و هەم ئێرانیش هەست نەکا بەرژەوەندییەکانی لە پێداچوونەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەدا لەبەرچاو نەگیراوە. هاتنە سەرکاری بۆڵتن زەنگێکی نیگەرانییە بۆ دیپلۆماتە ئەورووپییەکان.

بۆڵتن، 69 ساڵ، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دیک چینی، جێگری جورج بوشی کوڕدا هەیە. لە سەردەمی ئیدارەی بوشدا جگە لە پۆستەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پۆستی ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوە بۆ چاودێری چەک و کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتیش کاری کردووە. لە ئیدارەی ڕۆناڵد ریگان، سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵانی هەشتاکاندا، یاریدەدەری وەزیری دادی ئەمریکا بووە.

ژەنەراڵ مەکمەستەر، لەبارەی لادانی لە پۆستەکەی بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاند کە مەسەلەی دەرچوونی ئەو لە کۆشکی سپی ماوەی چەند هەفتەیەک بابەتی گفتوگۆی ئەو بووە لەگەڵ ترەمپ و تاکە شتێک کە مابووەوە "کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە" بووە. مەکمەستەر گوتبووی ئەو پێی باش بووە تاوەکو هاوینی ئەمساڵ لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، بەڵام دواجار لەبەر "بەرژەوەندیی سەرۆک و ئەمریکا" لەسەر پێشخستنی کاتەکەی ڕێککەوتوون. ژەنەراڵ مەکمەستەر کە ئەزموونی شەڕی عێراقی هەیە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ جیم مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا نەبوو، هەرچەندە تاوەکو ئێستا دیار نییە مەتیس چ ڕۆڵێکی لە بڕیارەکەی ترەمپدا هەبووە.

کاربەدەستێکی باڵای کۆشکی سپی بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاند کە مەتیس و جۆن کێلی، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆشکی سپی، ڕۆڵی سەرەکییان لە لادانی مەکمەستەردا هەبووە، بۆیەش مەکمەستەر ئامادە نەبووە دوای کۆتاییهاتنی کارەکانی لە کۆشکی سپی، درێژە بە کارکردن لە سوپای ئەمریکا بدات. بەڵام کەسانی ئاگادار لە پرۆسەکە دەڵێن نە کێلی و نە مەتیس بە هاتنی جۆن بۆڵتن دڵخۆش نین، لەبەر ئەوەی هەردووکیان، بەپێچەوانەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی نوێی کۆشکی سپی، لایەنگری ڕێگەچارەی دیپلۆماسین.

ژمارەیەک بەرپرسی کۆشکی سپی بە (واشنتن پۆست)یان گوتووە کە کێشەکانی ترەمپ لەگەڵ مەکمەستەر شەخسی بووە، هەندێکجاریش داوای کردووە کۆبوونەوەی خۆی و ژەنەراڵ مەکمەستەر هەڵوەشێننەوە. لە هەندێک کۆبوونەوەشدا پێش تەواوبوونی قسەی مەکمەستەر بە "تێگەیشتم، تێگەیشتم" قسەی پێ بڕیوە.

لەلایەکی دیکەوە مەکمەستەریش لە چەند مانگی ڕابردوودا هەوڵی دابوو نەزم بۆ دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی بگەڕێنێتەوە و هەندێک دیسیپلین بۆ کۆشکی سپی بە گشتی بگەڕێنێتەوە، بەڵام لە هەردوو هەوڵەکەیدا شکستی هێنا. مەکمەستەر لە شوباتی 2017ەوە بۆ پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆکی ئەمریکا دەستنیشان کرا، ئەوکات کۆماری و دیموکراتەکان هیواخواز بوون مەکمەستەر بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونە سەربازییەکەی خۆی، ڕێگە لە سەرەڕۆییەکانی ترەمپ و ئیدارەکەی بگرێت، بەڵام هەوڵەکانی نەک هەر شکستیان هێنا، بەڵکو پەیوەندی نێوان سەرۆک و ڕاوێژکارەکەشی تێکدا.

جۆن بۆڵتن، کە لە نۆی مانگی نیسانەوە دەستبەکار دەبێت، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە 2003 ئیدارەی ئەمریکی هاندا لە عێراق بدەن، بەڵام بە پێچەوانەی موحافزکارە کۆمارییەکان بڕوای بە هەناردەکردنی دیموکراسیی ئەمریکی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە. بۆڵتن هاوشێوەی ترەمپ بڕوای بە کارامەیی دامودەزگا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نییە.



لە هەندێک کۆبوونەوەدا پێش تەواوبوونی قسەی مەکمەستەر، ترەمپ بە "تێگەیشتم، تێگەیشتم" قسەی پێ بڕیوە



فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا خەریکی ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆمەڵێک سزان لەدژی ئێران

# ئەمریکا و ئەورووپا ل... ئەتۆمییەکەی ئێـ...

**ڕووداو – هەولێر**

دیپلۆماتە ئەمریکی و ئەورووپییەکان لەسەر خاڵی زۆر گرنگی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و زلهێزەکانی جیهان ناکۆکن، ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکی ئاشکرایان کردووە کە ئەو ناکۆکیانە ڕەنگە شکست بە هەوڵەکانی پاراستنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بهێنن، لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکانی دوو هەفتەی ڕابردووی ئیدارەی ئەمریکاش دەکرێت تەحەدای نوێ ڕووبەڕووی هەوڵەکان بکاتەوە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرکردایەتی هەوڵێکی هاوبەش لەگەڵ ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا دەکات بۆ ئەوەی لەسەر نووسینی پاشکۆیەک بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 ڕێکبکەون. ئامانج لەو پاشکۆیەش ئەوەیە نیگەرانییەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە بڕەوێننەوە. ترەمپ لە سەرەتای 2018 ڕایگەیاند ئەگەر دەستکاریی هەندێک لە خاڵە بنچینەییەکانی ڕێککەوتنەکە نەکرێت، ئەوا ئامادە نییە لە مانگی ئایار متمانە بە ڕێککەوتنەکە بدات و واشنتن لە ڕێککەوتنەکە دەردەچێ.

نیگەرانییەکانی ترەمپ بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر سێ خاڵن کە بریتین لە سیستەمی مووشەکیی ئێران، وادەی بەسەرچوونی ماوەی کارکردن بە ڕێککەوتنەکە و ئەو سنوورەی بۆ پشکنەرانی نێودەوڵەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دانراون. کۆشکی سپی داواکارە بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران وەکو خاڵێک زیاد بکرێتە سەر ڕێککەوتنەکە، خاڵە بنچینەییەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ هەتاهەتایە کاریان پێبکرێت و سنووری دەسەڵاتی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکانی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، فراوانتر بکرێ.

دیپلۆماتە ئەمریکی و ئەورووپییەکان کە ئاگاداری دانوستاندنەکانن، بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە لەسەر پرسی بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران و فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان، پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، بەڵام ناکۆکی بنەڕەتی لەسەر ئەو بەشانەی ڕێککەوتنەکەیە کە باس لە ماوەی کارپێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکەن. ماوەی کارپێکردنی هەندێک لە بەشەکانی ڕێککەوتنەکە 10 بۆ 15 ساڵە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەمریکییەکان خوازیارن ماوەی مادە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ هەتاهەتایە درێژ بکەنەوە، بەڵام ئەورووپییەکان ڕەتی دەکەنەوە، چونکە پێیانوایە ئەم گۆڕانکارییە ناچاریان دەکات سەرلەنوێ دانوستاندن لەسەر هەموو ڕێککەوتنەکە بکەن.

ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا، بۆ دانوستاندن لەگەڵ ئەورووپییەکان برایان هوکی دەستنیشان کردبوو. هوک، بەرپرسی بەشی پلاندانانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو. دوو هەفتە لەمەوبەر ڕێکس تیلەرسن لەسەر کار لادرا، بەڵام وادیارە هوک لە ئەرکی دیپلۆماسی خۆی لەگەڵ ئەورووپییەکان بەردەوام دەبێت. تیلەرسن یەکێک لەو بەرپرسە باڵایانەی ئیدارەی ئەمریکی بوو کە بە توندی خوازیاری پاراستنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1 بوو، بەڵام مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی نوێی ئەمریکا، هیچکات ڕوانگەیەکی ئەرێنی بەرامبەر ئێران نەبووە.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو برایان هوک لە کۆنفرانسێکی میدیاییدا ڕایگەیاند "نازانم ئاخۆ لەگەڵ ئەوان (ئەورووپییەکان) دەگەینە ڕێککەوتن یان نا. ئێمە ئامانجی خۆمان دەزانین، بەڵام تاوەکو ئێستا دیار نییە دەتوانین لەسەر ئەو ئامانجە ڕێکبکەوین یان نا". هەفتەی پێشوو هوک سەرکردایەتی شاندێکی ئەمریکی بۆ بەرلین کردبوو کە تێیدا ژمارەیەک بەرپرسی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاش بەشدار بوون.

ڕۆژی 12ی ئایاری 2018، دۆناڵد ترەمپ بڕیاری خۆی لەسەر پێدانەوەی متمانە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران ڕادەگەیەنێت. بەڵام نیگەرانییەکی سەرەکیی بەرپرسانی ئەمریکی ئەوەیە کە تاوەکو ئەو کات ژمارەیەکی زۆر لە

# ـــــە ئێران "حکومەتێکی لاواز" پێکدێنن

هێزەکانی سەر بە ئێرانی لە سووریا بۆردومان کرد و فڕۆکەیەکی ئیسرائیلیش خرایە خوارەوە.

### لوبنان و عێراق دەنگ بۆ ئێران دەدەن؟

مانگی ئایاری داهاتوو، لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، لە دوو وڵاتی گرنگەوە بۆ ئێران هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەدەچێت. ڕۆژی شەشی ئایار هەڵبژاردنی گشتیی لوبنان بەڕێوەدەچێت کە ئێران لە نزیکەوە چاودێری دەکات. ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل، تورکیا و سعودیە، دەستی ئێران (لەدوای هەڵبژاردنەکان) لە لوبنان بە بەهێزی دەمێنێتەوە.

بەرەی سوننەی لوبنان پارچەپارچەن و هەر ئەمەش وای کردووە حیزبوڵڵای لوبنان ڕکابەرێکی سەرەکیی لە پانتایی سیاسی لوبناندا نەبێت، بۆیەش وەکو ستراتفۆر ئاماژەی بۆ دەکات، هیچکام لە هەنگاوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ناتوانێت دەسەڵاتی حیزبوڵڵا کەم بکاتەوە.

ڕۆژی 12ی ئایاری داهاتووش هەڵبژاردنی گشتیی عێراق بەڕێوەدەچێ کە تێیدا ڕکابەرییەکە لەسەر بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێت. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرێت مەیدانێکی دیکەی ململانێی سیاسیی نێوان کەنداو و ئێران بێت. لەو هەڵبژاردنەدا تاران پشتی بە هێزەکانی حەشدی شەعبی و پارتە شیعە هاوپەیمانەکانی ئەستوورە. وڵاتانی کەنداویش چاویان لەسەر هێزە سوننەکان و ئەو هێزە شیعانەیە کە بانگەشەی عرووبە دەکەن.

ستراتفۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرئێشەی سەرەکیی تاران ئەوەیە هەموو شیعەی عێراق لە پشت ئەجێنداکەیەوە نین، بەڵام بە دووری دەزانێت وڵاتانی کەنداو بتوانن ئەو خاڵە لاوازەی ئێران تەرجەمەی سەر دەستکەوتێکی گەورە بکەن، بەڵام وڵاتانی کەنداو دەتوانن پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی زەبەلاح لە ناوچە سوننە و شیعەکان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە و پارتە سیاسییەکان نزیک بکەنەوە. ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا هێزەکانی نزیک لە ئێران "حکومەتێکی لاواز" پێکبهێنن.



► سەرئێشەی سەرەکیی تاران ئەوەیە هەموو شیعەی عێراق لە پشت ئەجێنداکەیەوە نین

# داهاتووی نادیاری سووریا پاش حەوت ساڵ لە شەڕی نێوخۆ

**ڕووداو - هەولێر**

ڕۆژی 15ی ئادار حەوت ساڵ بەسەر هەڵایسانی شەڕی نێوخۆی سووریادا و شەش ساڵ بەسەر دانوستاندنەکانی ئاشتیی سووریادا تێپەڕی، بێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ سەوز بووبێت. شەڕ و پێکدادانەکانی سێ مانگی ڕابردووش دەریدەخەن کە ڕووخانی خەلافەتەکەی داعش زیاتر لە جاران ئەسەد و هاوپەیمانەکانی هانداوە بۆ ئەوەی کێشەکان لە مەیدانی شەڕدا یەکلایی بکەنەوە، نەک لەسەر مێزی دانوستاندن، لەو سیاسەتەشدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

پاش حەوت ساڵ ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ناچارن ڕاستییەکی تاڵ قەبووڵ بکەن: ڕژێمی سووریا بەشێوەیەکی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی تێکشکاندووە و دەسەڵاتی خۆی لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای سووریا جێگیر کردووە کە بە ناوچەی ئابووری و پیشەسازیی سووریا ناسراوە، هەر ئەمەش دەستی حکومەتی سووریا و هاوپەیمانەکانی واڵا دەکات بۆ ئەوەی چاو ببڕنە گرتنەوەی ناوچەکانی دیکەی سووریا.

ڕووسیا لە کۆتایی ئەیلولی 2015 وە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕی سووریادا بەشدارە، ئەمەش لەلایەکەوە گەرەنتی مانەوەی بە ئەسەد داوە و لەلایەکی دیکەشەوە وای کردووە هەموو هەنگاوەکانی چارەسەری قەیرانی سووریا بە مۆسکۆدا تێپەڕن. بەشداریی ڕووسیا لە دوو ڕووەوە کاریگەری لەسەر چارەسەریی دیپلۆماتیک و سیاسیی قەیرانەکە داناوە، لەلایەکەوە لەڕووی سەربازییەوە دەستی ڕژێمی بەهێز کردووە، بە جۆرێک سووریا چیدی ئامادە نییە لەسەر مێزی دانوستاندن خاڵ بە ئۆپۆزیسیۆن بدات و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی مۆسکۆ بتوانێت خۆی میکانیزمەکانی دانوستاندن دابنێ.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا کرێملین بە کردەوە هەوڵی داوە مەشروعییەت لە دانوستاندنەکانی جنێڤ بستێنێتەوە کە بە چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕێوەچوون. دانیشتنەکانی ئاستانە و سۆچی بەشێکن لە هەوڵەکانی مۆسکۆ بۆ ئەوەی چارەسەری قەیرانی سووریا لەدەستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەربهێنێ و بنچینەکانی چارەسەری قەیرانەکە لە مۆسکۆ دابنرێن نەک لە جنێڤ.

بەڵام لە شەڕی نێوخۆی سووریادا ئەوە تەنیا ڕووسیا و ئێران نەبوون یارمەتی هەڵسانەوە و مانەوەی ڕژێمیان دا، بەڵکو دوژمنە نێوخۆییەکانیش هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی فۆکەسی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر لادانی بەشار ئەسەد لابچێ. هەرچۆنێک بێت لە ماوەی نزیک چوار ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بوو لە نێوان شەڕی داعش و سیاسەتی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد، ئەوەی یەکەمیان بخاتە ئەولەوییەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ستراتیژێکی دیاریکراویان بۆ جڵەوکردنی ئەسەد لە دوای تێکشکاندنی داعش هەبێ.

لە قۆناغی یەکەمی شەڕی نێوخۆی سووریادا، وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا ئامادە نەبوون بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان لە قەیرانەکەدا هەبێت، ئەزموونی شەڕی ئەفغانستان، عێراق و لیبیا بوونە هۆی ئەوەی ئیدارەی ئۆباما بە دوورەپەرێزییەکی زۆرەوە بیر لە مامەڵەی سەربازی لەگەڵ قەیرانی سووریادا بکاتەوە، بێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیژیی دیکە بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا بخاتەڕوو کە تێیدا ئەسەد و هاوپەیمانەکانی جڵەو بکرێن وبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پارێزراو بن.

وەکو چۆن ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیدا بیری لە لێدانی عێراق و ئەفغانستان نەکردبووەوە، ئاوهاش ئیدارەی ئۆباما نەیتوانی لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە سەیری هەڵەکانی ئیدارەی پێش خۆی لە عێراق و ئەفغانستان بکات. ئۆباما وەکوو زۆربەی لیبراڵەکانی ئەمریکا هەموو کێشەکەی لەناو کۆنسێپتی دەستتێوەردانەدا دەبینی، لە کاتێکدا ئەزموونی سووریا سەلماندی دەستتێوەرنەدانی ئەمریکاش (هاوشێوەی دەستتێوەردانەکەی) ئەنجامی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە و کێشە بنچینەییەکە نەبوونی ستراتیژێکە کە هەنگاوەکان ئاراستە بکات.

سەرهەڵدانی داعش و هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی ئەو سیاسەتە بوو، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمیشەوە، شەڕی هاوپەیمانان لەدژی داعش لە سووریا لە چوارچێوەی سیاسەتێکی بەرفراوانتر بۆ چارەسەری قەیرانی ئەو وڵاتەدا نەبوو، بۆ نموونە هیچ پلانێکی تۆکمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بۆشاییە ئەمنییە نەبوو کە دوای نەمانی داعش لە بەشی زۆری سووریادا دروست دەبوو، وەکو چۆن هیچ پلانێکیش نەبوو بۆ ئەوەی لە چوار ساڵی شەڕی داعشدا ڕێگە نەدرێت پێگەی سەربازیی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی لە سووریا ئەوەندە بەهێز بێت کە چیدی ئامادە نەبن لەسەر مێزی دانوستاندن باجی گەورە بە ئۆپۆزیسیۆن بدەن.

ئیدارەی ترەمپ هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە جەختی لەوە دەکردەوە کە "گروپە جیهادییە چەکدارەکان" هەڕەشەی یەکەمن لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، بۆیەش وەکو چاوەڕێ دەکرا دەستی هێزە سەربازییەکانی ئازاد کرد لەوەی شەڕی دژی داعش توندتر و خێراتر بکەن.

بەڵام ئیدارەی ئێستاش هاوشێوەی ئیدارەی ئۆباما جگە لە تێکشکاندنی داعش هیچ ستراتیژێکی بۆ ڕۆژانی دوای تێکشکانی خەلافەت نەبوو، لە کاتێکدا وەکو چاوەڕوان دەکرا لە پاش تێکشکانی داعش ژمارەیەک ئەولەویەتی نوێ لە ناوچەکەدا دەرکەوتنەوە کە پێشتر بەهۆی هەڕەشەکانی داعشەوە هەستیان پێنەدەکرا یان بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدەدرا، لەوانەش فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکە، نیازی تورکیا بەرامبەر ڕۆژئاڤای کوردستان و نیگەرانیی ئیسرائیل لە نزیکبوونەوەی حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە بەرزاییەکانی جۆلان.

ئەمریکا تەنیا 2000 ڕاوێژکار و ڕاهێنەری سەربازیی لە سووریا هەیە، ئەوانیش هەموو لەو ناوچەیەن کە لەژێر کۆنترۆڵی کوردە و تورکیا بە هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێ.

پەلاماری تورکیا بۆ سەر عەفرین دەریخست کە ئەمریکا ناتوانێت یان نایەوێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کێشەی نێوان تورکیا و کوردی ڕۆژئاڤا هەبێت، بەو پێیەش دیار نییە ئەمریکا چۆن دەیەوێت لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و بە یارمەتی ئەو هێزە ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی و ناتۆ لەگەڵ تورکیا بپارێزێت.

ئیدارەی ترەمپ بەردەوام جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەیەوێت سنوورێک بۆ فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دابنێت، بەڵام لەدوای ڕووخانی خەلافەتەکەی داعش دەستی ئێران لە ناوچەکە واڵاتر بووە، بەجۆرێک ئێران براوەی یەکەمی لەناوچوونی داعش بووە، نەک ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. بەو سەرچاوە کەمە سەربازی و دیپلۆماتیکە کەمەی ئەمریکاش بۆ قەیرانی سووریای تەرخان کردووە، ئەستەمە بتوانێت هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر واقیعی سەربازی، سیاسی و مرۆیی سووریا دابنێت.



لە چوار ساڵی شەڕی داعشدا پێگەی سەربازیی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی لە سووریا بەهێزتر بوون

> وا دەردەکەوێ کە ئێران براوەی یەکەمی شەڕی داعش بووە نەک ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی



# ـــــەسەر ڕێککەوتنە ـــــران ناکۆکن

> وەزیری دەرەوەی نوێی ئەمریکا، بە پێچەوانەی تیلەرسن، هیچکات ڕوانینێکی ئەرێنی بەرامبەر ئێران نەبووە

کاربەدەستانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە لە پۆستەکانیان نەماون، ژمارەیەکی زۆریش لەو بەرپرسانە ڕاستەوخۆ ئاگاداری هەنگاوەکانی یەک ساڵی ڕابردووی ئەمریکا لەمەڕ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەن.

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا یەکەمجار تیلەرسن و دواتر ژەنەراڵ ئێچ ئاڕ مەکمەستەر، ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، لەسەر کار لادراون. هەندێک لە بەرپرسانی ئاگاداریش ڕایانگەیاندووە کە چاوەڕێ دەکەن برایان هوک لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەزیری دەرەوەی نوێی ئەمریکا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێ.

دوو هەفتە لەمەوبەر وڵاتە بەشدارەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 لە ڤیەننا کۆبوونەوە، دووریش نییە ئەوە دوایین کۆبوونەوەی وڵاتانی 5+1 لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی بێت، بە تایبەتیش ئەگەر ترەمپ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە بدات. بەپێی ڕاپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، لە کۆبوونەوەکەدا ئێران باسی لەوە کردووە کە هەڕەشەکانی ترەمپ کارێکیان کردووە وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان دوورەپەرێز بن، بەو پێیەش دەستکەوتە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ ئێران زۆر کەم بووەتەوە. نوێنەری ئەمریکا بۆ دانوستاندنەکەش هۆشداری داوە کە ڕێککەوتنەکەی 2015 نەیتوانیوە ڕێگە لە فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگرێ.

هوک لەدوای کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند "ئێمە هەفتانە باسی ئەو پرسە دەکەین و گفتوگۆی زۆر باشمان هەبووە". ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەورووپیش کە قسەیان بۆ (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی کردووە، گەشبینن بەوەی ئیدارەی ئەمریکی دەیەوێت لە ڕێککەوتنەکەدا بمێنێتەوە. ئەورووپییەکان نیگەرانن لەوەی ئەگەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵبوەشێتەوە، ئێران خراپتر لە دوو ساڵی ڕابردوو ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکبدات.

بڕیارە لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەمساڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا، سەردانی ئەمریکا بکات. بەرپرسانی ئەورووپی لە کاتێکدا ڕەشنووسی جیاواز سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ئاڵوگۆڕ دەکەن، چاوێکیشیان لەسەر کۆبوونەوەی ماکرۆن و ترەمپە. چاوەڕێ دەکرێت پاراستنی ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەی نێوان هەردوو سەرۆک بێت، ماکرۆنیش هەوڵی ڕازیکردنی هاوتا ئەمریکییەکەی خۆی بدات لە ڕێککەوتنەکەدا بمێنێتەوە.

حاڵی حازر فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا خەریکی ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆمەڵێک سزان لەدژی ئێران کە تێیدا بەرنامەی مووشەکی ئێران و بەشداریی تاران لە شەڕی نێوخۆی سووریا دەکاتە ئامانج. ژمارەیەک دیپلۆماتی ئەورووپی ڕایانگەیاندووە کە دوور نییە یەکێتیی ئەورووپا لە مانگی نیسان لەسەر ئەو سزایانە ڕێکبکەوێت، ئەم هەنگاوەش دەکرێت وەکوو کارتێکی گوشار لەسەر ترەمپ بەکاربهێنرێ بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەرنەچێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بێدەنگیی پەکەکە جێی پرسیارە

هەتا (کتێبەکەی موحەممەد.. سەربازەکانی شەڕی باشووری خۆرهەڵات بۆمان دەگێڕنەوە) نەخوێنیتەوە، لە کاریگەریی چالاکییە پارتیزانییەکانی گەریلاکانی پەکەکە ناگەیت، کە تا چ ئەندازەیەک ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقینیان لەناو سوپا و لەناو کۆمەڵگەی تورکی دروست کردبوو.

نادیرە ماتیر، ڕۆژنامەوانی تورک، چیرۆکەکانی ئەو کتێبە لە زاری 40 جەندرمە و ئەفسەر و سەربازی سوپای تورکیاوە دەگێڕێتەوە کە لە قۆناغ و لە شوێنی جیاجیای تورکیا لە ساڵانی دەستپێکی خەباتی پارتیزانیی پەکەکە تا پرۆسەی ئاشتی، بەشداریی شەڕی گەریلایان کردووە.

لەو کتێبەدا بۆت دەردەکەوێت سوپای تورکیا لە چ دۆخێکی دەروونیی تێکشکاودا بووە بەرانبەر بە گەریلا و تەنانەت دوای تەواوبوونی خزمەتی سەربازیش، سەربازەکانیان چەند ساڵ کاتیان پێویست بووە تا تێکەڵ بەخێزان و کۆمەڵگەی تورکی ببنەوە.

مەبەستم لە هەڵبژاردنی ئەم کتێبە بۆ دەستپێکی ئەم وتارە ئەوەیە کە دیوێکی تری خەباتی چەکداریی کورد ببینین، جیاواز لەوەی خۆمان وێنای دەکەین. تورکیایەک نکوڵی لە بوونی زیاتر لە بیست ملیۆن کوردی وڵاتەکەی دەکرد، بە یاسا بەکاربردنی دەستەواژە و زمانی کوردیی قەدەغە کردبوو، میوزیک و گۆرانیی کوردی یاساغ بوون. کە دواجار ئامادەبوو پەنا بەرێتە بەر ستراتیجێک بەناوی (کرانەوەی دیموکراسی) و دواتر پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد، دەرئەنجامی خەباتی چەکداریی پەکەکە بوو، شەڕی پارتیزانی گەریلاکان بوو زەمینەی گفتوگۆی ڕەخساند و لە پەراوێزی ئەو پرۆسەیەدا کەمێک ئازادیی کاری سیاسی و میدیایی بۆ کورد والا بوون.

ئێستا دۆخەکە لە تورکیا پێچەوانە بووەتەوە، چەند ساڵی پرۆسەی ئاشتی ئەگەر کورد لەڕووی کرانەوە و دانپێدانان و دەرفەتی کاری سیاسی و ڕاگەیاندن چووبێتە پێش، بەڵام ئەردۆغان زیاتر لەوە لە پرۆسەی ئاشتی سوودمەند بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی سوپا و دامەزراوە ئەمنی و دەوڵەتیەکانی وڵاتەکە، بەجۆرێک ئێستا ئەو ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێیەی پێشتر لەناو ریزەکانی سوپاکەیدا هەبوون، گوازراوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگای تورکی و شکۆیەکی سامناک بۆ دەوڵەت دروست بووە.

کورد ئێستا لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەڕووی سیاسییەوە مەوداکانی ئازادیی کارکردنی بەرتەسک دەکرێتەوە، لەڕووی سەربازیشەوە تووشی پاشەکشێ هاتووە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی، لە هەموو بارودۆخە سەخت و دژوارەکانی سەپاندنی باری نائاسایی و زاڵکردنی هەژموونی سوپا بەسەر کوردستاندا، تەنانەت لە کەشوهەوای سەخت و بەفراویی ناوچە شاخاویەکانیشدا، سەرباری نابەرابەری لەڕووی قەبارەی سوپا و چەک و تەکنەلۆژیای سەربازی، چالاکیی پارتیزانی گەریلاکانی پەکەکە بەردەوام بووە. بەڵام دوای بەبنبەست گەیشتنی پرۆسەی ئاشتی و هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە تورکیا، کورد توانای بەرەنگاربوونەوە و چالاکیی پارتیزانی بە ئەندازەیەکی مەترسیدار لاواز بووە.

تورکیا ساڵانی پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆی نێوان خۆی و پەکەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی جۆرێک لە دڵنیایی دەستەبەر بکات بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی شەڕ لە ناوخۆی وڵاتەکەی، تەنانەت ئەگەر گفتوگۆش بێ ئاکام بوو. لە ساڵانی پرۆسەی ئاشتی وەک جۆرێک لە مەرجی بەردەوامی، داوای کرد گەریلاکانی پەکەکە بچنە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا، بەشی زۆری دەستە پارتیزانەکان بەو جۆرە لە قووڵایی تورکیا کشانەوە بۆ باشووری کوردستان، بەهۆی شەڕی داعش و ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا، سەرباری ئەوەی ئامانجەکانی کۆتایی قۆناغی ئاشتی لە تورکیا دەرکەوتبوون، بەڵام پەکەکە باقی هێزەکانی تریشی لە تورکیا کشاندەوە. ئەمەش زەمینەی ئەوەی بۆ تورکیا ڕەخساند کە شەڕی خۆی لەگەڵ پەکەکە بگوازێتەوە دەرەوەی سنوورەکانی.

لێرەوە بڕیاری کات و شوێنی شەڕ لەگەڵ پەکەکە کەوتە دەستی تورکیا کە ئەمە مەترسیدارترین قۆناغە بۆ هەر هێزێکی پارتیزانی کە شوێن و تەوقیتی شەڕ لەدەستی بەرانبەرەکەیدا بێت. لە ساڵانی ڕابردوودا پەکەکە ویستی ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت، بەڵام کاردانەوەکانی تورکیا لە خاپوورکردنی ناوچەکانی سووری ئامەد و شرنەخ و جەزیرە، ئەو دۆخەی بە قازانجی تورکیا هێشتەوە. بۆ ئەوەی هاوکێشەکە بەو جۆرە بەردەوام بێت، تورکیا بڕیاری دا پەکەکە لە هەر کوێیەک بێت بە شوێنیانەوە بێت، ئەوەی لە عەفرین ڕوویدا و ئەو مەترسیانەش ئێستا بۆ سەر شەنگال و قەندیل دروست بوون، دەرئەنجامی ئەو هاوکێشەیەیە. بەمەش لەگەڵ ئەوەی تورکیا دڵنیایی زیاتری دەبێت لە لاوازکردنی پەکەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیایی دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەناوخۆی وڵاتەکەی زیاتر دەستەبەر دەکات. بۆیە پەکەکە ئەگەر دەیەوێ تەسلیمی ئەو ستراتیجەی تورکیا نەبێت، پێویستە هاوشێوەی ساڵانی پێش پرۆسەی ئاشتی، بچێتەوە قووڵایی تورکیا.

ئەگەر بەراوردی ئەو دوو قۆناغەش بکەین لەڕووی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە، پیشەسازیی سەربازی تورکیا چەند گەشەی کردبێ، پەکەکەش بەو ئەندازەیە و بگرە زیاتر چەکی پێشکەوتووی دەستکەوتووە. پێشتر ئەگەر گەورەترین چەکی دەستی گەریلا دۆشکا بووبێت، لە شەڕی داعشەوە چ ئەوەی لە بازاڕی ڕەش کڕیویانە و چ ئەوەی لە شەڕ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەستیانکەوتووە، هەروەها بەهۆی ئەو کۆمەکە سەربازییانەی ئەمریکاوە بۆ ڕۆژئاوا، ئێستا پەکەکە پڕچەکترین هێزی ڕێکخراوی ناوچەکەیە. هەروەها لەڕووی دیسیپلینی سەربازی و تەنانەت لە مەشق و ڕاهێنان و پەیداکردنی شارەزایی لە بەکاربردنی چەک، لەپێش هەموو هێزەکانی ترەوەن.

ئەی کەواتا نهێنی بێدەنگیی پەکەکە چییە لە کاتێکدا تورکیا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژموونی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ؟ بۆچی شەڕ ناباتەوە ناو قووڵایی تورکیا؟ بۆچی چەند بەرەیەکی تری شەڕ ناکاتەوە و گۆڕەپانەکەی بەکراوەیی خستووەتە بەردەستی سوپای تورکیا؟ لانیکەم بۆچی بۆ دروستکردنی گوشار پەنای نەبردە بەر کارتی جەماوەری و چەند خۆپیشاندانێکی لە تورکیا ڕێکنەخست دژ بەو لەشکرکێشیانەی تورکیا دەیکاتە سەری؟ ئاوا بڕوات تورکیا هەرکوێیەکی مەبەست بێت بەهەموو توانایەوە پەلاماری دەدات و دەیگرێ، عەفرینیش ئەو ڕاستیەی ڕوونتر خستە بەرچاو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤ و بەهاکانی تر کە ئیدیعایان دەکرد، درۆیەکی گەورەن. کەس ئامادە نییە لەسەر ئێمە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا تێکبدات، ئەوەی پێویستە بکرێ، ئەوەیە کە دەبێت خۆمان بیکەین.

بەرپرسیارێتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی بڕیاربەدەستان و سەرکردەکانی ئەم قۆناغەی پەکەکە، هەرچەندە گومانی ئەوەش دەکرێت بەشێک لە ناوەندی بڕیاری پەکەکە بەجۆرێک خرابنە ناو ململانێ و هاوکێشە هەرێمایەتییەکانەوە کە ستراتیژی هەرێمایەتیی ئەو بلۆکبەندییەیان لا گرنگتر بێت لە مەسەلەی کورد لە تورکیا. هەنگاوەکانی داهاتووی پەکەکە بۆ هەر ئەگەر و گریمانەیەک بۆ مێژوو، وەڵامدەرەوە دەبن.



بەهرۆز شوجاعی

# ڕۆژئاوا و سیاسەتی ڕازیکردنی ڕۆحی سەفەوی و عوسمانی

سیاسەتی ڕازیکردن (appeasement) لە سیاقی نێودەوڵەتیدا ئاماژە بە تەنازولکردن لە بواری سیاسی و ئابووری لە بەرامبەر لایەنێکی هێرشکارە بەمەبەستی ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و زیاتر بۆ پێناسەکردنی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر ئەڵمانیای نازی لە نێوان ساڵانی 1935 تا 1939 بەکاردەهات. بەپێی ئەم سیاسەتە، سەرۆکوەزیرەکانی بەریتانیا ڕەمزی مەک دانلد، ستەنلی بولدوین و بەتایبەت نەڤیل چەمبرلەین پێیانوابوو بە دانی هەندێک ئیمتیازات و پاشەکشە لەبەرامبەر سیاسەتی ئاگرەسیڤی هیتلەر، ڕێگە لە شەڕێکی دیکەی جیهانی دەگرن، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەم سیاسەتە ڕێگەی دا بە بەهێزبوونی ئەڵمانیای نازی. بەهێزبوونی لایەنە ئەگرێسیڤەکان بە میلیتاریزەکردنی ڕینلاند لەلایەن ئەڵمانیا و داگیرکردنی حەبەشە لەلایەن ئیتالیای فاشیستەوە دەستیپێکرد و ئیتر ئەم لایەنانە پەرەیان بە فراوانخوازیەکانیان دا کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕێکی تری جیهانی کە زیاتر لە 60 ملیۆن کەسی کردە قوربانی و بە هەزاران شار و دێی جیهانی وێران کرد.

سیاسەتی ڕۆژئاوا ئێستا لەمەڕ ئێران و بەتایبەت تورکیا سیاسەتێکی ڕازیکردنە لە جۆری ساڵانی پێش شەڕی جیهانیی دووەم، واتە سیاسەتی ڕازیکردنەوەی چەمبەرلەینی. ڕۆژئاوا دیارە لەبیری چووە کە دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئێستای ئێران و تورکیا دوو ناسیۆنالیستی سێکولاری ڕۆژئاواخواز (موستەفا کەمال و ڕەزاشای پەهلەوی) نین کە ئاواتە سەرەکییەکانیان مۆدێرنیزەکردنی وڵاتەکانیان بە شێوازی ڕۆژئاوایی بوو. شوناسی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژەی ڕژێمی قاجار و پەهلەویی ئێران نییە، بەڵکو زیاتر بەردەوامی تیۆکراسیای سەرەتایی سەفەوییەکانە کە تێیدا مەزهەبی شیعە و سوپای قزڵباش بنەمای دەوڵەت بوو، وەک چۆن مەزهەبی شیعە و سوپای پاسداران بەردی بناغەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی تورکیاش بەپێی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی سێکولاری موستەفا کەمالیش دانەڕێژراون، ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ئێستا لە تورکیا دەبینرێت لە تۆخمی سێکولاریەکی پاککراوە و تۆخمی ئیسلامیزمی فراوانخواز جێی گرتووە، واتە هەروەکوو سەرۆککۆماری تورکیاش جەختی لێ دەکات، کۆماری تورکیای ئێستا درێژەی میراتی سوڵتان سەلیمی فاتحە، واتە ئامانجێکی سەرەکیی ئەم دەوڵەتە فەتحکردنی ڕووبەرێکی فراوانی جوگرافیایە یان بەلای کەم بەدەستهێنانەوەی ئەو سەرزەمینانەیە کە جاران لەدەستی عوسمانیدا بوو.

ئیسلامی ئێرانی و عوسمانی لە خزمەتی ناسیۆنالیزمی فارس و تورکدا

دەوڵەتی سەفەوی بناغەی دەوڵەتی مۆدێرنی پاش موسوڵمانبوونی ئێرانییەکانی دانا. لە سەردەمی سەفەوییەوە تا ئێستا سنووری ئێران زۆر گۆڕانی تێدا نەکراوە و بووە بە بناغەی ئێرانی نوێی شیعە. عوسمانیش بە داگیرکردنی ئەناتۆلیا و بەشێک لە ئەورووپا بناغەی دەوڵەتی تورکیایان دانا. هەرچەندە هەردوو دەوڵەت نەبوونە بە کۆڵۆنیی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاواییەکان، بەڵام بەهاکانی ڕۆژئاوا لەسەردەمی پەهلەوی لە ئێران و سەردەمی حکومەتە کەمالیستەکان لە تورکیادا زاڵ بوون و ڕێگەی لە فراوانخوازی جارانی تورک و فارس دەگرت. بە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و حکومەتە ئیسلامیستەکەی ئاک-پارتییەوە کۆتایی بە سیاسەتی ئیزۆلاسیۆنیستی (انعزالیە)ی ئەم دوو وڵاتە هاتووە. ئیسلامیزمی مۆدێرن کە لە بنەڕەتدا وەکوو کاردانەوەیەک لەدژی کۆڵۆنیالیزم سەری هەڵدا، لەگەڵ نۆستالژیای گەورەی عوسمانی و سەفەوی بووە بەشێک لە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت لەم هەردوو وڵاتە. ئێران چاوی ئاراستەی دەریای ناوەڕاستە و ناوچەی ژێر نفوزی لە عێراق و سووریا فراوان دەکات، تورکیاش بەرەو باشووری وڵاتەکەی کە دەبێتە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە جووڵەدایە و ئەم ناوچانەی بەشێک لە میساقی میللی (پەیمانی نیشتمانی) خۆی پێناسە دەکات.

داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن هێزە عێراقییەکانی سەر بە ئێران و داگیرکردنی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیا و هاوپەیمانە ئیسلامیستەکانی لە سووریا، دەبێت لە بازنەی سیاسەتی ڕازیکردنەوەی ڕۆژئاوا بەرامبەر تورکیا و ئێراندا هەڵبسەنگێنرێت. ڕۆژئاوا پێیوابوو بە بێدەنگی لە بەرامبەر داگیرکردنی سودێتلاند لەلایەن سوپای ئەڵمانیا و داگیرکردنی حەبەشە لەلایەن هێزەکانی فاشیستی ئیتالیا ڕازییان دەکات و پێش لەشەڕ دەگرێت. هەمان پاسیفیزم کە لە ساڵانی 1935 تا 1939 لەمەڕ ئەڵمانیا و ئیتالیا دەبینرا، ئێستا لە بەرامبەر ئێران و تورکیا دەبینرێ.

## ئاین وەکوو ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت

ئاین وەکوو ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت بە تایبەت ئیسلام لەگەڵ چەمکە ناسیۆنالیستیەکان تێکەڵ دەبن، چونکە بە خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەست لە (فتوحات)، لە گۆڕینی ئاینی دانیشتووان زیاتر گۆڕینی دیمۆگرافیا و ئیمپەریالیزمی زمانی و کولتوورییە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەیەکی یەکجار زۆر کە بە زمانە باکوور-ڕۆژئاوای واتە زمانەکی پێشینەی کوردی قسەی پێ دەکرا، ئێستا بەفارس کراون. نیوەی خەڵکی زاگرۆس ئێستا فارسیئاخێون، هەرچەندە فارس خەڵکی دەشتەکانی ناوەندی ئێران بوون. قزڵباشی تورکمانی ئازەربایجانی ئێرانیان بە تەواوی تورکاندووە. شارەکانی وەکوو خوی و شەبستر تا ئەوبەری دەریاچەی ورمێ پێش چەند سەد ساڵێک کوردزمان بوون، کەچی ئێستا شیعەی تورکن. کۆنستانتینۆپۆل و سمیرنایی یۆنانی ئێستا ئیستەنبۆڵ و ئیزمیری تورکزمانن. میسر وڵاتی قیبتی (ئەگیپتی ئینگلیزیش کە واتاکەی میسرە، لەوناوەوە هاتووە) بوو، کەچی ئێستا مەجالی ژیانیش بۆ قیبتی لە میسر نەماوە. لە وڵاتانی مەغریب کە لە بنەڕەتدا قرتاجی و ئەمازیغن، کەچی قرتاجی تەنیا لە ئاسەوارە کۆنەکاندا باسی لێ دەکرێت و زۆرینەیەکی عەرەب لەم وڵاتانە حاکمن و ئەمازیغیە کەمینەکراوەکان دەچەوسێننەوە. واتە فتوحات ئەگەر جینۆسایدی فیزیکیی خەڵکیش نەبێت، لایکەم دەبێتە هۆی جینۆسایدی کولتووری و زمانی کە وەکوو لینگویسایدی (پاکتاوی زمانی) پێناسە کراوە.

## فراوانخوازیی زیهنیەتی فتوحات

ڕۆژئاوا ئێستا ڕووبەڕووی دوو دەوڵەت بووەتەوە کە تەناسوخی دوو ئیمپراتۆری گەورەی ئیسلامین، واتە ئیمامەتی ویلایەتە فەقیهەکەی بەناو "کۆمار"ی ئیسلامی و خیلافەتی سوڵتانی بەناو "کۆمار"ی تورکیا کە هەردووکی خاوەنی زیهنیەتی فراوانخوازیی فتوحاتن. تا ئێستا سیاسەتی ڕۆژئاوا لەترسی ناردنی پەنابەر لەتورکیاوە بۆ ئەورووپا، سیاسەتی تەنازول و ئیمتیازدان بووە. ئەورووپا تەنانەت بە گوژمی گەورە یارمەتی پارەی تورکیا دەکات کە ڕێگە لە پەنابەران بگرێت. ئەمریکا لە ترسی ئەوەی تورکیا نەکەوێتە باوەشی ڕووسیاوە ڕێگە بە ئۆپەراسیۆنەکانی قەڵغانی فورات و چڵە زەیتوونەکەی تورکیا داوە. ئەورووپییەکان بۆ ئەوەی بۆ کاڵاکانیان بازاڕ بدۆزنەوە، سیاسەتی "ئاشتیانە"ی لەمەڕ ئێرانیان گرتووەتە بەر و پێداگری لەسەر هێشتنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەکەن. ئەمریکا لە کەرکووک چاو لە دەستێوەردانی ئێران دەپۆشێ بە نیەتی ئەوەی کە ئەو دەسکەوتەی لە عێراقدا ماوەیەتی بیپارێزێ، بەبێ سەرنج لەوەی کە سەرەڕای قوربانییەکی زۆرتر لە پێنج هەزار سەربازی ئەمریکی و دوو تریلیۆن دۆلار تێچوون، پاش کشانەوەی ئەم وڵاتە لە ساڵی 2011 دا عێراق بە تەواویش نەبێت، کاریگەرانە کەوتووەتە ژێر نفوزی ئێران.

## ئەنجام

هاتنی پۆمپیۆ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەشکم دڵخۆشکەر بێت بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی، ئێستا کابینەی ئەمریکا بووە بە کابینەی پێنتاگۆن، واتە کابینەی شەڕ. ئایا سیاسەتی چەمبرلەینی کە لە سەردەمی ئۆباماوە تا ئێستا لەمەڕ ئێران و تورکیا پەیڕەو کراوە، بە کابینەی شەڕی پێنتاگۆن دەگۆڕدرێت یان هەمان سیاسەتی بازرگانانەی ڕێکس تیلەرسن جێبەجێ دەکرێت کە کوردی وەکوو مۆرەی شەترەنج لە گەمە نێوەدەوڵەتییەکانی ناچەدا کردووتە قوربانی؟ ئەو کوردەی کە بە هەردوو هەرێمەکەی باشوور و ڕۆژئاواکەیەوە بووە بە دوورگەی پاراستنی بەهاکانی ئینسانی و بە تایبەت ڕۆژئاوایی و لە دۆستایەتیی خۆی بۆ ڕۆژئاوادا، سەرەڕای خیانەتەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، هەمیشە سوئالکەرانە ئەستووی بۆ یارمەتیی ڕۆژئاوا خوار کردووە.



حامد محەممەد عەلی

# بڕیاری (688 و هێڵی (36) بۆ کورد دەسکەوت بوون؟

بە پێداچوونەوەیەکی بابەتیانە و وردی مێژووی سیاسیی نوێی کوردستاندا، بۆمان دەردەکەوێ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا - جاران لەپێشیانەوە بەریتانیا و ئێستاش ئەمریکا و بەریتانیا پێکەوە - هەرگیز لەگەڵ ئامانج و مافی سەربەخۆیی کوردستاندا نەبوون، بەڵکو وەرەقەی کوردی و هێزە کوردیەکانیان لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، لەماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا بۆ ئامانجی نزیک و دووری خۆیان بەکارهێناوە.

پارچەپارچەکردنی خاکی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا، بەپێی ڕێککەوتننامەی شوومی سایکس پیکۆ لە (1916)، دەتوانین بڵێین گەورەترین گورز بوو، ئەو زلهێزانە لە کوردستان و گەلی کوردیان وەشاند.

ئەوەش بۆئەوەی لە داهاتوودا دۆز و پرسەکەی تەنها لەگەڵ دەوڵەتێکدا نەبێ، بەڵکو لەگەڵ چوار دەوڵەتی داگیرکەردا بێت، تاوەکو زیاتر ئاڵۆز بێت و ئەگەری ڕزگاربوون و بەئامانج گەیشتنی خەون و خولیای دەوڵەتی کوردستان، ئەوەندە قەیراناوی بێت، بەدیهاتنی ئەستەم بێت.

دیارە دواتریش شکستپێهێنانی شۆڕش و هەوڵەکانی هەریەکە لە (شێخ مەحموودی حەفید و سمایل ئاغای سمکۆ) لە بیستەکان و هەروەها پشتگیریی نەکردنی کۆمارە بچکۆلەو ساواکەی (شەهید قازی محەممەد) لە 1946 و کۆتاییهێنان بە شۆڕشە 14 ساڵیەکەی مەلا مستەفا لە 1975..

دوای ئەوانیش، بە ڕاو تێگەیشتنی خۆم، ئەگەر بەوردی لێی بکۆڵینەوە و دەرئەنجامەکانی وەرگرین، دەتوانین بڵێین تەنانەت دەرکردنی بڕیاری ژمارە (688) ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە 5ی نیسانی 1991 و دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ کوردی ئێراق لە پاش کۆڕەوە ملیۆنیە پڕ لە نەهامەتی و کارەساتەکە، لە ناوچەکانی سەرووی هێڵی (36)، خۆی بۆخۆی ئەوەندەی لەو هەلومەرجە ناهەموارەدا ، دەسکەوت بوو بۆ گەلی کورد لە باشوور، بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان لە هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ڕژێمی ئەوکاتەی سەدام، من دەڵێم دوو ئەوەندە پیلانێکی ڕەشی شاراوەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی هەرێمیی داگیرکەری کوردستان بوو، بۆ ئامانجێکی قێزەونی دوور.

لەڕاستیدا بەشێکی باشی ئامانج لە بڕیاری دابینکردنی نەوای ئارام لەسەرووی هێڵی (36) بۆ ماوەی دوور، تێکدانی نەخشە و سنووری ڕاستەقینەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان و جێگیرکردنی بوو لە چوارچێوەی سێ پارێزگاکەی (حوکمی زاتی دوابڕاو)دا، بە دابڕینی (کەرکووک و خانەقین و ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکانی تر) و سەپاندنی ئەمری واقیع بەسەر گەلی کوردستاندا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین کە هەریەکە لە تورکیا و فەرەنسا و ئێران، لەڕێگەی نوێنەرانیانەوە، بە نامە داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشیان کرد، بۆ ئەو مەبەستە و دواتر فەرەنساش وەک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەن هاتە سەر خەت و تەبەنی پێشنیازەکەی کرد و کاری پێویستی کرد بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش و دەرکردنی بڕیارەکە کە لەڕاستیدا لەو 8 خاڵەدا هیچ ڕەهەندێکی سیاسی لەخۆ نەگرتووە و هەموو خاڵەکان تەنها ڕەهەندی مرۆییان هەیە. لەهەمان کاتیشدا لە دیباجەی بڕیارەکەدا، جەخت لە سەروەریی خاکی ئێراق و هەموو وڵاتانی ناوچەکە کراوەتەوە.

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 26 ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا، کە دیارە هەرێمی کوردستان لە ئێراقی نوێدا، بەپێی دەستوور، بوو بە هەرێمێکی فیدراڵی و گەشەکردنی گەورەی سیاسی و ئابووری بەدەستهێنا و بگرە لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و وەبەرهێنانی نەوت و گازدا ، وەک وڵاتێکی سەربەخۆ هەنگاوی دەنا، بەڵام بەغدا ئامادە نەبوو ماددەی 140ی دەستوور، تایبەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم جێبەجێ بکات و دواتریش لەئەنجامی ناکۆکیەکانی تایبەت بە داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان، بەغدا بوجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانیش پاش سێ ساڵ چاوەڕوانی و نائومێدبوون و شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ داعش، یەکلایەنە بڕیاری ڕیفراندۆمی دا بۆ جیابوونەوە لە ئێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.. بەداخەوە زلهێزانی ڕۆژئاوا، لەسەرووشیانەوە (ئەمریکا و بەریتانیا) لەباتی ئەوەی پشتیوانی لە کورد بکەن کە لە جەنگی (ئازادکردنی ئێراق)دا لە ئاداری 2003 هاوکار و پشتیوانێکی گرنگیان بوو، هەروەها لە شەڕی دژی داعشیشدا ڕۆڵێکی کەموێنەی بینی لە شکاندنی ئەو هێزە ترسناکەدا و هاوکارێکی بنەڕەتی هێزی هاوپەیمانان بوو، ئەوەندە بێوەفا بوون، نەک چاکەی کوردیان نەدایەوە، بەڵکو دژی ڕیفراندۆم وەستانەوە کە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەی سەردەمانەیە.

مخابن لە پەلامارەکەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای ئێراقدا بۆ سەر کەرکووک و ناوچە کورستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017، بێدەنگبوونیان هەڵبژارد و پشتیوانیی خۆیان بۆ "یەکپارچەیی خاکی ئێراق" دەربڕی. هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# سلێمانی لە مەترسیدایە؟

## 1

هەڵنەگرتنی ئابلۆقەی ئاسمانیی تورکیا و درێژەدان بە قەدەغەی سەر فڕۆکەخانەی سلێمانی بە بیانووی پاڵپشتیکردنی پەکەکە و هەڵوێستی میدیا موزایەدەچییەکانی سلێمانی، لەلایەن تورکیاوە، بەهانەیەکی لاوازە، ئەوەی لەو دەڤەرە دەگوزەرێ هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە و دەمێکە پەکەکە دەستی بەسەر شەقامی سلێمانیدا گرتووە و بەکەیفی خۆی ئاراستەی دەکات. ئەو کاتەی لێ دەرچێت کە لە 1992 لەگەڵ پارتی و دواتریش لە کۆتایی نەوەدەکان تاڵەبانی لە پێناوی مانگانە چەند ملیۆن دۆلارێک و چەند هەزار تۆنێک ئازووقە لەگەڵ تورکیا بۆ لێدانی پەکەکە رێککەوت، باقییەکەی هەمیشە پەکەکە و یەکێتی وەک دوو هێزی دژ بە پارتی لەیەک سەنگەردا بوونە. راستە لە روانگەی تورکیاوە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەنگاوێکی نەخوازراو بوو، بەڵام ئەوە قەت بەو مانایە نایەت کە تورکیا پارتی و بارزانی زەلیل بکات. ئەوان دڵگران و ناڕەحەت بوون لەوەی کە چۆن دەکرێ هاوپەیمانەکەیان لە ناوچەکەدا بێ پرس و راوێژ لەگەڵ ئەوان کە خۆیان پێ برا گەورەیە، هەنگاوێکی وەها بهاوێژن! ئەلبەتە سەرباری هەموو هاشوهووشەکان، تورکیا هیچ سزایەکی بەسەر هەولێردا نەسەپاند، ئەوەندە نەبێ کە کاتێک فڕۆکەخانەکان داخران، ئەوانیش ئاسمانیان داخست. ئەگەرنا بۆ سەعاتێکیش دەروازەیان دانەخست و بۆڕیی نەوتیش نەگیرایەوە.

بۆیە هەولێر لە روانگای تورکیاوە هێڵی سوورە و قەت رێگە نادات بکەوێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات، سزادانی سلێمانییە، سزادانێک کە دەمێکە تورکیا (تەنانەت ئەمریکاش) خۆی بۆ ئامادە دەکات. ئەوە تەنیا ئاراستەی بیرکردنەوەی تورکەکان نییە و بگرە لە ماوەی رابردووشدا، ئەمریکییەکان ئامادە نەبوون هیچ دانیشتن و چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سەرانی حیزبەکانی سلێمانی لەو شارە ئەنجام بدەن و مەرجی ئەوەیان دانا کە دەبێ بێنە هەولێر! ئەوە بە رێکەوت نییە و دەلالەتە لەوەی کە سلێمانی هەنگاو بەهەنگاو تێکدەشکێندرێت و نازی بەسەر سیاسەتی گشتییەوە نامێنێت. ئەوەی لە سایەی یەکێتییەوە بۆی دەستەبەر ببوو کە هەولێر چی هەبێ ئەویش دەبێ هەمان شتی هەبێ، وا خەریکە کۆتایی دێت. باوکەکانی سلێمانی و سیاسەتەکەیان یەک لەدوای یەک مردن و لەدوای خۆیان شار و سیاسەتێکی هەتیویان بەجێهێشت. بۆیە حەیفە سلێمانیش بەدەردی عەفرین بچێ!

## پارتی و گۆڕان

## 2

زۆر زەحمەتە نێوانی گۆڕان و پارتی وەک جارانی لێبێتەوە، مەسەلەکە بەتەنیا پارتی نییە، بگرە گۆڕان ئاوێکی وای رشتووە کە نەک بچووکێک بگرە هەزاران پیریش لاقی لێخشاندووە و تازە بە دەردی فارس دەڵێن، ئەو ئاوەش ناگەڕێتەوە ناو جۆگە! گۆڕان سەرباری تەسلیمبوونی بە یەکێتی و تۆبەکردنی بەهۆی جیابوونەوە لێی، تووڕێکی قوراویی دەستنەکەوت، بەڵام لەکاتێکدا کە مانگانە بە نهێنی سەدان هەزار دۆلاریان لە حکومەتی هەرێمەوە وەردەگرت و سەدان ئیمتیازیان لە ژوورە تاریکەکان (بەناو) دەکرا، گەورەترین هەوڵی تەسامولحی نیشتمانییان تێکشکاند. ئەگەر گۆڕان چاوی لە میراتگریی گەندەڵیی یەکێتی نەبووایە و راستگۆ بووایە لەگەڵ خەڵکی خۆی، قەت رێگەی نەدەدا ئەو چوار ساڵە ئارامەی کوردستان ببێ بە گەورەترین قەیران.

ئێستا سەرباری ئەوەی کە پارتی باش دەزانێ ئەستێرەی بەختی گۆڕان وەکو پێشوو نییە، بەڵام دیسانیش دەیەوێ لە دەرگای بداتەوە. ئەڵبەتە گۆڕان چاوی لەوەیە بیسەلمێنێ کە دوای لەدەستدانی رێکخەرەکەی هێشتا هێزێکە دەتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا بکات، بەڵام لەڕاستیدا گۆڕان تەنها ئەو کاتە بوو بە هێزێکی راستەقینە کە یەکەمجار لە یەکێتی جیابووەوە و دواتریش چووە ناو حکومەتی ئیئتیلافی، هەنگاوەکانی دواتری هەمووی بەرئەنجامی حیساباتی غەڵەتی سیاسی و لێکدانەوەی نادروست بوون. ئەوەی گرنگە ئەوەیە گۆڕان دەرک بەو راستییە بکات کە دەتوانێ هێزێکی پارسەنگ بێت و لە یەک کاتدا، هەم بە ئاشکرا گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بکات و هەمیش ململانێی پارتی بکات. رەنگبێ ئەزموونی کاری هاوبەشی پارتی و گۆڕان لە حوکمڕانیدا سەرکەوتوو نەبووبێت (ئەگەرچی هێشتا کلیلی چاکسازییەکانی گۆڕان لەناو حکومەتە)، بەڵام لەسەر ئاستی ئیدارەی ناوچەیی باشترین جۆری هەماهەنگی هەیە. بۆیە گۆڕان و پارتی مەحکومن بە گفتوگۆ وەک چۆن یەکگرتووش لە حکومەتدا نەماوە، بەڵام وەزیرە دەستەڵاتکار کێشاوەکانیان هێشتا لە ماڵەوەش ئیشەکان رایی دەکەن!

## کەمپینی کەرکووک

## 3

نەورۆزی ئەمساڵ واقیعی تاڵی داگیرکاریی کەرکووکی جارێکی دیکە وەبیرهێنایەوە. ئەڵبەتە منداڵ و تواڵ ویستیان بیسەلمێنن کە وانییە، بەڵام نە ئەوەیان بۆ چووە سەر و نە ئەوەش توانی قووڵایی ئەو خیانەتە بشارێتەوە کە لە میللەتی خێر لەخۆنەدیوی کەرکووکیان کرد. ئەوەندە دەزانم کە کوردم و خەڵکی کوردستانم، بەڵام رێگەم بدەن بۆ یەکجاریش بێت هەستی خۆم تێکەڵی نووسینەکانم بکەم، کە ناوی کەرکووک دەبیستم دەگریەم و ئێستاش کە دەنووسم کەرکووک هەر دەگریەم!

هەموو ئەو حیزبانەی کەمێک ویژدانیان هەیە و باوەڕیان بە رەوایەتیی دۆزی کەرکووک هەیە، ئەگەر بەشداری لە هەڵبژاردنی 12ی مایسی ئەمساڵ لە کەرکووک بکەن (بەو بارودۆخەی ئێستاوە) هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە کە 16ی ئۆکتۆبەریان خوڵقاند. با پارتی و یەکێتی خائینیش بووبن، ئێوە لە ماددەی 140 زیاترتان پێ دەکرێ بۆ کەرکووک؟ بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردن لە کەرکووک رەواییدانە بەو واقیعەی کە داگیرکاری خوڵقاندوویەتی. ئەگەرچی بۆ هەندێک لایەن شەڕکردن لەسەر کەرکووک بۆ خاک و مێژوو نییە، بگرە بۆ بەکوشتدانی گەنجی کورده لە پێناوی نەوت!



عەبدوڵڵا عالآیی
abdullahalayi@gmail.com

# منداڵدزەکان

منداڵ و دین، دوو بابەتی هەستیار و وردن، هەڵسوکەوت لەگەڵیان، هۆشیارییەکی زۆری پێویستە. هەر یەک لەمانە لە شوێنی خۆیان، بۆ پەروەردەکاران جێی بایەخ و لەسەروەستانن، کاتێ پێکڕاش کۆوە دەبن، دەبێت بە پرسێکی هەرەجێی بایەخ و بە وریاییەوە لە پێوەندیی نێوان (منداڵ و دین) دەکۆڵنەوە.

ڕێکاری کلاسیکیانەی پەروەردەی دینیی منداڵان لە جڤاکی ئیسلامیدا، نەک هەر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو بە زیانێکی زۆریش بەسەر خودی مەعریفەی دینی و بنیاتی فیکریی تاک و سایکۆلۆژیای دەستەجەمعییەوەش، شکایەوە. پەروردەی کلاسیکیی جیهانی ئیسلامی، نەک هەر پەروەردە نەبووە بە واتا ئاکارییەکەی، بەڵکە (توندوتیژی) و (تۆقاندن)یش بووە.

فۆڕمێکی توندڕۆیی و توندوتیژی لەبەرانبەر قۆناغی منداڵیی مرۆڤ ئەوەیە، لە منداڵێتی بکەیت، ژیان و ئەتواری منداڵی لێ بسەنیتەوە، ڕێ بەوە نەدەیت وەکوو منداڵێک بژیێت.

مرۆڤی ئەو نێوچەیەی ئێمە، هەموو منداڵێتی لێ دەدزرێت، کە گەورە دەبێت، بە هەزار کوچە و بە هەزاران پێچوپەنادا ڕێ دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی ساتێک بۆ منداڵێتی بگەڕێتەوە و قەرەبووی ئەوە بکاتەوە کە بە منداڵی لێی زەفت کراوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە دواوە بدەینەوە، فیکری فیقهی-شەرعی، پێداگیری لەسەر ئەوە کردووە منداڵێکی پارچەلە، بە هەر شێوازێک بێت، دەبێت ناچاری (تقوس) اتە دینییەکان بکرێت و ڕاپێچی نێو ئەو بازنەیە بکرێت کە گەورەکان لەنێویدان. حەدیسێکی نەبەوی، وەکوو بناغەی پەروەردەی منداڵ، لە زەینی فیقهیی کۆمەڵگە چەقی و دواتر، سلووکی گشتی وەرگرت. گوایە پێغەمبەر گوتوویەتی: "لە حەفت ساڵییەوە منداڵەکانتان لەسەر نوێژکردن ڕابهێنن، کە بوون بە دە ساڵان و نوێژیان نەکرد، لێیان بدەن" .. فقد روى أبو داود (495) و أحمد (6650) عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ( مُرُوا أَوْلَادَكُمْ بِالصَّلَاةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرٍ ، وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ ). وصححه الألباني في "الإرواء" (247)

کە ئاوڕ لە ڕابردوومان دەدەینەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنەمایەدا، پەروەردەی دینیی منداڵ، پڕ لە توندوتیژی و تۆقان بووە. منداڵێکی حەفتساڵە، بە شەق و لێدان، ناچاری نوێژکردن کراوە. کچۆڵەیەک، بە چاوسوورکردنەوە، حیجاب و نیقابی پێ پۆشراوە. مێرمنداڵێک بە زەبری حەیزەران و قامچی لە حوجرە و فێرخانەکاندا، فێری خوێندنەوەی قورئان کراوە.

من لەوەدا ڕەخنەی ڕیشەییم هەیە کە سەرباری دەرسدانە دینییەکە، لێدان و کوتانیان کردووە بە بنەمای پەروەردەکردنەکە، خۆ ئەگەر بابەتەکە هەر لەوێدا وەستابووایە کە منداڵێ پێبەندی داخوازییەکان نەبوو لێی نەدرێت، شتێکی تر دەبوو، وەلێ کاتێ پەروەردەکردنەکە بە (زەبر) و کوتانەوە دەبەسترێتەوە، دەرگەی دەیان گلەیی لەسەر دەکرێتەوە.

زەینی فیقهی، ئەوەی بۆ ئەوە داناوە، تا منداڵ لەسەری ڕابێت و کە گەورە بێت، تەرکی نەکات. ئەوەتە (ئیبن قودامە)ی گەورە شەرعزان لە لاپەڕە 357ی بەرگی یەکەمی کتێبە بەناوودەنگەکەی "المغنی"دا دەڵێت: ئەو فەرمان و دەرسدانە ڕەوایە لەبەرانبەر مێرمنداڵ و پارچەلان، بۆ ئەوەی لەسەر نوێژکردن ڕابێن تا خووی پێوە بگرن و وەختێ خۆیان ناسی و باڵغ بوون، پشتی تێ نەکەن. "هَذَا الْأَمْرُ وَالتَّأْدِيبُ الْمَشْرُوعُ فِي حَقِّ الصَّبِيِّ لِتَمْرِينِهِ عَلَى الصَّلَاةِ , كَيْ يَأْلَفَهَا وَيَعْتَادَهَا , وَلَا يَتْرُكَهَا عِنْدَ الْبُلُوغِ "

ئەمەیان کردووە بە بەهانەی پەروەردەکردنەکە، بەڵام هەر ئەو مێنتاڵێتییە، هۆکارێکی سەرەکیی شکستی پەرودەردی کلاسیکیانەی ئایین بووە. منداڵ کە لەو قۆناغە ناسکەی خۆی ناچاری شتانێک دەکرێت کە هیی ئەو نین، ساتێ گەورە دەبێت و شتێک لە سەربەستی و سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت، دەستبەرداری هەموو ئەو سلووک و ئەتوارانە دەبێت کە بۆ منداڵیی ئەو، وەکوو سزا و عەزابێک بوون. ڕۆحانییەتیش لەو مەنهەجەدا، هیچ بەهایەکی نامێنێت و فەلسەفەی خۆی لەدەست دەدات. ئەوەی هەیە و دەمێنێت، تەنێ چەند جووڵەیەکی وەرزشییە و تەواو!

ئایین پرۆسەیەکی ڕۆحیی تایبەتمەندە، مرۆڤ لەو قۆناغەدا دەستگیری دەبێت یان لەگەڵی تێک گیر دەکات و دەتۆرێت، کە منداڵی و مێرمنداڵی تێدەپەڕێت، بە درووستی و تەواوەتی عەقڵی بە شتەکانی چواردەوری دەشکێت. ئەوە ئایین لەکەدار دەکات ئەگەر لەترسی ڕانەهاتن و قەناعەتپێنەهێنان، منداڵ چاوترسێن و شلوکوت بکەیت. ئەوە خۆکوتانەوەیە و لێدانە لە بوڕهان و ئەرگیۆمێنتەکانی خۆی. ئایین خۆی، لە چەند شوێنێکی تر، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە هەموو تقوسات و واجبە دینییەکان، لەسەر ئەو مرۆڤانەیە کە باڵغ بوون، کەچی لەملاوە، بە لێدان و کوتان، ناچاری پەرستنیان دەکات.

پەروەردەی کلاسیکیانەی پەروەدەی دینیی منداڵ، شکستی هێنا، درەختێکی بێبەر بوو، بگرە ئافات و دەردیش بوو بۆ خودی ئایین و مەعریفەی دینی. پەروەردەی دینیی منداڵ لەنێو جڤاکی کوردی، وەکوو کۆمەڵگەکانی دەوروبەری، لە توندوتیژی و تۆقاندن، قوتاری نەبووە. هێشتە بە پێوەری سەتەکانی نێوەڕاست و چاخی کۆن، هەڵسوکەوتی دینی لەگەڵ منداڵان دەکەن.

ئەو ڕۆژە لە شارەکەی ئێمەدا، (فریدریششهافن)ی ئەڵمانیا، لە ماڵباتێکی ئەفغانی، باوکەکە بۆ نوێژی بەیانی، بە شەق و شولاق ژن و کچۆڵەکەی لە خەو هەڵساندبوو. کچەکەیش دەقیژێنێت و دەگریێت. دراوسێکانی هەواڵی لێ دەدەن، کە پۆلیس بە ئەمە دەزانێت، چوار ڕۆژ حەپسی دەکات و بڕێک پارەشی وەکوو سزا لێ دەسەنێت.

ئەو ئەتوار و سلووکە کلاسیکییە، لە دنیای نوێدا، بە چاوی ئەوە سەیر دەکرێت کە دژی مافی منداڵانە و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیان، ناهێتەوە. پوختەی قسەی من ئەوەیە، ئەو پەروەردەیەی هەیە، منداڵیی منداڵ دەدزێت و لێناگەڕێت لە قۆناغی خۆی بژیێت. ئەوەیش گەورەترین توندوتیژییە بەرانبەر منداڵان.

لەم ماوەیەدا ڤیدیۆیەکم بینی، لەنێویدا حاڵەتێک دەبینین، ئەو دۆخە نیشان دەدات کە قسەم لێ کردووە. منداڵێک بەهۆی ڕاپێچکردنی بۆ نێو جەدەلە ئاڵۆزە کەلامی و تیۆلۆژییەکان، گوێڕادێران لە مەوعیزە و تێوەگلاندنی بە شتێک کە لە هێزی هزریی ئەودا نییە، تووشی نەخۆشیی دەروونی و شڵەژانی هۆشیاری بووە. بە دیتنی ئەو منداڵە، یەکسەر (مارتن لۆسەر)ی ڕیفۆرمخوازی مەسیحیم کەوتەوە یاد، کە دۆخە نالەبارە دەروونی و ترس و لەرزەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی، ژیانی لێ تاڵ کردبوون و دواجار بوون بە هەوێنی چاکسازی و پاکسازی لە مەسیحێتیدا.

هەڵبەت هەر مرۆڤێک کە لە منداڵییەوە بەرەو ئاقاری ڕۆچوون لە ئاییندا پەلکێش کرابێت، ئەوەی بەبیر دێتەوە کە چەندان جار لە ڕۆخی چاڵی شێتبوون و تێکچوون، گەڕاوەتەوە!

شتێک کە منی دڵخۆش کرد، وەڵام و هەڵسوکەوتی (مەلا)یەکەی نێو ڤیدیۆیەکەیە، مەلا فاتیحی مزگەفتی ڕێگەی بەهەشتی هەولێر، بە شێوازێکی ژیر و ژیانی مەدەنیانە لەبارەی گرفتی منداڵەکەیانەوە، بەرسڤی خێزانەکەیان دەداتەوە. لەجیاتی ئەوەی نوشتە بنووسێت و دەست بە نزا و پاڕانەوە بکات، ڕێنوێنیی بنەماڵەی منداڵەکە دەکات، منداڵەکە بۆ لای دکتۆری دەروونی ببەن و چارەکردنی لای ئەو نییە. ئەو هەڵسوکەوتەی ئەو، یەکێکە لە بنەماکانی سیکۆلاریزم، جیاکردنەوەی بازنەی دین و زانست، تێکەڵنەکردنی خەسڵەتەکانیان. ئەگەرچی ڕۆچوون لە دین تێکیداوە، بەڵام منداڵەکە ڕەوانەی لای زانست دەکات و ڕادەستی ئەو بوارەی دەکات کە کێشەکەی پێوە پەیوەستە. ئەگەر قسەکانی مامۆستای نێو ڤیدیۆکە بکرێت بە [گوتار]ێکی باوی دینیی مەلاکان، بەر لە هەر شتێک بە سوود و شۆڕەتی ئایین دەشکێتەوە و بەدەر نابێت لە سوودی کۆمەڵایەتیش.

لە کۆتادا بۆ سەرەتا دەگەڕێمەوە، دین و منداڵ وەکوو یەک هەستیارن، ئەگەر بە هەستیارییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکرێت، حاڵەتێکی تێکچوونی وەکوو ئەو مێرمنداڵەی لێ دەکەوێتەوە، دەبێت تەواو بە (منداڵدزەکان) هۆشیار بین. ئەگەر بە هۆشیاریشەوە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت، بەرهەمێکی جوان و ژیرانەی وەکوو ئەو مەلایەی لێ دەکەوێتەوە.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# رێککەوتنی ژێربەژێری هەولێر – بەغدا

باشووری کوردستان لە دوای گشتپرسی و هێرشی 16ی ئۆکتۆبەر ، کەوتە بەر هێرشێکی سەربازی و سیاسی عێراقی و ناوچەیی. گۆڕانی هاوکێشە سەربازییەکە لە دوای شەڕی پردێ و سحێلا ، پێویستی بە هێمنی و پشوودرێژییەکی سیاسی بوو، بۆ ئەوەی لەجیاتی بەردەوامبوونی گوشارەکان لەسەر کوردستان ، گۆڕەپانی سیاسەتکردن بۆ کوردستان بکرێتەوە و گوشارەکان لەجیاتی کوردستان بکەونەوە سەر بەغدا . نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ، ئەو قۆناخە سەختەی لەسەر هەرێمی کوردستان تێپەڕاند .

ئەو نەرمی و پشوودرێژییەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و، رازیبوون بە هەموو داواکانی بەغدا بۆ پێداچوونەوە بە لیستی فەرمانبەرانی کوردستاندا ، لەلایەن هەندێ سیاسەتڤان و حیزبەوە رەخنەی لێدەگیرا ، بەڵام لەڕاستیدا ئەو پشوودرێژیە لەو رەخنانە راستتر بوو. ئەو هێمنییە پشوودرێژانەیە بۆ زۆر لە سیاسەتڤانانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چاوەڕوانکراو نەبوو، بەڕادەیەک یەکێک لە گەورە بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان گوتبووی: زۆر سەرسامم بە پشوودرێژیی نێچیرڤان بارزانی لە بەرامبەر بەغدا ، دەزانم ئەو نەرمی نواندن و پشوودرێژییە بۆ سیاسەتڤانێکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەند سەختە ، بەڵام ئەوەی نێچیرڤان بارزانی دەیکات کارێکی زۆر زیرەکانەیە .

لەچەند مانگی رابردوودا ، ئەگەر ئەو نەرمی و هێمنییە پشوودرێژانەیە نەبووایە، ئەوکات ئەگەر کێشەکان و هەڕەشەکان لەسەر کوردستانیش زیاتر نەبووبان ، ئەوا بەهیچ شێوەیەک کەمتر نەدەبوونەوە، گوشارە دەرەکییەکانیش لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەدەگۆڕان بۆ سەر حکومەتی عێراق ، لەهەموویشی گرنگتر حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق هەلێکی باشتری بۆ کەمپینی هەڵبژاردن دەستدەکەوت بۆ دژایەتیکردنی کوردستان کە وەک خۆی دەڵێت، ئەو "جوڵانەوە جیاوازیخوازییەکە"ی کوردستانی کۆتایی پێهێنا و، هەر بەناوی "سەپاندنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت" هەوڵی زیاتری نەهێشتنی دەسەڵات و قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستانیشی دەدا.

بەداخەوە دوای دەستپێکردنەوەی دانوستاندن و یەکتربینینەکان لەنێوان سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیران و حکومەتی عێراق، چەند جارێک د.حەیدەر عەبادی رایگەیاند کە هەندێ کەس و فراکسیۆنی کوردی

داوام لێدەکەن پارە نەدەمە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان و مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەم . بەڵام کە 317 ملیار و 540 ملیۆن و 465 هەزار دیناری بۆ فەرمانبەران و پێشمەرگە دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، رایگەیاند کە نەدەکرا ئەو بە قسەی هەندێ لە فراکسیۆنە کوردییەکان بکات و لەجیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ حیزبەکان بکات .

بەڕاستی کە عەبادی پێش ناردنی پارەکە باسی ئەوەی دەکرد هەندێ فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمانی عێراق ئەو داوایەیان لێکردووە، زۆربەی کورد باوەڕی نەدەکرد و، هیچ فراکسیۆنێکیش نەیگوت من وامگوتووە. بەڵام ئێستا لە فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵ چەند پەرلەمانتارێک بە ئاشکرا لە کۆنفرانسی رۆژنامەڤانیدا دەڵێن ئێمە وامانپێگوتووە کە پارەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەنێرێت و شێوازێکی دیکە دابنرێت بۆ ناردنی پارەکە و دابەشکردنی. ئەوە رێک پێچەوانەی سەرکردەیەکی ناڕازییە کە پێیگوتم عەبادی قسەی لەگەڵ کردووە و، ئەو داوایەی هەندێ فراکسیۆنی کوردی لەگەڵ باسکردووە، ئەویش پێیگوتووە تۆ باسی دەستوور دەکەی ، بەپێی دەستوور حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن قەوارەیەکی یاساییە و دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ حکومەت بکەی . هەڵوێستی راستیش ئەوەیە دەزگا و قەوارەی نیشتمانی لەسەرووی ململانێی حیزبییەوە بن .

لەڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵدابێت، پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق و رەوشی کوردستان و عێراقیش نەگەیشتووەتە ئەو رادەیەی رێککەوتنی ژێر بەژێر لەگەڵ یەکتر ببەستن . ئینجا مافی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراقە، بە فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵیشەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق بانگ بکەن سەبارەت بەو رێککەوتنە ژێربەژێرەی باسیدەکەن بۆ خەڵک بەبێ سەلماندن و روونکردنەوە، ئەگەر بەڵگەیان لەبەردەستە پێویستە بۆ خەڵکی عێراق و کوردستانی ئاشکرا بکەن ، ئەگەرنا ئەو جۆرە کەمپینکردنە سیاسییە شێوازێکی دروست نییە ، چونکە بەوشێوەیە دۆخی کوردستان ئاڵۆز دەبێت ، دەبێتە هۆی لەدەستچوونی خوێندنی منداڵانی خەڵک و مردنی ئەو خەڵکە هەژارەی تەنیا توانای چوونی بۆ نەخۆشخانەکانی حکومەت هەیە . هەروەها ئەو فراکسیۆنانە پێش هەمووان دەزانن ، کە حکومەتی فیدراڵیی عێراق دەتوانێت فەرمان بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات نەک بەپێچەوانەوە ، حکومەتی فیدراڵیی عێراقیش لە نووسراوەکەیدا دەڵێت ئەو پارەیە بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەیە . ئینجا کار و ئەرکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە پرسیار و لێپرسینەوە بکەن لەوەی ئایا ئەو پارەیەی لەبەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پارەکەی بەغداشەوە بەشی مووچە و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات یان نا. بەتایبەتیش کە حکومەت رایگەیاند کۆی داهاتەکانی دەخاتەڕوو .

ئەوەی کەس باسی ناکات لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدادا ، هەوڵەکان و تەنانەت گوشارەکانی ئەمریکا ، فەرەنسا ، بەریتانیا و نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ کردنەوەی گەشتە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و ناردنی ئەو پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان . هێشتاش دیار نییە ئەو پارەیە سولفەیە یان بەشی هەرێمی کوردستانە لە بودجەی عێراق وەک ئەوەی دیپلۆماتکارانی وڵاتان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایانکردبوو کە ئەگەر ناردنی بەشە بودجەی عێراق دوادەکەوێت، با سولفە بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو یەکلاییبوونەوەی بودجەی عێراق .

لە کوردستان پێویستە کار بۆ ژیانێکی سیاسی دیموکراسیانەی تەندروستانە بکرێت ، بەوشێوەیەش کوردستان لەنێوخۆی و لەگەڵ عێراق و دەرەوەشدا زیاتر بەهێزتر دەبێتەوە، ئەرکی ئەو ئارامییە نێوخۆییەش لەسەر شانی حکومەت و حیزبەکانی کوردستانە ، چونکە ئەوان کاری ئیداری و سیاسی ئەو وڵاتە دەکەن .

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## هەژان هێرش: پرۆژەیەکی پێشکەشکاریم هەیە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





